**ئارتور ڕامبۆ**

# وەرزێک لە دۆژ و

# **دروەشانەوە**



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١ تەلەفۆن: ٢٢٣٢٠٢١
شوێنی ئاراس لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:
www.araspublisher.com

**ئارتور ڕامبۆ**

# وەرزێک لە دۆژ و
# **درەوشانەوە**

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە:
**ئەحمەدی مەلا**



ناوی کتێب: وەرزێک لە دۆژ و درەوشانەوە
شیعر: ئارتور ڕامبۆ
پێشەکی: ڕونێ شار
گۆڕینی لە فەرەنسییەوە: ئەحمەدی مەلا
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٩٧
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەممەد زادە
پیت لێدان: نادیە عەزیز
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٤٣٢)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

# وەرزێک لە دۆژ



"درەوشانەوە" بەجیا ، لە ساڵی ١٩٩٥ ، لە پاریس
بڵاوکرایەوە. لێرە، بەکەمێ دەسکاریی و ڕاستکردنەوەی
هەڵەی چاپ، لەگەڵ "وەرزێک لەدۆژ" پێشکەش دەکرێت.
چاپی فەرەنسی

préface de René Char
© Editions Gallimard 1965, á l´ouvrage d´Arthur Rimbaud Poésies,
Une saison en enfer, llluminations
© Editions Gallimard 1984 - seconde édition revue.

# پێشەکیی وەرگێڕ

ئیمڕۆ، ئەگەر لە ڕوویەکەوە تەماشای جیهانی ڕۆژئاوا بکەین، ئەوە بەدیهێنانی خەونە وڕێنە ئامێزەکانی شاعیر دەبینین؛ هەر لە ئەرشیتەکتورە زلەکانی میترۆپولە گەورەکانی وڵاتە پیشەسازییەکانەوە بۆ کەشفە زانستییەکان و سەرکەوتنی مرۆڤی ڕەگز نزمیش؛ لەلایەکی دیشەوە، بەدیهێنانی خەونە بێ سنوورەکانیەتی، بۆ ئەوەی هەر هەموو شتێ لەسەر بناغەی هێز و دەسەڵات و دارایی دابمەزرێت و وەکو تاکە مودێلیش، بەبێ ئەوەی لە ئەنجامە شوومەکانی بکۆڵێتەوە، لەسەر ئاستی جیهان تەرح دەکرێت. ڕاستە، ئیمڕۆمان بەرەی سەدەی ڕابردووە، چونکە «هەر بەئاوابوونی بورژوازییەتی سەدەی نۆزدەم. کە خاوەن خەسڵەتی ئەخلاقبازی و دووڕوویی بوو، دەرگا بۆ مرۆڤی ماددی و سینیک، دینامیک و تاکپەرست، قێز لە هەموو بەهاکان دەکاتەوە، ئەگەر هاتوو ڕێگر بوو بەرامبەر بەگەشەکردنێکی ڕەهای تاکەکەس، دەخاتە سەر پشت». (کاتییە ئوسای، گۆڤاری لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕامبۆ، ژمارە ١٣، مارسی ١٩٩٦، لا ٥٧-٦٢).

زۆر زوو ڕامبۆ درکی بەکارەساتەکە کرد و لە خەلاسێکی ڕۆحی و ماددی دەگەڕا. دەیویست نوێخواز بێت، چونکە شاعیر بەبێ چارەسەر، بانگەوازی ڕەهایی دەکا بۆ نوێخوازی و داوای ئازادییەکی ئازادیش دەکات بۆ ژیان، لەمەوە ڕامبۆ بەقارەمانێکی نوێ دەخوێندرێتەوە. ئازادە تاکو سەر حەدی گێژبوون. زووش، بەڵکو گەلێ زوو هەست بەو تینوێتییە دەکات و بە"پەکخستنی هەستەکان" دەیەوێ ئەزموونی خۆی بنووسێتەوە. دژ بەهەموو ئەخلاقە باوەکانی سەردەم، بەتایبەت هی ئاینی کاسولیکی، کە لە پەروەردە هیشک و برینگەکەی دایکیدا قەوارەی وەردەگرێت، شۆڕشی بەرپا دەکات. زۆر زوو، شاعیری شازدە ساڵ، درک بەبێ کەڵکی شیعرە پێشووەکانی خۆی دەکا و دەیانسووتێنێ. کتێبخانەکەی مامۆستاکەی بەچڵێسییەوە دەخوێنێتەوە بەتایبەت ئەو کتێبە یاساغانەی کە دژ



بەدابونەریتی باو بوو، ڕەنگبێ ڕامبۆ، زیندانی زیرەکییە لە ڕادەبەدەرەکەی خۆی بووبێت و خەیاڵە زیندووەکەشی تەجرەبەی دۆزەخی پێ نیشان بدات.

زوو، هێشتا لەسەر ڕیحلەی قوتابخانە بوو، هۆنراوەی بەلاتینی دەنووسییەوە، لێرەوە دەبێتە جێی سەرسوڕمانی جۆرج ئیزەمبار، ئەو مامۆستایەی کە ڕامبۆ نامەیەکی بۆ دەنێرێت و دەربارەی شاعیری "غەیبین" دەدوێت. شیعر لای ئەو، واتە یاخیبوون، یاخیبوون لە گشت تەقالیدە باوەکانی سەردەم، چ هی خێزان، چ ئەوەی کە ئەخلاقی بورژوازی تەرحی دەکات و هەموو شتێکیش لە پێناوی خۆشگوزەرانی خۆیدا دەخاتە گەڕ. ئەدی چۆن، چێژی ڕامبۆ، بەرامبەر بەکۆموونە و موغامەرەتاکانی گەشە نەکات و سڵاو لە ڕووخانی ئیمپراتۆرییەت نەکات!

فەزای شارۆچکەی شارلڤیل و ئەتمۆسفێری خێزان تەسکن، دەیەوێ "لاژەوەرد بکاتە بواری خۆی". دوای ئەوەی جارێکیان بەبێ بلیت سواری شەمەنەفەر دەبێت، پۆلیس دەیگەڕێنێتەوە ماڵ، هەندە نابات، ڤێرلین، لە نامەیەکدا پێی دەڵێ: "وەرە بۆ پاریس، ڕۆحی خۆم، چاوەڕوانتین"، دوای دەعوەتی ڤێرلین دەکەوێت و دەچێتە پایتەختی کۆموونە. ڤێرلین بەرامبەر بەو هەرزەکارە میزاج سەیرە ڕادەمێنێ؛ ڕۆژی یەکەم، لە ماڵی ڤێرلین، بۆ چێشتی ئێوارە بانگ دەکرێت، تەنها وشەیەکیش نادرکێنێ، دوای لێبوونەوە، داوا دەکات ژووری خەوتنی بۆ دیاری بکەن و بەتووڕەیی، مێزی خواردن جێدەهێڵێ. ڕەنگبێ ژیانی ئەو خوردە بورژواییەی بەدڵ نەبووبێت، هێمن لەپاڵ هاوسەرەکەی، ڕۆژ بداتە دەم یەکەوە. ئەمە سەرەتای پەیوەندییەکی تراژیدییە لە نێوان ئەم دوو شاعیرە، بەجووتە دەچنە بەلجیکا و ئینگەڵتەرا، ژیانێکی بەرەڵا بەسەر دەبەن، ڤێرلین هاوسەرەکەی بۆ ئەو جێ دەهێڵێ. لەوێ، لە ئینگەلتەرا هەندێ لە درەوشانەوە (ئیشراقات) دەنووسێتەوە.

پێویستە ئەوەش بوترێت کە شێوەی بەرەڵایی لای ڕامبۆ تەنها شیکلێکی دەرەکییە، لە ڕاستیدا گەڕانێکی ناوەکییە کە هەر لە بەهاری ١٨٧٥ەوە

هەستی پێ دەکات، سەفەرێکە بەرامبەر بەکەشفی شتە شاراوەکانی دەروون و وجوودی داخیلی. بەشێواندنی هەست، دەیەوێ بگاتە جەوهەری شتەکان. بەم پێیە ڕامبۆ هەوڵی ئەوە دەدات کە لە ڕێگای سیحر و ئینفیعالات و وڕێنە و زمانێکی نوێی شیعرییەوە، ئامێز بۆ گەردوون بکاتەوە. پێش سەفەری بۆ پاریس هەست بەو جوداخوازییە دەکرێت، هەر لە "گەمی مەست"دا تەعبیر لەو سەفەرە خەونینەییەی دەکات. لە چوونی بۆ پاریس، ئەو شیعرە لەگەڵ خۆی دەبات، بازنەی "پەرناس" سەریان لەو مێردمنداڵە سوڕدەمینێ کە بەو هێزە گەورەیەوە، ئەم قەسیدەیەی نووسیوە. پەرناسیەکان، گەورەترین حەلقەی ئەدەبی ئەو سەردەمە بوون، تووشی حەپەسان دەبن، بەرامبەر بەو ڕامبۆیەی کە هێشتا لەشی لە گەشەکردن دایە.

پەیوەندی ڕامبۆ و ڤێرلین لەسەر بناغەی خۆشەویستییەکی بێ سنوور دادەمەزرێت، بۆیە بەکارەسات کۆتایی دێت. دوا بەدوای کارەساتەکە، "وەرزێک لە دۆژ" دەنووسێ، لەم شیعرە درێژەدا باس لە ئەزموونی شێتی و وڕێنەکردن و یاخیبوون کە بەماڵئاوا کۆتایی پێ دەهێنێ، دەکات. دەیەوێ "پەیوەندی خۆی لەگەڵ شێت بوون بنووسێتەوە". لە ساڵی ١٨٧٥ شاعیر مانایەکی قوڵ دەداتە ئەو ماڵئاوایەی کە لە وەرزەکەدا ئیشارەتی بۆ کردبوو. دەست بەسەفەر دەکات، ڕچەکانی نێوان شارلڤیل و باکوور شارەزایە، هەندێ جار بەپێ، هەندێ جار بەشەمەنەفەر، هەموو کاتێکیش، دوای ماندووبوونێکی زۆر دەگەڕێتەوە لای دایکی، بۆ ئەوەی بۆ سەفەری تر وزە پەیا بکات.

تەتەوع لە جەیشی هۆڵەندە دەکات، دەچێتە ژاڤا، جارێکی تر دەگەڕێتەوە ئەورووپا، هەندێک لە نەمسا دەمێنێتەوە، پاشان دەچێتە ئەلمانیا و لەوێوە بۆ قوبرس و دوا بەدوای ئەمە لە نێوان عەدەن حەرار بازرگانی چەک دەکات. بیست ڕۆژ بەسەر پشتی ئەسپێکەوە دەبێت تا دەگاتە ناو جەرگەی حەبەشە. خەون بەپارە و پوولەوە دەبینێ، دەیەوێ، دەوڵەمەند بێت و بەزێڕەوە بگەڕێتەوە فەرەنسا ،"خۆی تێکەڵی سیاسەت بکات".

دوای دە ساڵ ئیش کردن و پارە کۆکردنەوە زەنگین دەبێت، بەڵام ئەژنۆی تووشی دومەڵێک دەبێت و ناچار بۆ چارەسەر دەبێ بگەڕێتەوە فەرەنسا. لەمارسای، ناچار دەبن ڕانێکی ببڕنەوە. دوای چەند مانگێک، بەدەم ئازار و وڕێنەوە، لە ١٠تشرینی دووەمی ١٨٩١ ، دونیا بەجێ دەهێڵێ.

قەدەری ڕامبۆ و تمووحە شیعرییەکانی و بێدەنگییە خێراکەی، خەسڵەتێکی لە ڕادەبەدەریی دەدەنە شاعیر، تاکو دەبێتە میت. تاکو شیعر و حەقیقەت دەبنە پێوەری یەکتری. خەیاڵێکی هەندە زیندووی هەیە، کە عەقلی ڕووت ناتوانی دەست بەسەر تخووبەکانیدا بگرێت.

دەنگی شیعریی، دەنگی هەرزەکارێکی خاوەن لەهجەیەکی تفتوتاڵە، بەگوڕ، بەجۆشوخرۆش، وای لێ دەکات هەمیشە خەون بەموتلەقەوە ببینی. ڕامبۆ شۆڕشگێڕە، شۆڕشی ئەو، شۆڕشە لە شیعر و لە سیاسەت و لە ئەخلاق. بێ گومان تاسیری بۆدلێری بەسەرەوەیە، بەڵام، دینامیکییەتێکی تر دەداتە زمانی فەرەنسی، مەگەر، گوادولوپێکی سان جۆن پێرس ئاسا، لەم سەدەیەماندا، جارێکی دی، زمانێکی نوێی شیعری بخولقێنێ و شیعرییەتی زمان زیندووکاتەوە. ئەگەر جوانیی لەلای بۆدلێر، لە هەمان کاتدا پرسیارێک بێت و خاوەن دەسەڵاتێکی ئەفسووناوی بێ کە، لەپاڵیا شاعیر، نەک تەنها نەحەسێتەوە، بەڵکو نەشزانێ، ئایا لە قووڵایی خەڕەندەوە هەڵدەشاخێ، یا لە ئاسمانە بێ گەردەکانەوە دێتە خوارێ، ئەوە ڕامبۆ، ئەم کێشەیە بەیەکجارەکی چارەسەر دەکات: "ئێوارەیەکیان، جوانیم لەسەر ئەژنۆ دانا.- بینیم تاڵ بوو- دژوێنم پێیدا". ڕامبۆ، بەبێ سڵەمینەوە دەرگا لە تخووبە شیعرییە نوێیەکان دەکاتەوە و بەلەهجەیەک کە ئاسان نییە درکی پێ بکرێت، شیعر وەکو چالاکییەکی سەرتاپەگریی دەنووسێتەوە و پێش ئەوەی بیشینووسێ، دەیژێ. لەتەنیشت وشەیەکی ئاوساو بەرەوانبێژی کلاسیکی، وشەیەکی بازاڕیی دادەنێت، کە بەمە،

نەک تەنها بزووتنەوەیەکی زیندوو دەداتە شیعرەکان، کە وا دەکات شیعرەکان بەردەوام بخوێندرێنەوە، بەڵکو دەیەوێ دەست بەسەر نهێنییەکدا بگرێت کە ئەویش بەردەوام خۆی لەژێر دەسەڵاتمان ڕادەپسکێنێ. تەنانەت بەنیسبەت یەکێکی وەک "پۆل کلۆدێل"ەوە کە کاسولیکێکی تەواوە، ڕامبۆ دەکاتە سەرچاوەی وەحی و لەودا، هێزێکی ڕۆحانی گەورە دەبینێ. هەروەها بۆ یەکێکی سوریالی وەکو"ئەندرێ بروتۆن"، کە بەدەنگێکی پێشوەختی سوریالییەتی لە قەڵەم دەدات، سوریالیستەکان دەیکەنە پێشەوای خۆیان. بێگومان ئەم خوێندنەوەیە، دەلالەتی خۆی هەیە، چونکە، لای ڕامبۆ، بەکارهێنانی زمان، ئەنجامی فیکر نییە، بەڵکو جۆرە تێکهەڵکێشییەکە لە گەڵ تەزووە جیاوازەکانی دەروون و پەیوەندی دروست کردنێکە لە نێوان ڕۆح و جەستە. لە کۆتاییدا "کۆخوێندنەوەیەک" خۆی فەرز دەکات، ڕەنگبێ، ڕامبۆش ئەمەی ویستبێ!

شیعر بۆ ڕامبۆ هەروەکو بۆدلێر گەڕانێکە لە نوێ، چوونە بەرەو نەناسراو. دەکرێ ڕامبۆ بەسۆفی مەشرەب بخوێندرێتەوە، سەرەڕای دژایەتی لەگەڵ ئایندا، شیعرەکانی گەڕانێکن لە موتلەق و شیعر وەکو ئەزموونێکی ناوەکی لە ڕێگایەوە دەیەوێ ڕۆحی کەون لە ئامێز بگرێت. لەنێوان خۆی و دنیادا جۆرە نهێنییەک هەیە، بۆیە ئەم پەیوەندییە دەبێتە سەرچاوەی ئازارە میتافیزیکییەکانی. بەرەو خودا هەنگاو دەنێت بەڵام بەبێ ئەوەی بڕوای پێی هەبێت، پەیوەندی لەگەڵ خودادا لەسەر ڕقەبەرایەتییە زیاتر وەک لەسەر بنچینەی بەندەیی و خوداوەندێتی بێت. ڕامبۆ لە کۆتاییدا جۆرێکە لە پرۆمێتێ، ئەوەی کە ویستی ئاگر لە خوا بدزێ.

لە" گەمی مەست" دا شاعیر ڕەشمەی خەیاڵی بەدەستەوەیە، پەیوەندییەکی ئەدەبی لە گەڵ دونیادا هەیە، لە "وەرزێک لە دۆژ"دا، دیکۆر و دونیایی خەیاڵیی دەبنە یەک شت و شاعیر، ئیتر دەرەوە لە ژوورەوە جودا ناکاتەوە. بەهەموو تخووبە ترسناکییەکانییەوە لەناو خەیاڵدا دەژیت. تەقەموسی شەخسیات دەکات و ڕۆڵی کەس نابینێت. وەکو ئەکتەر



ناڕوانێتە ژیان، چونکە ئازادی خەونێک نییە لە دەرەوە بهێنرێتە دی، بەڵکو زۆرانبازییەکە، پێویستە لە ئێرە و لە ئێستادا ئەنجام بدرێت، شاعیر دەبێتە ئەوان، دەچێتە پێستی عەزراوە، دەوری پێست سپییە غازییەکان دەبینێت. من لەلای شاعیر یەکێکی تر.

لە ئیشراقاتدا وێنەی شیعری دەبێتە وڕێنە، ئیقاع و تاسیرە دەنگییەکانی بەدەرن لە شیکردنەوە، بەڵام ڕۆ دەچنە ناخی خوێنەر و سیحرێکی زمانەوانی تیا خەڵق دەکەن.

ئەگەر" درەوشانەوە" حاڵەتێکی سۆفییانە بێت، ئەوە" وەرزێک لە دۆژ" جۆرە ئەعرافێکە بۆ ئەوەی شاعیر خۆی خاوێن بکاتەوە، وەکو خەڵوەت لە لای سۆفییە موسڵمانەکان، دەبێ تەی بکرێت و مرۆڤ تیایا لە خۆی ورد بێتەوە و خۆی تاقی بکاتەوە. بەڵام ڕامبۆ، خۆی و تەنها خۆی دامەزرێنەر و ژیاوی ئەو تەجرەبە نەمرەیە کە لە ژیان و شیعردا بەرپای کرد. ڕامبۆ، سەفەرێکە بەرەو هەتاهەتاییەک کە لێمان جودا نابێتەوە. هەمیشە دەچرپێنێتە بنا گوێمان، دەیەوێ ئێمەش «پاژنەمان لە با بێت». سەفەر و ڕامبۆ لە کۆتاییدا یەک شتن، ویستی زۆر دوور بڕوات، هەموو تەگەرەیەکی دەستکرد و سروشتی تێکبشکێنێ و هەمیشە لە موجیزە بگەڕێت و بیدۆزێتەوە. ویستی قەدەر و مەرجی مرۆڤایەتی بگۆڕێت، ویستی زۆر دوور بڕوات، بۆیە لە کۆتاییە تراژیدییەکەی، پێیەکیان بڕییەوە.

ئەحمەدی مەلا
١٩٩٩

# پێشەکی

پێش ئەوەی لە ڕامبۆ نزیک بینەوە، ئارەزوومەندین کە لەو هەموو نووسراوانەی کە سەبارەت بەو نووسرابێت، خۆ دوورە پەرێز بگرین. نە یەکێکیان وەردەگرین و نە یەکێکیشیان ڕەت دەکەینەوە.

(ڕامبۆی غەیبین voyant و ڕامبۆی لۆتی voyou ). بەکورتی، ڕاست بن یا هەڵە، سوود بەئێمە ناگەیەنن، گونجاو بن یا نە، چونکە بوونەوەرێکی ڕامبۆ ئاسا. یا هەر یەکێکی وەکو ئەو. هەموو ئەو بۆچوونانە هەڵدەگرن. ڕامبۆی شاعیر. ئەمە بەسە و ئەمەش هەموو شتێکە. شتی کۆتایی پێ هێنراو و هەتا هەتا نەناسراو بەنیسبەت شیعرەوە، بەبڕوای ئێمە، ئەو توانا خۆبەدەستەوەنەدانەیە. ئەم خۆبەدەستەوەنەدانەش هەندە ڕەهایە، لە شاعیریش بەهێزترە، ئەو مرۆڤە ئاساییەی کە دەبێتە خاوەندی ئەم نەوعیەتە و دەبێتە خاوەندێکی نالێپرساو. لە مەحکەمە تەفتیشییەکانەوە بۆ سەردەمی نوێ، تەنها خراپەیەکی زەمینیی دەبینین کە لە کۆتاییدا، زیاتر چۆک بە یەکێکی وەک تێرێز دەڤیلادا Thèrèse d’Avila[1] داناهێنێ تا وەک یەکێکی وەک بۆریس پاستیرناک[2]. هەرگیزیش لە بارەی ئەوانەوە هیچمان پێ ناڵێن کە بێ تاقەتمان دەکەن و ئەوەشمان لێ قەدەغە دەکەن کە لە بلیمەتی ئەوانەوە نزیک بینەوە. خۆ کە ئەمە دەڵێین خەونیش بەگەمەی پاداشتەوە نابینین کە میهرەبانیان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، یا بۆ هەر بوونەوەرێکی دی، بەگوێرەی هەڵبەز و دابەزی مرۆڤ و کاتەوە.

لەم دواییەدا، ویستیان ئەوەمان پێ نیشان دەن کە نێرڤاڵ هەمیشە بێ

(1) Thèrèse d’ Avila (١٥١٥–١٥٨٢) کچی بازرگانێکی جولەکەی ئیسپانییە، خۆی وەردەگێرێتە سەر ئاینی مەسیحی. بەخاوەنی چەندین ڕیفۆرم دەژمێردرێت و دەنگ و سەدایەکی زۆر لە وڵاتی ئیسپانیادا پەیدا دەکات. یەکەمین ئافرەتی فەقێیە کە لە لایەن پۆل Vl لە ساڵی ١٩٦٥وە ئەو ئیعتبارەی بۆ گەڕاوەتەوە. (وەرگێڕ).

(2) Boris Pasternak (موسکو- ١٨٩٠- بیردیلکینۆ١٩٦٠) ڕۆماننووسێکی سۆڤیەتییە، لە ساڵی ١٩٥٨ لە یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەت دەرکرا. (وەرگێڕ).



گەرد نەبووە، کە ڤینی لە بارودۆخێکی ساویلکەیی پیریدا دەغەزار بووە. پێش ئەوانیش، ڤیلۆن ڕاسین (نوێترین ژیاننووسی biographe ڕاسین، بەجۆرێ هەڕەشە دەکاتە سەری کە تاقەتی ئەوەم نەبوو بەدوویدا بگەڕێم) ئەوانەی شیعریان خۆش دەوێ دەزانن کە ئەمە ڕاست نییە، سەرەڕای ڕواڵەت و بەڵگە هەڵڕێژراوەکان. خواناس و خوانەناسان، مودەعی و پارێزەران، بەشێوەیەکی پیشەیی ناگەنە شیعر. قەدەرێکی نامۆیە! من یەکێکی ترە. فرمانی عەدالەت لەو شوێنەی کە شیعر دادەگیرسێ، دەکوژێتەوە؛ لەو جێگەیەی کە چەند ئێوارانێک شاعیر گەرم دەکاتەوە. پێویستە مامۆستایەکی بوێر بێت بۆ ئەوەی لە تەمەنی چڵ ساڵە، بەجۆشەوە خاوەنی درەوشانەوەی بەدڵ بووبێت، دڵشادیی جاران و پەشیمانی ئێستای تێکەڵ دەکات. لەژێر دوو بەرگی ئەستووری ئەرشیفدا، ئەم بێگاریی کۆکردنەوەیە، دوو دڵۆپ باران چییە ناخاتە سەر سێڵاو، دوو پەلکە پرتەقاڵ چییە ناخاتە سەر تیشکی هەتاو کە خوێندنەوەی ئێمەی لە چنگ دان. ئێمەش ئازادانە مل کەچی دەسەڵاتی شیعرەکانین و بەهێزەوە خۆشمان دەوێن. ئەم دوو فاقییە و ڕاڕایی و شکۆمەندیی و کامەرانیمان پێ دەبەخشن.

کاتێ ڕامبۆ سەفەری کرد، پشتی لە چالاکییە ئەدەبییەکان و بوونی «براگەورەکانی» پەرناس کرد، ئەو بەهەڵم بوونە خێرایە کەم کەسی حەپەساند. پاش ماوەیەکی زۆر، ئەم سەفەرە بووە تەلیسمێکی ڕاستەقینە، کاتێ هەواڵی مەرگی پێ دەزانرێت و چارەنووسیشی بووە قوربانی ددانی مشارێک. دەوێرین بڕوا بکەین، نە دابڕان هەبوو، نە زۆرانبازییەکی توندوتیژیش، نە دوا ئەزمەش، بەڵکو ڕاوەستانی پەیوەندی بوو، ڕاوەستانی خۆراکی نێوان گڕی گشتی و دەمی ئاگرپژێن بوو، پاشانیش هەڵکڕاندنی شارە ئاڕاستە نەخشراوەکانی قەسیدە، هیچ نەوتن و گۆڕانکارییەکانی وشە verbe دوا وزەی غەیبین visionnaire، لە ئاکامیشدا دەرکەوتنی شتی دیکە لەسەر لێژاییەکانی واقیعی بابەتیانە، بێ گومان،

بێ هودە و ترسناکە کە لێرانە هەوڵی دیارکردنی بدرێت. هەر خێرا کتێبەکەی هاتە بەرهەم، ڕامبۆ دەقاودەق لە بیری چووەوە، ڕەنگبێ قەتیش ئازاری بۆی نەچێژتبێ، قێزیشی لێ نەکردبێتەوە، هەستیشی بەو جێیە برینە سەوزە نەکردبێت کە لەسەر مەچەکی ڕەش داگەڕاوی هەبووبێت. لەوپەڕی هەرزەکارییەوە بۆ ئەو پەڕی هەراش بوون، ئەو ماوەیەی نێوان، پێوانی بۆ نییە. ئایا هیچ بەڵگەیەک هەیە، کە پاشان، ڕامبۆ هەوڵی ئەوەی دابێت. ئەو شیعرانەی چنگ کەوێتەوە کە کەوتبوونە دەستی برادەرە کۆنەکانی؟ بەپێی زانیاری ئێمە هیچ شتێکی وا نییە. فەرامۆش کردنێکی کۆمپلێتە. لە بیری چووبوونەوە. ئەوەی ئێستە لە جیاتی مێوە، لە چڵە لاوازەکەی ئەو درەختەی کە جاران نەمام بووە دەردێن، تەنها دڕکە سەرکەوتووەکانە کە بەپێی داواکردنی بۆن و بەرامەی دڕکنی گوڵەکان دەچەقنە لەشەوە.

دەکرێت سەرنج و لێکۆڵینەوەی شیعرێک قووڵ بێت، دەگمەن بێت، یا تیژ یا جێی بڕوا، ناتوانرێت دوورەپەرێز ڕاوەستین لەوەی کە شیعرەکە بچووک بکرێتەوە بۆ ئاستی تاقە مانایەک، یا دیاردەیەک بچووک بکرێتەوە بۆ ئاستی تاقە پرۆژەیەک کە تەنها مافی بوون بەخۆی شک ببات. دەوڵەمەندی شیعرێک ئەگەر پێوست بکات بنرخێنرێت بەو ژمارە لێکدانانەوانەی کە هەڵدەگرێ، بۆ ئەوەی هەر خێرا پاشان ئەو لێکدانانەوانە بکوژێنرێتەوە، ئەوە ئەم لێکدانەوەیە قبول دەکرێت بەمەرجێ لە نێو ڕیشاڵەکانماندا بمێنێتەوە. کێ دەدرەوشێتەوە زیاتر قسە دەکات لەوەی کە بچرپێنێ، بەکپی بڵاودەبێتەوە، پاشان بەدووی شەودا ڕابکات، تەنها بەتاڵیی خۆشەویستی بەجێ بهێڵێ، پەیمانی ئیمتیاز. ئەم درەوشانە زۆر شەخسییە، ئەم هەژانە، ئەم ئیپنۆزە[3]، ئەم لێکدانە لەبن نەهاتووانەی کە لێکدانەوەیان گەلێ زۆرە، ئا ئەمانە جێی بڕوان چەشنی تاقە ڕووداوێک: ئێستای ئەبەدی، لە شێوەی پاچکە، هەتاو ئاسا، وەک

(3) خەونی موقناتیزی. (وەرگێڕ).



ڕوخساری مرۆڤ پێش ئەوەی زەوی و ئاسمان بۆ خۆیانی ڕاکێشێ و بەجۆرێکی نامۆ خاوی کاتەوە. شاعیرانە بەرەو ڕامبۆ چوون شێتییەکە چونکە بەشەخسی کردنی ئەو شتەی کە ئەو دەم بۆ ئەو: «لابنمیچی گومبەزی شیعری» بوو.lntrados poètique. (مەبەست لە جەوهەری شتە. ئەم عیبارەتە، شار لە زاراوەی میعمارییەوە خوازتوویەتی). ئەگەر شیعری ئەو، ئیسارەو ئیغرای ئەو کەسە بکات کە هەڵیدەسەنگێنێ، ئەوە لە هەمان کاتیشدا دەیڕووخێنێ، با هەر کەسێک بێت. چونکە یەکێتییەکەی لە ڕێگای ناکۆکی شتەکان و بوونەوەرەکانەوە هاتۆتە دی، لە ئاستێکی تووڕەهاتدا هەموو ئەو ڕەنگدانەوە کاڵانەی دژواری خۆیە قووت دەدات. هیچ بەرپەرچییەک نییە چونکە هەمووی دەگرێتە خۆ، "ویستم ئەو شتە بڵێم کە دەوترێت، دەقاودەق و بەهەموو تەرحێ". قسە، وترا یا نە، ڕاستە و هەتا هەتا بڵند دەبێتەوە.

پێویستە ڕامبۆ لە تاقە مەنزووری شیعردا ئیعتباری بۆ دابنرێت، ئایا ئەمە هەندە جێی شوورەییییە؟ بەرهەم و ژیانی بەجۆرێکی بێ هاوتا تێکهەڵکێش دۆزرانەوە، نە لەبەر ڕەسەنایەتیان بوو، نە بەهۆی ڕەسەنەتیانەوە بوو. هەر بزووتنەوەیەک لە بەرهەمەکەی، هەر چرکەیەک لە ژیانی بەشدارن لە پرۆژەیەک وا دەزانین کە بەرەو تەکامولPerfection دەچن و لە لایەن ئەپۆلۆن[4] وپلۆتۆنەوە[5] پیادە دەکرێن: کەشفی شیعرییەت Rèvèlation Poètique، کەشفێکی گەلێ پەنهانە، لە فۆرمی یاسادا لە ژێر چنگمان ڕادەپسکێ، بەڵام لە ژێر ناوی دیاردەیەکی نەجیبزادانە، ئاشنایانە تیامانە دەژێت. ئاگادار کراوینەتەوە: لە دەرەوەی شیعردا، لە نێوان پێمان و ئەو بەردەی کە دەشێلرێت، لە نێوان تەماشاکردن و ئەو کێلگەیەی دەبینرێت، جیهان هیچ و پووچە، ژانی ڕاستەقینە،

(4) Apollon: ناوی پیاوێکە بەخاوەن جوانییەکی لەوەسف بەدەر بەناوبانگە. ئەفسانەیە. (وەرگێڕ).

(5) Pluton: خوداوەندی ژێر زەمینە و مەرگە. هەروەها سیفەتی خێرخوازیشیان داوەتە پاڵی، بەسەرداری دەوڵەمەندی و پیت و بەرەکەتی خاکیش ناسراوە. (وەرگێڕ).

جەبەرووتێکە کە ڕەت ناکرێتەوە، تەنها لە قەبرغەی شیعردا بەرجەستە دەبێت. سەرەڕای ئەمەش مرۆڤ دەسەڵاتی (یا لە دەستی داوە، یا هێشتا نییەتی) ئەوەی نییە کە دەست بەسەر ئەم ژیانە ڕاستەقینەیەدا بگرێت، خۆی بێ بەرەکەت کات، تەنها ڕووناکییەکی کورت نەبێت کە هەر لە ڕەحەت بوون دەچێت. لە نێو ئەو شەوەزەنگەی کە دوای ڕووناکی دەکەوێت، بەهۆی ئەو زانیارییەی کە لەو ڕووناکییەوە دەسگیرمان دەبێت، کات، لە نێوان بەتاڵییەکی سامناک کە لێی دادەچۆڕێ و هیوا– حدسە– Pressentiment espoir تەنها حاڵەتێکی ئایندەی نزیک، کە لە شیعر و بینڕووناکی خۆی ئیعلان دەکات، کات دابەش دەبێت، تێدەپەڕێ، بەڵام لە بەرژەوەندی ئێمەدا، نیوەی باخچە و نیوەی دیشی بیابانە.

ڕامبۆ لەو شتەی کە دەیدۆزێتەوە دەترسێ، ئەو شانۆنامانەی کە دەخرێنە سەر تەختەی شانۆی ئەوەوە دەیحەپەسێنێ و واقی لێیان وڕدەمێنێ، دەترسێ لەو شتەی کە جێی بڕوا نییە واقیعی بێت، لە ئاکامدا، ئەو ترسەی کە لە ڕێگەی غەیبەوە vision تووشی دێت ئەویش ڕاست بێت و بە هەڵەشەیی بەشداری لە ناوچوونی بکات. شاعیر فێڵ دەکات، بەهێز هەوڵی ئەوە دەدات کە واقیعی توندوتیژ بگوێزێتەوە نێو هەرێمی خەیاڵ، بیگوێزێتەوە ڕۆژهەڵاتێکی ئەفسووناوی، ئینجیلییەوە، بۆ ئەو شوێنەی ئەو غەریزە سەرسامەی کە بۆ مەرگ هەیبوو، کزولاواز بکاتەوە. ئەفسووس! فێڵ بێ هودەیە، سامناکی بەڵگەنەویستەو ترس ڕاستەقینەیە. ئەو بەرەو ڕووبوونەوەی کە دوای دەکەوێت و داوای دەکات، ئا ئەوەتا دوو قۆچی لێوە دەردەپەڕێ، بەهەر دوو نووکە تیژەکانیەوە دەچەقنە «ڕۆح و جەستەیەوە».

***

ڕووداوێکی دەگمەنە لە شیعری فەرەنسیدا و غەربییشە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، سروشت لە لای ڕامبۆ شتێکی باڵا بێت. سروشتێکی بزێوە، بۆ جوانییە باوەکەی کەم دەنرخێندرێت، یا بۆ بەروبوومەکانی، بەڵام لە ڕەوتی شیعرەکەدا بەشدارە، وەکو ماددە دووپات



دەبێتەوە، باگراوندێکی ڕووناکە، هێزێکی خولقێنەرە، پاڵپشتێکی ڕەوتی ئیحا ئامێزە یا ڕەشبین، یا میهرەبانە. سەرلەنوێ دەکەوێتەوە گەڕ. ئا ئەمەیە کە دوا بەدوای بۆدلێرەوە دێت. سەرلەنوێ هەستی پێ دەکەین، غەرابەتە وردیلانەکەی هەڵدەمژین. هەر کە هەست بەحەسانەوەی دەکەین، کارەساتێکی دی دەیهەژێنێ. ڕامبۆ لە سەر سەرینێکی گیاییەوە کە ئەو سەرەی زۆر شتی لە بیر دەچێتەوە لەبەر ماندووبوونی جەستە دەبێتە ئاوی کانی، بەرەو ڕاوی دەست لێ وەشاوەکان دەڕوات کە لەسەر ترۆپکی ئەو قوتە شاخانەن کە لەهی و زریانیان لێوە دەردەپەڕێ. لە چاخەکانی ناوەندا سروشت جەربەزەیەک بوو دەستی بەسەردا نەدەگیرا. بێ کەلێن، گەورەییەکی بێ شایانی هەبوو. مرۆڤ دەگمەن بوو، دەگمەنیش بوو ئامێر، تموحیش بەلایەن کەمەوە دەگمەن بوو. چەک قێزی لە سروشت دەکردەوە، یا نەیدەناسی. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، پاش ڕێکەوتی جۆراوجۆر، سروشت لە لایەن پرۆژەی مرۆڤەوە کە تا دەهات لە زیاد بووندا بوو، ئابلۆقەدار، پێکرا، بەتاڵ کرا، پێچرایەوە، هەلاهەلا کرا، هەڵپاچرا، قامچی چێژ کرا، داوەشێنرا، سروشت و جەنگەڵە ئازیزەکانی گۆڕانە کوێلایەتییەکی بێ شەرمانە، خێرو بەرەکەتیان دای لە کەمی. ئەگەر بە دەنگی شاعیر نەبێت، چۆن جارێکی دی سروشت سەر هەڵدەداتەوە؟ شاعیر هەست دەکات کە ڕابردووی ون بوو دەبووژێنێتەوە و قەشمەری بە باو و باپیرانی دەکات و لە پێناوی خۆیدا ئەو نزیکایەتییە دەپارێزی. دۆن کیشۆتی ئەبەدی، بەڵام ڕوونبین فریای دەکەوێت و سەرقاڵیی خۆی لە ناو سەرقاڵیی ئەو دەناسێتەوە، قووڵاییە پێویستیشی لەگەڵ خۆشەویست و زۆرانبازی دەداتێ. هیچ و پووچی بووژانەوەش دەناسێ، بەڵکو لە هەموان چاکتریش، دەشزانێ کە دایکی نهێنییەکان، ئەوەی کە نایەڵێ لمی کوشندە لە ناو هەرێمی دڵماندا بڵاوبێتەوە، ئەو شازادە ئەشکەنجەدراوە، پێویستە بەبێ وچان لایەنی بگرین.

لەگەڵ ڕامبۆدا ئیتر شیعر وەک تەرحێکی ئەدەبی littèraire genre، وەک

پێشبرکێیەک تەماشا ناکرێت. پێش ئەویش، هێراکیلت[6] و هونەرمەندێکی وەک ژۆرژ دولاتوور[7]، خانوویەکیان دروست کرد و ئەوەیان پیشان دا کە مرۆڤ پێویستە لە چ خانوویەک بژێت: لە هەمان کاتدا جێگایەک بێت بۆ هەناسەدان، لە هەمان کاتیشدا جێگایەک بێت بۆ ڕامان. بۆدلێر یەکێکە لە بلیمەتە هەرە ئینسانییەکانی شارستانییەتی مەسیحی. سروودی بۆدلێر، قەوارەدانێکە بەو شارستانە و شکۆمەندیی و پەشیمانیی و لەعنەت و سەر لێکردنەوە و قێز لێهاتنەوە و پەسلانی (سفر الرويا) ئەو شارستانییەتە دەقۆزێتەوە ویێژدانی. «هۆڵدیرلن دەنووسێ: شاعیران لە کۆتایی، یا لە سەرەتایی چاخێکدا دەردەکەون. بەگۆڕانییەوە میللەتان، ئاسمان منداڵیان جێ دەهێڵن و بەرەو ژیانی چالاک دەڕۆن، بەرەو شازادەی شارستانییەت. بە گۆڕانی وتنیشەوە بەرەو ژیانی سەرەتایی دەگەڕێنەوە. هونەر خاڵی وەرچەرخانە لە نێوان سروشت و شارستانییەت و لە نێوان شارستانییەت و سروشتدا.»[8] ڕامبۆ یەکەمین شاعیری شارستانییەتێکە کە هێشتا سەری هەڵنەداوە، ئاسۆ و شوورەی ئەو شارستانییەتە تەنها پووش و پەلاشێکی هاجە. بۆ ئەوەی ڕستەکەی مۆریس بلانشۆ بەجۆرێکی تر بڵێینەوە. ئەمە ئەزموونێکی تێکراییە، لە داهاتوودا دامەزراوەوە لە ئێستادا گەردنی ئازاد دەکەین و تەنها دەسەڵاتی خۆی شک دەبات. بەنیسبەت منەوە ئەگەر دەمزانی ڕامبۆ کێیە، ئەوە ئەو کات دەمزانی شیعر چییە و ئیتر نەمدەنووسی...

(6) Hèraclite، فەیلەسوفێکی یۆنانییە (٥٨٠-٥٥٠ پ. ز.) یەکێکە لە خێزانی پاشا، لە گەڵ پاشای فارسدا نامەیان گۆڕیوەتەوە. دژ بەقوتابخانەی میلێ Milet ڕاوەستاوەوە، ئەو قوتابخانەیەی کە فەلسەفەکانیان لە سەر بنچینەی ئەزموون و تێبینی داڕشتووە. (وەرگێڕ).

(7) George de la Tour: (١٥٩٣-١٦٥٢). هونەرمەندێکی فەرەنسییە، لە سەردەمی خۆیدا بەناوبانگ بووە، بەڵام پاشان فەراموش کراوە وە لەسەدەی بیستەمدا جارێکی تر کەوتۆتەوە ژێرتیشک. (وەرگێڕ).

(8) ڕونێ شار Renè Char ئەمەی لە تەرجەمەی Denise Naville وە وەرگرتووە. (وەرگێڕ).



ئەو کەرەسە شیعرییەی کە ڕامبۆ ئافراندی ڕەنگبێ تاقە وەڵامی ڕۆژئاوای قەڵەبالغ بێت، دڵ بەخۆخۆش، بەربەری و بێ هێز، هەر لە غەریزەی پاراستن و ئارەزووی جوانییەوە بگرە تا داب و نەریت و مومارەسە پیرۆزەکانی ڕۆژهەڵات و ئایینە کۆنینەکان و هەروەها لەگەڵ سیحری میللەتە سەرەتاییەکانەوە، هەر هەموویانی ون کردووە. ئایا ئەم کەرەسەیەی کە لەژێر دەستمان دایە، دوا هەل نەبێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ون بوومانی پێ بدۆزرێتەوە، ئایا بەیەکسان کردنی میسری و کریتی و دۆگۆمۆن[9] وماگدالێنانەکان[10] نییە؟ ئەم هیوای گەڕانەوەیە هەرە دزێوترین شەوازی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایە و هەرە شێترین لادانیشە. کاتێ دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە و خۆ نوێ بکەنەوە، هەر تەنها سامناک کردنی ئیفلیجییەکە و پەلەکردنە بۆ کەوتنە خوارەوەیە و سزادانێکی بێ هودەی ڕەگەزی خۆیە، ڕامبۆ هەستی بەمە کرد و ئەم هەوڵەی ڕەت کردەوە: «پێویستە بەشێوەیەکی ڕەها نوێخواز بین: هەنگاوی سەرکەوتوو بپارێزین.». شیعری هاوچەرخ ولاتێکی پشتەوەی هەیە کە تەنها پەرژینەکەی تاریکە. هیچ ئالایەک بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەر ئەم شەختە زلە نالەرێتەوە کە بەئارەزووی خۆی، خۆی دەداتە دەستمانەوە و دەکشێتەوە. بەڵام دەستنیشانی ڕووناکی و گەنجینە دەست لێ نەدراوەکانمان بۆ دەکات. هەندێ هەن وا بیر دەکەنەوە: «ئەمە گەلێ کەمە! چۆنیش ئەو شتانە جودا بکرێنەوە کە لە ژێریدا ڕوو دەدەن؟». ئەم سەرسەختانە، دەبێ خەونیان بەوەوە بینیبێ، کە پێش بیست هەزار ساڵ، بەردی «سەوان» بتاشن؟

بەڕاکردنی ڕامبۆ تەمەنی زێڕینی خۆی بۆ هەتا هەتایی لە ڕابردوو و داهاتوودا دادەنێ. ئۆقرە ناگرێت. لە ناو جیهانی سۆز ”Nostalgie. حنین"

(9) Dogon: کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵسازییە لە وڵاتی «مالی»دا دەژین نزیکەی سێ سەد هەزار کەس دەبن. (وەرگێڕ).

(10) Magdalènier: ناوی ئەشکەوتێکە دەکەوێتە ناوچەی «یێن»وە، لە باشووری فەرەنسا، لە هەرێمی «میدی پیرێنێ». نەخش و ڕەخشی دەرپۆقیویان لە سەر دیوارەکانی دۆزیوەتەوە. (وەرگێڕ).

یا لەناو جیهانی ئارەزوودا زەمەنێک دەبووژێنێتەوە تەنها دەستبەجێ بۆ کوژاندنەوەیە و گەڕانەوەیە بۆ ئێستا، ئەم نیشانەیەی کە برسیی بەردەبارانە، ئەم بەندەرە سروشتییەی هەموو کۆچێکە. بەڵام لە خوارەوە بۆ ئەو پەڕ، گرژ بوونەوەیەکی سەیر و سەمەرەیە. ڕامبۆ ئەم پەیوەندییەمان دەداتێ. لە شێوەی بزووتنەوەیەکی دیالیکتیکانەی گەلێ خێرا، بەڵکو گێژەنێکی پڕ بەپێستە هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و زەمەنی بێ گەرد دەخاتە نێو گۆڕانکارییەوە و لەگەڵ خۆی دەمانبات و بەتەباییییەوە تووشمان دەکات.

لای ڕامبۆ، وێژە «Diction کلام– نطق» بەماڵئاوایییەک پێش دژایەتی وێژە دەکەوێت. دۆزینەوە و مێژووە گڕ گرتووەکەی، خێراین. جۆشوخرۆش وتنەکەی و بەرینییەکەی تێکەڵی پانتایەک دەبن و دایدەپۆشن کە پێش ئەو هەرگیز وشە Verbe نەیگەیشتۆتێ و داگیری نەکردووە. لە شیعردا، تەنها لە جێگایەک نیشتەجێ دەبین کە جێی دەهێڵین، تەنها بەرهەمێک دەهێنینە کایەوە کە لێی جودا دەبینەوە، دەست بەسەر بەردەوامیدا دەگرین کاتێ کە زەمەن دەڕووخێنین. بەڵام ئەوەی لە جودابوونەوە و دەستبەرداری و نەفی کردن Nègation وە دەستگیرمان دەبێت، تەنها بۆ ئەوەی دی دەسگیری دەکەین. دەرگای زیندان هەر خێرا بەسەر هەڵاتوودا دادەخرێتەوە، ئەوەی سەربەستی دەبەخشێ، تەنها لەناو ئەوی تردا ئازادە. شاعیر تەنها بەئازادی ئەوانی دی دڵشادە.

لە ناواخنی هەر شیعرێکی ڕامبۆدا، هەر بڕگەیەکدا، هەر دێڕێکدا، هەر ڕستەیەکدا ژیانێکی شیعری سەربەخۆ هەیە. لە هیچ شیعرێکی دی وەک لە شیعری «بلیمەت»دا خۆی وا وەسف ناکات. لە هەقیقەتدا، کە ڕوخسەتمان دەداتێ، ئینجا دەگاتە ئەنجام. وەکو نیتشێ، لۆتریامۆن، دوای ئەوەی داواکارییەکمان لێ دەکات، ناردنەوەیمان بەسەردا دەسەپێنن. دوا داواکەریی و جەوهەریشە. ئەوێک کە بەهیچ شتێک ڕازی نەدەبوو، ئێمە چۆن بتوانین لێی ڕازی بین؟ ڕەوتەکەی تەنها سیغەیەک پێ دەناسێ:



مەرگ کە مەسەلەیەکی گەورەیە لەم ڕووەوە. مەرگ پێشوازی لێ دەکات پاش ئازارێکی جەستەیی بەدەر لە وەسف وەکو درەوشانەوەکانی سەردەمی هەرزەکاری. بەڵام ئایا دایکە قرچۆکەکەی، ڕامبۆی نەخستبێتە ناو بێشکەیەکی فیزدارەوە و لەلایەن ئێشکگرانی لە توولەمار چوو دەور نەدرابێت کە چڵێسی گەرمایی بن؟ زۆر بەتوندی خۆیانیان پێوەگرت و لەگەڵی بوون تا کۆتایی، تەنها لەسەر خاکی گۆڕدا دەستبەرداری بوون.

ڕونێ شار

**١٩٥٦**

***[11]

«جاران، ئەگەر باش بێتەوە یادم، ژیانم جەژن بوو، دڵان دەکرانەوە، شەرابیش خوڕەی دەهات.

ئێوارەیەکیان، جوانیم لە سەر ئەژنۆ دانا.– بینیم تاڵ بوو.– دژوێنم پێی دا.

بەرامبەر بەعەدالەت، خۆم پڕچەک کرد.

هەڵاتم. ئەی جادووکەران، ئەی کەساسیی، ئەی کینە، گەنجینەکەمیان تەسلیمی ئێوە کرد!

توانیم هەموو هیوای ئینسانیەت لە زەینمدا بکوژێنمەوە. بۆ هەموو بەختیارییەکیش، لە پێناوی ئەوەی بیخنکێنم، چەشنی ئاژەڵە دڕندەکان بازی کەڕانەم دا.

بەلەناوچوونیشم، بانگهێشی جەلادانم کرد، لە پێناوی ئەوەی گاز لە قۆنداغەی تفەنگەکانیان بگرم. بانگهێشی ئافاتم کرد، لە پێناوی ئەوەی لەگەڵ خوێن و لمدا بخنکێم. بەدبەختیی خوداوەندی من بوو. خۆم گەوزاندە ناو قوڕوچڵپاو، خۆم لەبەر بای تاواندا هیشک کردەوە. دەمێکیش یاری شێتانەم کرد.

(11) نازانرێت ئایا ڕامبۆ ئەم بەشەی پێش سەفەری بۆ بروکسل نووسیووە یا پاشی ئەو سەفەرە!

بەهاریش قۆرترین پێکەنینی گەلحۆیانەی بۆ هێنام.
بەڵام، درەنگ، لەسەر دوا هەناسە دۆزەخییانەوە! بیرم لەوە کردەوە کە کلیلی ئاهەنگە کۆنەکەم بدۆزمەوە، بەڵکو شەییەم بکرێتەوە.
ئەم کلیلە بەزەییە- ئەم سروشە ئەوە دەسەڵمێنی کە خەونم دەبینی!
«تۆ، هەر بە کەمتیار دەمێنیتەوە، هتد...» ، شەیتان[12] هاوار دەکات کە بەخەشخاشی گەلێ میهرەبان تاجینەی بۆ کردم. «مەرگ دەسگیر کە تا ئارەزووت تێدا هەیە، بەهەموو هێزی خۆویستنت، بەهەموو گوناهە گەورەکانت.»
ئای کە زۆرم تووش بوو:- بەڵام، شەیتانی ئازیز، لێت دەپاڕێمەوە. بیلبیلەکانت کەمێ هێور کەرەوە.! لە چاوەڕوانی هەندێ ترسنۆکی دواکەوتوو، ئێوە لە نووسەردا، حەزتان لە ونبوونی توانای وەسف و ڕێپیشان دانە، ئەم چەند لاپەڕە قێزلێهاتووە لە دەفتەری منی لەعنەت لێکراو لێدەکەمەوە.

### خوێنی پیس

من لە باوباپیرە گۆلواکانمەوە چاوی شینباوی سپیم بۆ ماوەتەوە، مێشکێکی تەنگ و چەواشە لە زۆرانبازیی. جلوبەرگیشم وەک هی وان بەربەریە. بەڵام ئەمن، قژم چەور ناکەم.
گۆلواکان داماڵەری پێستی ئاژەڵ، سووتێنەری گیا هەرە بەدەکانی زەمانی خۆیانن.
لەوانەوە: بتپەرستی و خۆشەویستی گوناهم و بۆ ماوەتەوە؛- ئای! بۆ هەموو گوناهەکان، تووڕەیی و کەشخەیی لێدان،- شتێکی مەزنە کەشخەیی؛- بەتایبەت درۆ و تەوەزەلی.
قینم لە هەموو کاسبیەکە. چ وەستایی چ شاگردی، هەموو جوتیارن، نەدیتکۆکەن. دەستی بەقەڵەم دەستی بەگاسن دێنێ.- چ سەدەیەکە بۆ دەستان!- قەد خاوەنی دەستی خۆ نابم. پاشان دەرۆزەکەریی دوورم

(12) شەیتان مەبەست ڤێرلێنە، بەڵام ئەم خوێندنەوە هیچ زیادیەکە ناخاتە سەر شیعرەکە.



ڕادەکێشێ. پاکیزەیی دەرۆزەکردن ئازارم دەدا. تاوانباران چەشنی خەسێنراوان جێی قێزلێهاتنەوەن: من دەست لێنەدراوم، ئەمەش هەمان شتە بۆ من.
بەڵام! کێ ئەم زمانەمی کردە درۆودەڵەسە بۆ ئەوەی تەمەڵیم تا ئەم ساتەوەختە بۆ بپارێزێ و چاودێری کات؟ بۆ ئەوەی ژیانمی پێ دابین کەم، نەتوانم جەستەم بەکار بهێنم، لە بۆقیش دەست بەتاڵترم، لە زۆر شوێن ژیام. خێزانێک نییە لە ئەورووپا نەیناسم- مەبەستم لەو خێزانانەیە کە وەکو ئەوەی خۆمن، لە جاڕیی مافی مرۆڤ هەموو شتێکیان بۆ بەجێ ما.
کوڕی هەموو خێزانێکم ناسی!
ئای ئەگەر لە سووچێکی مێژووی فەرەنسادا پشتم ببوایە!
بەڵام نەخێر.
دڵنیام کە هەمیشە سەر بەڕەگەزێکی نزمم. ناتوانم لە یاخی بوون تێبگەم. ڕەگەزی من تەنها بۆ جەردەیی ڕادەپەڕن: هەر چەشنی ئەو گورگانەن کە هێشتا نێچیری خۆیانیان نەکوشتووە.
مێژووی فەرەنسام دێتەوە یاد، کچە گەورەی کلێسا. لە توانامدا بوو، دەشتەکییانە، حەجی خاکی پیرۆز بکەم؛ لە مێشکم دان، ڕێگاوبانی دەشتاییەکانی سواب و دیمەنەکانی بیزەنتە و سەنگەرەکانی ئورشەلیم و لە نێو هەزارەها دیمەنی ئەفسووناوی سروشتی، کەشی مەریەم و بەزەیی هاتنەوە بەخاچکراو، تیاما زیندوو دەبنەوە.- ئەوا دانیشتووم، گەروو، لە سەر ئەم جەڕە شکاوانە و لە سەر ئەم گەزەنگانە[13] لەپاڵ ئەم دیوارەی کە هەتاو کرۆژتوێتی.- درەنگتر، دەکرا، وەکو سوارچاکێکی خۆفرۆش، لە ژێر شەوانی ئاڵمانیادا، خێوەتەکەم هەڵدەم.
ئای! ئیستاش: لەگەڵ زارۆڵان و پیرەژناندا شەمووان، لە دەرچە سوورەکەی دەوەندا هەڵدەپەڕم.

(13) گەزەنگ جورە ڕوەکێکی خۆرسکە، گەڵاکانی سەوزێکی تێرن، گەر بەر دەست و پێ بکەون، تووشی خورانێکی کتوپڕی دەکەن.

دوورتر ئا لەم خاكە و دوور تر لە مەسیحییەت، شتەک نایەتەوە یادم.
هێشتا لە کۆڵی ئەوە نەبوومەتەوە کە خۆم لە ڕابردوودا نەبینم. بەڵام، هەمیشە تەنها؛ بێ کەسوکار؛ تەنانەت بە چ زمانێک قسان دەکەم؟ هەرگیز خۆم لەناو ئامۆژگارییەکانی مەسیحدا نابینم؛ نە لەناو ئەنجومەنی پیاوماقوڵان،- نمایندانی مەسیح.
ئەرێ دەبێ چ بووبێتم لە سەدەی ڕابردوو: تەنها خۆم لە ئیمڕۆدا دەبینمەوە. نە گەڕیدەما و نە جەنگە خۆڕاییەکان. ڕەگەزی نزم دونیای داگیر کرد- میللەتیش، وەک دەوترێ، عەقڵ و نیشتیمان و زانستە. ئای زانست! هەموو شتێ داگیر کرا. بۆ جەستە و ڕۆح - تویێشوو،- پزیشکسازی و فەلسەفەمان هەیە، - داوودەرمانی پیرەژنان و گۆرانییە میللیە ڕێکخراوەکان. گاڵتەوگەپی میرەکان و ئەو یارییانەی کە قەدەغەیان دەکرد! جوگرافیا و کۆسمۆگرافیا و میکانیک و کیمیا!...
زانست، نەجیبزادەییەکی نوێیە! پێشکەوتن. جیهان پێشدەکەوێت.
بۆچی وەرناچەرخێ؟
ئەمە ڕوئیای ژمارەیە. ئیمە بەرەو ڕۆح دەڕۆین. بەبێ سێ و دوو، ئەوەی من دەیڵێم سروشە. تێدەگەم، ناتوانم بەبێ وشەی بتپەرستانە خۆم ساغ کەمەوە، دەمەوێ بێ دەنگ بم.
خوێنی بتپەرست دەگەڕێتەوە! ڕۆح نزدیکە، بۆچی مەسیح یارمەتیم نادات لەوەی کە ئازادی و دڵبلندی بداتە ڕۆحم. مەخابن! ئینجیل کۆتای هات! ئینجیل ! ئینجیل!
چلێسانە چاوەڕوانی خودام. من هەتا هەتا سەر بەرەگەزێکی نزمم.
ئا ئەوەا لە کەناری ئارمۆریکام. با شاران لە ئێواراندا دابگیرسێن.
ڕۆژی من تەواو؛ ئەوروپا جێدەهێڵم. بای دەریا سینەم بسووتێنێ؛ ئاووهەوا نامۆکانیش پێستەکەم هەڵبقرچێنن. مەلە دەکەم، گیا دەکوڕۆژم، ڕاو دەکەم، بەتایبەت جگەرە دەکێشم؛ خواردنەوە بەهێزەکان دەخۆمەوە وەک مێتاڵی تواوەن، - وەکو چۆن باوباپیرە ئازیزەکانم لە دەوری ئاگردا



دەیانخواردەوە.
بەبازووی ئاسنینە دەگەڕێمەوە، پێست تاریک، چاو تووڕە: هەر بەدەمامکەکەمەوە، سەر بەرەگەزێکی بەهێز دەمچوێنن. زێڕم دەسگیر دەبێت: دەستبەتاڵ و بەد دەبم. ژنان بەتەنگ ئەو پەککەوتە دڕندانە دێن کە لە وڵاتە گەرمەکانەوە دەگەڕێنەوە. خۆ تێکەڵی کاروباری سیاسی دەکەم. قوتارم دەبێت.
ئێستە لەعنەت لێکراوم، قێزم لە نیشتیمانە. چاترین شت خەوێکی سەرمەستانەی سەر کەنارە.
ناڕۆین.- لێرەوە ڕێگا بگرین، گوناهبار، ئەو گوناهەی کە ڕەگی ئازارەکانی ڕۆچوونەتە تەنیشتم، هەر لە تەمەنی باڵغ بوونمەوە- بەرەو ئاسمان بەرز دەبنەوە، ئازارم دەدات و گینگلم پێ دەدا و دەمگەوزێنێ.
دوا بێتاوانیی و دوا شەرمیی. ئەمە وترا. پێویست ناکات دونیا قێزهاتنەوە و خیانەتم هەڵگرێت. با بڕۆین! ڕەوت و قورسایی، بیابان و جارسیی و تووڕەیی.
خۆم بەکێ بدەمە کرێ؟ چ ئاژەڵێ بپەرستم؟ شاڵاو بەرمە بەر چ وێنەیەکی پیرۆز؟ چ دڵێ بشکێنم؟ چ درۆیێ بکەم؟ لە چ خوێنێک خۆ بگەوزێنم؟
باشترین شت خۆ پاراستنە لە عەدالەت. ژیان سەختە و گەلحۆییەکی سادیە، - دەردەپەڕم و قەپاغی تابووت لە مستی هیشکم و دادەنیشم و دەخنکێم. ئەوکات نە پیر بوون هەیە نە ترسناکیی: ئەشکەنجە فەرەنسی نییە.
- ئای! ئەمن، هەندە بەلاوە خراوم، خۆم پێشکەشی هەر چ وێنەیەکی یەزدانی هەیە دەکەم بۆ ئەوەی بەرەو کەماڵم بیات.
ئای بۆ قوربانیم، ئای بۆ بەزەییە سەرسوڕێنەرەکەم! تەنانەت لێرە لەم دونیایە! لە قوڵاییی ناخمەوە، ئەی خودایە چەنێ گەوجم!
هێشتا منداڵ بووم، ئیعجابم بۆ زیندانییە کەللە ڕەقەی کە هەمیشە دەرگای زیندانی لەسەردا دادەخرا هەبوو؛ سەرم لە خان و لە مێوانخانەکان

دەدا کە ڕەنگبێ بەزیارەتی ئەو موفەرک بووبن؛ لە بۆچوونی ئەودا ئاسمان شین و ئیشی کێڵگە بەرەکەت دەبوو؛ لە شاراندا بۆنی قەدەری ئەوم دەکرد. بەهێزتر بوو لە قەدیسێک، شارەزاتر لە ڕێبوار- هەر خۆی شایەدی حیکمەت و شکۆمەندییە.

لە ڕێگاکاندا، لە شەوانی زستاندا، نە شوێنێ هەبوو بۆ داڵدە، نە جلوبەرگێ، نە نانێ، دەنگێکیش دڵی کرێوەی دەتاساندم: «هێز یا لاوازی: بگرە، هێز. نازانی بۆکوێ دەچیت و بۆچی دەچیت، سەردەکەیتە هەموو شوێنێکدا وەڵامی هەموو شتێکیش دەدەیتەوە. لە تەرمی زیاتر ترسی کوژرانتیش نییە.» بەیانییان تەماشام هەندە وێڵ و بوونم هەندە مردوو، ڕەنگبێ ئەوانەی کە چاوم پێیان کەوتبێ، نەیانبینیبێتم.

لە شاراندا، لە پڕێکدا، قوڕم سوور و ڕەش بینی، نەینۆکێ کاتێ چرایەک لە ژوورێکی تەنیشتەوە بگواسترێتەوە، یا چەشنی گەنجینەیەکی جەنگەڵ! چ بەخت یارییەک، هاوارم دەکرد، زەریایەک کڵپە و دوودم لە ئاسمان دەبینی؛ بەڕاست و چەپ، دەوڵەمەندیی وەکو ملیارەها بلاچە تریشقەی دەهات.

بەڵام ڕابواردن و هاوڕێتی ژنانم لێ قەدەغە کرابوو. تەنانەت هاوڕێیەکیشم نەبوو. خۆم بەرامبەر بەحەشاماتێکی بەهەڵپە بینییەوە، بەرامبەر بەتیپێکی جەللاد، بەلێبوردنەوە لە حەژماتا دەگریان چونکە نەیاندەتوانی تێبگەن!- چەشنی ژان دارک!- «کەشیش و مامۆستایان، پارێزەران، بەهەڵەدا دەچن ئەگەر تەسلیمی عەدالەتم کەن. من هەرگیز سەر بەم میللەتە نەبوومە؛ هەرگیز فەلەش نەبوومە؛ من لە ڕەگەزێکم کە گۆرانی لەناو ئازاردا دەچڕێ؛ لە یاسا ناگەم؛ ئەخلاقم نییە، من کێویم: ئێوە بەهەڵەدا چوونە...»

بەڵێ، چاوم ڕووناکی ئێوە نابینێ. من ئاژەڵم، من قولەڕەشم. بەڵام دەتوانم قوتارم بێت. ئێوە قولەڕەشی درۆزنە و وەسواس و دڕندە و پیسکەن. بازرگان، تۆ قولەڕەشی؛ قازی، تۆ قولەڕەشی؛ ژەنەراڵ، تۆ



قولەڕەشی؛ ئیمپراتۆر، ئەی گەری هەتاهەتا، تۆ قولەڕەشی: تۆ ئەو مەیەی کە خواردتەوە، هی دەستی شەیتان بوو، باجی لێنەسێنرابوو، ئەم میللەتە تووشی تا و شیرپەنجە بووە. پەککەوتە و پیرەمێردان هەندە بەڕێزن داوای ئەوە دەکەن بکوڵێنرێن. زیرەکترین ڕا ئەوەیە ئەم کیشوەرە جێبهێڵم، چونکە شێتیی دەخولێتەوە و ئەم کەساسانە دەکاتە بارمتە. دەچمە شانەشینی ڕاستەقینەی ڕەچەڵەکی حام. ئەرێ من سروشت دەناسم؟ ئەرێ من خۆم دەناسم؟ بەسە دەنگە دەنگ. مردوان نغرۆ دەکەمە ناو سکم. هاوار، دەهۆڵ، هەڵپەڕین، هەڵپەڕین، هەڵپەڕین، هەڵپەڕین! ئەو ساتەش نابینم کە پیست سپییان لە پاپۆڕان دێنە خوارێ، من دەکەومە عەدەمەوە.
برسێتی، تینوێتی، هاوار، هەڵپەڕین، هەڵپەڕین، هەڵپەڕین، هەڵپەڕین! پێست سپییان گەیشتن. تۆپ! پێویستە خۆت بۆ "لە ئاو هەڵکێشان"[14] ئامادە بکەیت، جلوبەرگ بکەیتە بەر، ئیش بکەیت. ڕەحمەت چووە دڵمەوە. خۆ! چاوەڕوانیشی نەبووم!

خراپەم نەبووە. ڕۆژانم سووک و پێویستیشم بەتۆبە نەبوو. ئازاری ڕۆحیشم نەبوو، مردارەوە بەرامبەر چاکە کە ڕووناکییەکی سەختی لێ بەرزدەبێتەوە هەر چەشنی مۆمی جەنازە. چارەنووسی کوڕی خێزان، تابووتێکی پێش وەخت بەڕۆندکی بێ گەرد داپۆشراو. بێ گومان جندەبازی شتێکی قۆڕە، گوناهیش شتێکی قۆڕە؛ پێویستە گەندەڵیی بخرێتە لاوە. ئیتر لەمە بەولاوە سەعات تەنها ئازارێکی ڕووت لێدەدات! ئەرێ وەکو زارۆڵەیەک هەڵدەگیرێم بۆ ئەوەی لە بەهەشتدا، دوور لە هەموو بەدبەختییەک یاری بکەم !

خێرا! ئەرێ ژیانی تر هەیە؟ خەوتن لە ناو زەنگینی مەحاڵە. زەنگینی هەمیشە هی میللەت بووە. تەنها خوشەویستی خودا کلیلی زانیاری دەبەخشێ. لە سروشتدا تەنها پێشەنگایەکی چاکیی دەبینم. ماڵئاوا وەهم

(14) لە ئاینیی مەسیحیدا، دوای لە دایک بوون، منداڵ لە ئاو هەڵدەکێشن بۆ ئەوەی لە گوناهی یەکەمی پاکژ بکەنەوە.

و ئایدیال و هەڵە.

گۆرانی ئاقڵانەی فریشتان لە پاپۆڕی قووتارکەر بەرزدەبێتەوە:
خۆشەویستی خودایە.– دوو خۆشەویستی! دەتوانم بۆ خۆشەویستی مەجازی بمرم، ببمە قوربانی. خەڵکانێکم جێ هێشتووە بەرۆیشتنی من ئازاریان زیاد دەکات! ئەرێ ئێوە لە نێو خنکاوەکاندا هەڵمەدەبژێرن؛ ئەوانەی کە دەمێننەوە، ئەرێ هاوڕێی من نین؟

قوتاریان کەن!

هزرم تیا شین بوو. جیهان چاکە. دروود دەبەخشمە ژیان. برایانی خۆم خۆشدەوێ. ئەمە پەیمانی منالآنە نییە. ئەمە هیوای خۆ دزینەوەش نییە لە پیریی و مردن. خودا هێزم دەداتێ و ستایشی خودا دەکەم.

بێزاریی، خۆشەویستی من نییە. هاریی، جندەبازیی و شێتیی کە هەموو ساتمە و کارەساتەکانی شارەزام، –بارم دانا. بێ گێژ بوون پانتایی بێتاوانیم بنرخێنن.

ئیتر توانای ئەوەم نەماوە کە بێ ئامان داوای فەلاقە کردن بکەم. هەست ناکەم کە نێراوم بۆ شاییەک کە عیسا تیایا ببێتە خەزوورم.

من زیندانی عەقڵی خۆ نیم. وتم: خودا. ئازادیم دەوێ لە ڕزگارییدا: ئەرێ چۆن دوای کەوم؟ لە ئارەزووی پووچ ڕزگارم بووە. ئیتر چ پێویست نە بەقوربانی نە بەخۆشەویستی خودا نەکات. لە سەدەی دڵە هەستیارەکان پەشیمان نیم. هەموو هەقیانە، بەسووک تەماشاکردن و بەزەیی: شوێنی خۆم لە ترۆپکی ئەم پەیژە فریشتەییە دەپارێزم، شوێنی هزر.

بەڵام سەبارەت بەبەختیاری چ خێزان، چ... نەخێر، ناتوانم. من گەلێ پەرت و بڵاوم، گەلێ بێ هێزم. ژیان بەکار دەگەشێتەوە، هەقیقەتێکی کۆنە: ژیانی من بارستایی نییە، دەفڕێ و سەر ئاو دەکەوێت، دوور لە سەرووی کردار، پنتی ئازیزی جیهان.

چۆن بوومە قەیرە کچ، ئازایی ئەوەم نییە مەرگم خۆش بوێت!

خۆزگە خودا هێمنییەکی ئاسمانیی، ئەتیریی پێ دەپەخشیم، نوێژ، –وەک



پیرانی زەمانی زوو.– پیران! بەهێزان! ڕاهیبان، ئەو هونەرمەندانەی کە چیتر کەس گەرەگی نییە! گاڵتەجارییەکی هەمیشە! بێ تاوانیم وەختە بمگرێنێ. ژیان گاڵتەجارییەکە بۆ هەمووان.

بەسە! ئەمە سزایە.

بەرەوپێشەوە!

ئای! سینەم دەسووتێ و لاجانگم منگەی دێ! بەم هەتاوە، شەو غلۆر دەبێتەوە لە ناو چاوانم! دڵ... ئەندامەکانم...

ئەرێ بەرەو کوێ دەڕۆین؟ بەرەو جەنگ؟ من بێ هێزم! ئەوانی دی پێشدەکەون. کەرەسە و چەک و تفاق و... کات!...

بمکوژن! دەی بمکوژن ئەگینا خۆم تەسلیم دەکەم.– هەی ترسنۆکانە!–
خۆ دەکوژم خۆم فڕێ دەدەمە بەردەم ئەو ئەسپانە!

ئای!...

– خۆم ڕادەهێنم.

ئەمە ژیانی فەرەنسیانەیە، ڕچەی شەرەفە!

## شەوی دۆزەخین[15]

قـــومـــێکی چاکی ژەهرم خـــواردەوە. سێ جـــار مـــوبارەک بێت ئەو ئامۆژگارییانەی کە ئاراستەیان کردم! هەناوم ئاگری تێبەربوو. تیژیی ژەهر ئەندامەکانم لوول دەدات، سەقەتم دەکات و گینگلّم پێ دەدات وەختە لە تینواندا بمرم، بخنکێم، ناتوانم هاوار بکەم. ئەمە دۆزەخە، سزای ئەبەدییە! دەبینن ئاگر چۆن بەرزدەبێتەوە! بەپێی پێویست دەسووتێم. چەپ بەشەیتان! وام هەست دەکرد ئیتر خۆشیی و چاکەیە، ڕزگار بوون. ئەرێ دەتوانم غەیب وەسف کـەم، بەڵام لە کەشی دۆزەخدا سروود جێی نابێتـەوە! ملیـۆنەها بوونەوەری ئەفسـووناوی، ئاهەنگێکی ناسکی ڕۆحانی، هێز و ئاشـتی، تمووحی بەرز، چوزانم؟

تمووحی بەرز! ئەگەر لەعنەت ئەبەدی بێ! کابرایەک دەیەوێ خۆی بشێوێنێ، ئەرێ لەعنەت لێکراو نیـیـە، ئەرێ وانیـیـە؟ واهەست دەکـەم لە دۆزەخم، کـەواتە لە دۆزەخم. ئەمـە پەیڕەوی دەرزە ئاینیـیـەکـانە. من کـۆیلەی لە ئاوهەڵکێشانی خۆمم. دایک و باوکم، ئێوە بەدبەختی من و هی خۆشتان دروست کرد. ئەی نەگبەتی بێ تاوان! –دۆزەخ کار لە بتپەرستان ناکات. – هێشتا ژیان بەردەوامە! دواتر، چێژی سزا قووڵتر دەبێت. تاوان، دەی، با ڕۆ بچمە ناو عەدەمەوە، بەپێی شەریعەتی ئینسان.

وس بە، دە وس بە!... لێرە بێ شەرمیی و گلەیی کردنە: شەیتان دەڵێ ئاگر چڵێسە و تووڕەیی من گەلحۆییـیەکی تەواوە– بەسە!... پڕ لەشم گوناهە، جاد و و گولاّوی درۆزنانە و مۆسیقای منالاّنە– بلّێم حەقیقەتم دەسگیر بوو و عەدالەت دەبینم: دادوەرییەکی ڕاست و پتەوم هەیە و ئامادەم بەرەو کەمال... لووت بەرزیی– چەرمی سەرم وشک دەبێتەوە. ڕەحمێ ! خودایە، دەترسم توینوومە، گەلێ توینوومە! ئای بۆ زەمانی منداڵیی! گژوگیا و

(15) شەیتان، لەعنەت لێکراو، دۆزەخ ئەوە نیشان دەدەن کە ڕامبۆ لە ئەزمەیەک دایە، مەرجیش نییە سایکلۆژی بێت. ئیشکالییەتی ئاین دەردەبڕێ، دەربڕینەو بەس. دۆزەخیش هێمایە بۆ زیندانی تەقالیدی باو و داسەپاو. لە ڕاستیدا ئیشکالییەتی ئازادی دەربڕێ.



باران و دەریاچەی سەر بەردەڵان، تریفەی مانگ کاتێ زەنگ دوانزە جار لێی دەدات... لەم کاتەدا شەیتان لەناو زەنگوڵە دایە. مەریەم! دایکی پیرۆز!... – هاوار لە دەست گەوجیم.

لەوێ، ڕۆحی خێرخواز نین، چاکەی منیان بوێ... وەرن... بالیفێک لەسەر دەمە، گوێیان لە دەنگم نابێت، ئەوانە مێردەزمەن پاشان، کێ بەتەنگی کێیەوە دێت. کەس نزیک نەکەوێتەوە. بەبێ گومان بۆنی کرووزان دەکەم.

وڕێنەکانم لە ژمارە نایەن. ئەمە هەمیشە بەشی من بوو: بڕوام بەمێژوو نەما، فەرامۆش کردنی دەستوورەکان. بێدەنگ دەبم: شاعیران و غەیب بینان ئێرەیم پیا دەبەن. من هەزار جار دەوڵەمەندترم، با وەکو زەریا قرچۆک بین.

ئا ئەمە نەختێکە سەعاتی ژیان ڕاوەستا! من لە جیهاندا نیم.– لاهووت ڕاست دەرچوو، دۆزەخ لە خوارەوەیە و– ئاسمانیش لە سەرەوەیە.– وەجد و کابووس و نەوزی ناو هێلانەی گڕ.

چ زۆڵییەکە لە سەرنج ڕاکێشانی ئاواییدا... شەیتان، فێردیناند، لەگەڵ تۆوی کێویدا ڕادەکات... عیسا بەسەر دەوەنی وەنەوشەییدا دەڕوات و بەبێ ئەوەی بیشێلێ... عیسا بەسەر ئاوی شڵەژاودا ڕێی دەکرد. تیشکی فانۆز بەوەستاوی نیشانی داین، ڕەنگ چەرمگ و کەزی قاوەیی، لە تەنیشت شەپۆڵێکی زومەڕەدا...

ئێستە هەموو نهێنیەکان ئاشکرا دەکەم: چ نهێنی ئاینی چ سروشتی، لە دایکبوون و مەرگ، داهاتوو و ڕابردوو، ئافراندن و عەدەم، ئەمن مەعلانی دوناودۆنم.

گوێ بگرن!...

هەموو بەهرەیەکم هەیە!– کەسێ لێرە نییە و یەکێکیشی لێیە: نامەوێ گەنجینەکەم یەکئالاّ بکەم.

–گۆرانی قولەڕەش و سەمای حۆریتان دەوێ؟ دەتانەوێ ون بم و خۆ نغرۆ کەم و لە ئەمووستیلەکە بگەڕێم؟ ئەرێ دەتانەوێ؟ زێڕ دەربهێنم و هەتوان

دروست کەم.

کەواتە بڕواتان پێم هەبێ، بڕوا ڕەحەتیی دەبەخشێ و ڕەهبەرە و چارەسەر دەدۆزێتەوە. هەمووتان وەرن،– زارۆڵەکانیش،– دەتانحەوێنمەوە، بایەکێ دڵی خۆیتان پێشکەش کات،– دڵی سەمەرە!– پیاوە کەساسەکان، کرێکاران! پێویستیم بەدوعای ئێوە نییە؛ تەنها بەباوڕتان بەختەوەر دەبم.

– با بیر لەمن بکەینەوە. ئەمە وام لێ دەکات کە کەمتر پەشیمانی دونیا بم. بەختەوەرم کە لەمە زیاتر ئازار نەکێشم. ژیانی من تەنها نەرمە شێتیەک بوو، ئەمەش جێی داخە.

ترحێو! تا لە تواناماندا هەیە، با دەموچاومان گرژ کەین.

لە هەققەتدا ئێمە لە دەرەوەی جیهان داین. دەنگێکیش نییە. هەستم ون کرد. ئای! کۆشک و وڵات و دارستانی سەرووم لە دەست چوو. ئێواران و بەیانیان و شەوان و ڕۆژان... ئەرێ داهێزراو نیم!

پێویستە دۆزەخێکم لە پێناوی تووڕەییدا بێت، دۆزەخێک لە پێناوی فیز،– دۆزەخێکیش لە پێناوی نەوازشدا؛ ئاهەنگێکی دۆزەخین.

لە شەکەتیدا وا دەمرم. ئەمە گۆڕە و منیش بەرەو کرم مل دەنێم، چ کارەساتێکە! شەیتان، ئەی فێڵباز، دەتەوێ بەئەفسوونت بمتوێنیتەوە. داوا دەکەم. داوای بڵاچەیەک و دڵۆپەیەک گڕ دەکەم!

ئای! دەبا بەرەو ژیان بەرز بینەوە! تەماشای سەقەتیی خۆمان بکەین. هەزار جار بەلەعنەت بێت ئەم ژەهرە و ئەم ماچە! بێ هێزم و جیهانیش دڵڕەق! خودایە، ڕەحمێ، بمشارەوە، گەلێ خراپم!– خۆم حەشارداوە و خۆمیش حەشار نەداوە.

ئەمە ئاگرە و لەگەڵ ئەو نەفرەتلێکراوەی کە دەسووتێ، کلّپە دەکات.

***



# وڕێنەکان

## 1

## عەزرای شێت[16]

## مێردی دۆزەخین

با گوێ لە ئیعترافی یەکێ لە دانیشتوانی دۆزەخ بگرین:

«ئەی مێردە ئاسمانییەکەم، خودایە، بەرپەرچی ئیعترافی هەرە غەمگینترین خزمەتکارت مەدە. من گومڕام. من بەدمەستم. من نەگریسم. چ ژانێکە!

«بمبوورە، خودای مەزن، بمبوورە! ئۆف! بمبوورە! چ ئەسرینێ دەڕێژم! هیوادارم، دواتریش، ئەسرینی زیاتر بڕێژم!

«دواتر، مێردە ئاسمانییەکەم دەناسم! من بۆ ئەوە لە دایک بووم کە بچمە ژێر ڕکێفی ئەوەوە.– ئەویتر، ئیستا دەتوانێ دارکاریم کات!

«لەم ساتە وەختەدا، وا لە قووڵایی جیهانم! ئەی دەستە خوشکانم!... نەخێر، دەستەخوشکانم نین... هەرگیز وڕێنە و ئەشکەنجەی وام بەسەر نەهاتووە... چ نابەڵەدییەکە!

«ئای! ئازار دەکێشم، هاوار دەکەم. بەڕاستی ئازار دەکێشم. تەنانەت هەموو شتێکم بۆ ڕەوایە، من بار هەڵگری قێزلێهاتنەوەی دڵە هەرە قێزلێکەرەوەکانم.

«دەی، با ئەم نهێنییەش بدرکێنین، ئەگەریش بیست جاران دووپاتی بکەمەوە،– با بێ مانا و پووچیش بێت!

«من کۆیلەی مێردی دۆزەخیم، ئەو مێردەی کە عەزرا شێتەکانی هەڵخەڵەتاند. بەڕاستی ئەمە خۆیەتی، شەیتانە. نە تارماییە، نە ئەندیشەیە. ئەوە منم کە حیکمەتم گوم کردووە، لەم جیهانەدا، لەعنەت

(16) ئەم ناونیشانە لە ئینجیلی مەتی ٢٥– (١–١٣)وە وەرگیراوە.

لێکراو و مردووم– ناتوانن بمکوژن!– چۆن بۆتانی وەسف کەم! تا توانای قسە کردنیشم نەماوە. لە پرسەم، دەگریم و دەترسم. توخوا، خودایە، کەمێ فێنکیم پێ ببەخشە!

«بێوەژنم من... – بێوەژن بووم... – بەڵێ جاران گەلێ جیدی بووم، خۆ لە دایک نەبووم بۆ ئەوەی ببمە هێسک و پلووسک!... ئەو نیمچە مناڵێک بوو... نەرم و نیانییە ئەفسووناوییەکەی هەڵیخەڵەتاندم. گشت ئەرکی مرۆڤانەم فەرامۆش کرد بۆ ئەوەی دووی کەوم. چ ژیانێکە! ژیانی ڕاستەقینە ونە. ئێمە لە جیهاندا نین. بۆ کوێ بچێ دووی دەکەوم. گەلێ جاریش لێم توورە دەبێت، لەمن، منی هەژار.

شەیتان !– شەیتانە، خۆ دەزانن، مرۆڤ نییە.

«وتی: "ژنانم خۆش ناوێ. دەزانین، خۆشەویستی دەبێ هەمیشە بئافراندرێ. ئەوان تەنها بارودۆخێکی گونجاویان دەوێ. بارودۆخی دابێن کراو، دڵ و جوانی بەلاوە خرێ: تەنها قێزلێهاتنەوەیەکی سارد، توێشووی ژنهێنانە ئیمرۆ. یان، ژنانم دەبینی هێمای کامەرانی لەسەر ڕوخساریان، دەمتوانی بیانکەمە هەڤاڵ، پێش وەخت کرۆژراون لەلایەن ئەوانەی هەستیان کرچوکاڵ هەر وەکو داربڕان..."

«گوێی بۆ ڕادەدێرم شکۆ لە بودەڵی و ئەفسوون لە توندوتیژی دروست دەکات.» من سەر بەڕەگەزێکی دوورم: باوباپیرانم ئەسکەندیناڤی بوون: قەبرغەیان هەڵدەدڕی و خوێنیان دەخواردەوە.– هەموو لەشم کون دەکەم، جەستەم دەکوتم، دەمەوێ وەکو مەغولان دزێو بم: دەبینی، لە شەقاماندا هاوار دەکەم. دەمەوێ وەکو شێتانە هار بم. قەت گەنجینەم پێ پیشان نەدەی، ئەگینا بەسەر مافووردا دەخشێم و غل دەخۆم. سامانی من دەبێ خلتانی خوێن بێت. هەرگیز لەمەولا کار ناکەم...» چەندین شەو مێردەزمەکەی دەهاتە سەرم، پێکرا دەگەوزاین و زۆرانبازیم لەگەڵی دەکرد! شەوان، زۆر جار بەدمەست، لە کوچە و کۆڵاناندا ڕادەوەستا و بۆ ئەوەی زەندەقم ببا.– «ملم لێ دەکەنەوە؛ شتێکی ناشرینە» ئای! ئەو ڕۆژانەی کە



لەناو کەشی تاواندا دەیویست ڕەوت بکا!

«هەندێ جاریش بەلەهجەیەکی شیرین لە بارەی مەرگەوە دەدوا کە پەشیمانی گەرەکە، لە بارەی کەساسانەوە کە بوونیان بەڵگە نەویستە، لە بارەی بێگاریی، دەربارەی ئەو سەفەرانەی کە دڵان دەشکێنێ. لەو خەراباتانەی کە تیایا مەست دەبووین، دەگریا و هەستی دەکرد ئەوانەی کە لە دەورمانن، ئاژەڵی دەردەسەرین. بەدمەستانی لە شەقامە تاریکەکاندا ڕاست دەکردەوە. بەزەیی دایکێکی عەیاری هەبوو بەرامبەر بەزارۆڵەکانی.– ڕەوتێکی نەرموناسکی هەبوو هەر چەشنی کیژانێ کە دەچنە دەرزی ئاینییەوە.– هەستی دەکرد سەر لە هەموو شت دەردەکات، بازرگانی، هونەر، پزیشکسازی.– دووی دەکەوتم، پێویست وابوو!

«هەموو دیکۆرەکانیم بەخەیاڵ دەبینی، لە دەوریدا، جلوبەرگ و چەرچەف و جامخانە: چەکوتفاقم بەقەرز دەدایێ و ڕوخسارێکی دیش. دەمبینی دەستی لە هەموو شتێک دەدا بەجۆرێ دەیویست بۆ خۆی خەڵقی کات. کاتێکیش خەیاڵم پەکی دەکەوت، دوای دەکەوتم، سەیری کرداره غەریب و ئاڵۆزەکانیم دەکرد، دوور، خراپ و باش: سووربووم لەوەی کە ڕۆچوونە جیهانی وی شتێکی مەحاڵە. لەتەنیشت جەستەی نوستووی ئازیزی، بەسەعات، شەوان ئەشکم دەگرت و لەوە دەگەڕام، دەبێ بۆچی بیەوێ هەندە لە واقیع هەڵبێت. قەد، مرۆڤێکم نەبینی هەمان نیازی ئەوی هەبێت. تێگەیشتم،– ترسم لەو نەبوو،– دەتوانێ ببێتە مەترسییەک بۆ کۆمەڵگا.– ڕەنگبێ نهێنی هەبێت بو ئەوەی ژیان بگۆڕێت؟ نەخێر، بەخۆم وت، تەنها لێی دەگرێت. لە کۆتاییدا، چاکەی سیحرلێکراو و منیش زیندانی ئەوم.

کەسێکی تر هەندە هێزی نەبوو،– هێزی ڕەشبینی!– بۆ ئەوەی تەحەمول بکرێت،– بۆ ئەوەی بتپارێزێ و خۆشی بوێی. لەلایەکی دی، هەرگیز درکی ئەوەم نەدەکرد کە لە گەڵ کەسی تر ببینم: هەست دەکەم، فریشتەی ئەو دەبینین، بەڵام هەرگیز فریشتەی کەسانی دی،– لەناو ڕۆحی ئەو دا بووم،

بەتاڵکرابوو، بۆ ئەوەی ناکەسبەچەیەکی وەکو ئێوە نەبینم: ئەمە هەمووییەتی. مەخابن! لە هەقیقەتدا دەسبەرداری ئەو بووم. بەڵام چی دەویست لە یەکێکی وەکو منی خەمۆکی و ترسنۆک؟ هیچ چاکەیەکی بەسەرمەوە نابێت، ئەگەر مەرگی منی نەوێ! هەندێ جاریش، غەمگین و تاساو پێم دەوت:

«تێتدەگەم.» شانی بۆ هەڵدەتەکاندم.

«بەم جۆرە غەمم بێ وچان نوێ دەبووەوە، لە چاوانیشمدا هەستم بەگومڕایی نەدەکرد، –لە چاوانی ئەوانی دیشدا کە دەیانویست ڕێک تێمڕوانن، وەکو بلێی مەحکومی فەرامۆشکردنی هەموان بووم!– ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بۆ چاکەی ئەو تینووم دەبوو. ماچەکانی و گرتنە باوەشە برادەرییەکانی بۆ من ئاسمانێک بوو، ئاسمانێکی تەڵخ کە دەیچوومێ و حەزم دەکرد بەجێمبهێڵن، هەژار و کوێر و کەڕولاڵ. پێی ڕادەهاتم. هەردووکمانم دەبینی وەکو دوو منالی خێرخواز، ئازادانە لە بەهەشتی غەمگینییدا پیاسەمان دەکرد. لەگەڵ یەک باش دەگونجاین. بەجۆش، پێکڕا کارمان دەکرد. دوای نەوازشێکی گەرموگوڕ، دەیوت: «کاتێ ون دەبم، چەندێ سەیر دەبێ لات ئەوەی کە تووشت هات. کاتێ بازووەکانم لە سەر گەردنت نابن، نە ئەم دڵەش بۆ ئەوەی تیایا بحەسێتەوە، نە ئەم زارەش لەسەر چاوانت. چونکە ڕۆژێک دەبێ بڕۆم، زۆر دوور بڕۆم. چونکە پێویستە یارمەتی ئەوانی تریش بدەم: ئەمە ئەرکی منە. هەرچەندە ئەمە ئارەزووی من نییە...، گیانەکەم...» هەر خێرا، دوای ڕۆیشتنی، هەستم کرد نێچیریی گێژبوونم، خێرا بۆ تاریکاییەکی دزێو: مەرگ. پەیمانی ئەوەی لێستاندم کە دەسبەردارم نەبێ. بیست جاران هەمان پەیمانی دووپات کردەوە، پەیمانی عاشقانە. پووچ بوو چەشنی ئەوەی کە من پێم دەوت: «تێتدەگەم».

«ئای! قەت ئێرەیم پیا نەدەهات. هەست دەکەم، دەستبەردارم نابێت. چ ڕوو دەدات؟ مەعریفەتی نییە، هەرگیزیش کار ناکات. دەیەوێ بەدەم



خەوەوە ڕێ بکات. ئایا تەنها، چاکەو بەزەیی بەسن بۆ ئەوەی لە جیهانی ڕاستەقینەدا بژێت؟ لە پڕێکدا، ئەو بەزەییەم فەرامۆش کرد کە کەوتمە ناوی: هێزم دەداتێ، پێکڕا سەفەر دەکەین، لە بیاباندا ڕاو دەکەین، لە سەر شۆستەی شارە نەناسراوەکاندا دەنووین، بێ چاودێریی و بەبێ ئازار چێشتن. کاتێکیش دێمەوە ئاگا، یاساو نەرێت گۆڕاون،– بەهۆی دەسەڵاتە سیحرییەکەیەوە.– جیهانیش وەکو خۆیەتی، خەواڵوو، لەسەر ئارەزووی خۆم دەمێنمەوە. ئای!، چەندێ ئازارم کێشا، بۆ ئەوەی ژیانی پڕ موغامەراتانەی کە لە کتێبی منالاندا هەیە پێشکەشمی کەیت، ئەرێ دەمدەیتێ؟ ناتوانێ. ئیدیالی ئەو ناناسم. پێی وتم، بوونی پەشیمانی و هیوا: ئەمە پەیوەندی بەمنەوە نییە. ئایا لەگەڵ خودادا دەدوێ؟ ڕەنگبێ پێویست بێت، دەمم ئاڕاستەی خودا بکەم. وا لە هەرە قووڵایی خەڕەندم، توانای دوعام نییە.

«ئەگەر غەمەکانیم بۆ باس بکات، ئەرێ لە گلەییەکانی زیاتر تێدەگەم؟ تێم بەردەبێ، بەسەعات ئابڕووم دەبا ئەگەر هەرچییەک لەم دونیایە سەرنجم ڕابکێشێ، ئەگەریش بگریم، ئەوە هەڵدەشاخێ.

«تۆ ئەو لاوە کەشخەیە دەبینی، دەچێتە خانوویەکی قەشەنگ و هێمن: ناوی دوڤالە یا دوفورە، ئارماندە یا مۆریسە، چوزانم؟ ژنێک حەزی لەو گەلحۆ سەرسەرییە بوو: ژنە مرد، بێ گومان، ئێستا، لە ئاسمان پیرەژنێکە. وەکو چۆن ئەو ژنەت کوشت ئەوها دەمکوژێ. ئەمە چارەنووسی ئێمەی خاوەن دڵی ناسکە...»

مەخابن! هەندێ جار، هەموو ئەوانەی چاپووک بوون، بەیاری دەستی وڕێنە دزێوەکانی دەچواند: بۆ ماوەیەکی زۆر بەناشرینی پێدەکەنی.– پاشان، خەسلەتی دایکێکی جاهێڵی وەردەگرت یا خوشکێکێ خۆشەویست. ئەگەر کەمتر دڕندە بوایە، ئەوە خۆ ڕزگارمان دەبوو! بەڵام نەرم و نیانیشی کوشندە بوو. ملکەچی ئەو بووم.– ئای کە شێتم!

***

# وڕێنەکان

## 2

## کیمای وشە

هی خۆمە. چرۆکی یەکێ لە شێتییەکانم.

هەر لە زووەوە خۆم هەڵدەکێشا بەوەی کە خاوەنی هەموو دیمەنە گونجاوەکانم و گشت هونەرە بەناوبانگەکان و شیعری نوێم بەپووچ دەزانی.

حەزم لە تابلۆ گێلەکان و نەخشی سەرووی دەرگاکان و دیکۆرەکان و پارچە ئالووالاکانی موهەریجەکان و لافیتە و ڕەسمە میللییەکان و ئەدەبە زەمەن بەسەرچووەکان و لاتینی کلێسا و کتێبی ڕووتی بێ دەستوور و ڕۆمانەکانی باوباپیران و حیکایەتە سەمەرەکان و نامیلکەی منالان و ئۆپێرا کۆنەکان و سترانە پووکەکان و کێشە ساوێلکەکانم دەکرد.

خەونم بەشەڕی خاچپەرستان و بەسەفەری کەشفی باس نەکراو و بەکۆمارە بێ مێژووەکان و بەجەنگە ئاینییە داپلۆسراوەکان و بەشۆڕشی دابونەرێت و بەجێگۆڕکێی ڕەگەز و کێشوەرانەوە دەبینی: بڕوام بەهەموو جۆرە سیحرێکیش هەبوو.

ڕەنگی بزوێنەکانم دەئافراند!- A سیا ، E چەرمگ، I ئاڵ، O شین، U کەسک. - شیکل و جولەی پیتە بێدەنگەکانم تەرتیب کرد و لەمەڕ کێشی سروشتی، بەخۆما هەڵدەشاخیم لەوەی کە زمانێکی شیعریم خوڵقاند کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، دەگاتە هەموو هەستێ. تەرجەمەکانیشم لەلای خۆ گل دایەوە.

سەرەتا، لێکۆڵینەوەیەک بوو. بێدەنگیم تۆمار دەکرد و شەوانم دەنووسییەوە و ئەم شتانەم تۆمار کرد کە خۆیان نادەن بەدەستەوە.

گێژ بوونم تۆمار کرد.

دوور لە باڵندە و مێگەل و ژنە لادێ،

لەسەر چۆک، لەناو دەوەن، دەوروبەرم داربادەمی تەڕ،



لەناو تەمومژی پاش نیوەڕوانی کەسک و فێنک،

چم دەخواردەوە؟

لەناو وازی لاودا،

- درەختی بێدەنگ و چیمەنی بێ گوڵ و ئاسمانی هەورین!-

لەناو ئەو کولەکە زەردانە، دوور لە زنجی ئازیز،

دەبێ چم خواردبێتەوە؟ شەرابێکی زێڕینی عارەق بەخش.

بەو لافیتە سەیرانە دەچووم کە لەبەر دەری خانان هەڵدەواسران.

- زریانێ هات و ئاسمانی ماڵی.

ئێواران، ئاوی دارستان لەسەر لمی کێوی نوقم دەبوو،

بای یەزدانیش کڕێوەی تووڕ هەڵدەدایە سەر زەڵکاو؛

دەگریام و ئاڵتوونم دەبینی و- نەمدەتوانی بیخۆمەوە.-

هاوین، سەعات چواری بەیانی،

هێشتا وەنەوزی ئەڤین بەردەوامە.

لەژێر کەپر، بۆنوبەرامەی ئاهەنگی

دۆ ئێوارە دەبووە هەڵم.

لەوێندەرێ، لەسەر ئیشی فراوان،

لەژێر هەتاوی ئێسپێرید،

دارتاشان.-قۆڵ هەڵکراو-

چاپووک دێن و دەچن.

لەسەر بیابانی قەوزەدار، هێمن،

گوێسەوانەی بەنرخ دروست دەکەن،

بۆ ئەو شارەی کە وێنەی ئاسمانێکی درۆزنانە دەکێشێن.

ئای بۆ ئەو کرێکارە نازدارانە،

دام و دەستەی پاشای بابل،

ڤینۆس، بۆ ساتەوەختێکیش ئەم

عاشقانە بەجێبهێڵە، کە ڕۆحیان تاجینەیە.

ئەی پاشای شوانان،
ئاوی حەیات بەرە بۆ ئەم کرێکارانە،
بۆ ئەوەی هێزیان لە ئاماندا بێت،
تاکو گەرماوی زەریای نێوەڕۆ.
بەشێکی زۆری کیمای وشەم سەر بەو کەرەسە شیعرییە بەسەرچووانە بوو.
خۆم بەوڕێنە ساکارەکان ڕادەهێنا: بەئاشکرا مزگەوتێکم لە جێگای کارخانەیەک و قوتابخانەیەکیش کە بۆ دەهۆڵ لێدەران فریشتە دروستی کردبێ و گالێسکەیەکیش لە ڕێگای ئاسمان و سالۆنێکیش لە قوولایی دەریاچە و دڕندە و غەیبیات و ناونیشانی شانۆنامەیەکیش بۆکات بەسەر بردن، وێنەی سامناکی لەپێشم قووت دەکردەوە، دەبینی.
پاشان سەفسەتە سیحر ئامێزەکانم بەوڕێنەی وشە دەردەبڕی!
ئینجا بۆم دەرکەوت کە پاشاگەردانیی مێشکم پیرۆزە. دەستبەتاڵ بووم،
نێچیریی دەستی گرانەتایەک: ئێرەیم بەدڵخۆشی ئاژەڵان دەهاتەوە،
– قۆزاغەکانیش کە بێتاوانی خەڵکی ئەعرافیان دەنواند، حەبەلوولیش وەنەوزی پاکیزەی هەبوو!
تەبیعەتم ئالۆز دەبوو. ڕۆمانسیانە ماڵئاواییم لە جیهان کرد:

## گۆرانییەک لە هەرە بەرزترین بورجەوە

با بێت، با بێت،
ئەو زەمەنەی کە گراوی دەبین.
گەلێ بەئارام بووم،
هەرگیز لە یادی ناکەم.
ترس و ئازارییش
بەسەرچوو.
تینوێتی نەگریسیش
دەمارەکانم گرژ دەکا.



با بێت، با بێت،
ئەو زەمەنەی کە گراوی دەبین.
وەک مێرغوزار
بەرەو لە یاد چوون دەکشێ.
گەشە دەکا و گوڵ دەگرێ
بەبخوور و زیوان،
مێشی بودەڵەش بەدەوریا
منگەی دێ.
با بێت، با بێت،
ئەو زەمەنەی کە گراوی دەبین.
حەزم لە بیابان و بێستانە سووتاوەکان و دوکانە پەرت و بڵاوەکان و خواردنەوە شلەتێنەکان بوو. وێڵی کوچە بۆگەنەکان بووم، بەچاو نوقانەوە خۆم دەدایە بەر هەتاو، خودای ئاگر.
«جەنەراڵ، ئەگەر تۆپێکی کۆنت لە نێو سەنگەرە وێرانەکانت ماوە، ئەوە کەستەکمان تێگرە. بەرەو جامخانەی موغازە درەوشاوەکان! بۆ نێو سالۆنەکان! غوبار بدەرە دانیشتوان. ئۆکسیدی زێرابەکان. ژووری ژنان بڕ لە بارووتی لەعلی سووتاو بکە...»
ئای پێشوولە مەستەکانی ئاودەسخانەی خان، عاشقی بوراش، تیشکی هەتاوێ دەیتوێنێتەوە!

***

## برسێتی

ئەگەر ئارەزووم هەبێ،
ئەوە هی بەرد و خۆڵە.
هەوا دەخۆم و
گاشە بەرد و خەڵووز و ئاسن.
برسییەتیەکانم، بخولییەوە. بلەوەڕە برسیەتییەکانم،

لەناو کێڵگەی دەنگ.
ژەهری دڵخۆشی
لاولاو هەڵمژە.
چەوی هوردوخاش بوو بخۆ.
کۆنە بەردی کلێسا؛
زیخی کۆنە لەهی،
کولێرەی فڕێدراوی شیوە بۆرەکان.
گورگ لەژێر گەڵاکان دەیلووراند
پەری جوانی هێڵنج دەدا
هی ئەو مریشکانەی کە خواردبووی:
چەشنی ئەو من دەسووتێم.
خاس ومیوە
چاوەڕوانی ڕنینەوەن؛
بەڵام جاڵجاڵۆکەی چەپەڕ
تەنها وەنەوشە دەخوات.
گەر بخەوم و گەر بسووتێم
لەسەر قوربانگەی سولەیمان.
ئاوی کوڵاویش بەسەر ژەنگدا چۆڕەی دێ،
دەڕژێتە ناو سێدرۆنەوە.

لە کۆتاییدا، ئای بەختیاریی، ئای عەقڵ، لاژەوردیم کە ڕەشایی بوو لە ئاسمان قەپاند، ژیام، پزیسکێکی زێڕین لە ڕووناکی سروشتی. لە خۆشیاندا، زمانی شێتە و گومڕام بەپێی توانا هەڵدەبژارد:

دۆزراویەوە!
چی؟ ئەبەدییەت.
زەریایە تێکەڵ
بەهەتاو.



ڕۆحی نەمرم،
ڕاگرە پەیمانت
سەرەڕای شەوی تاقانە و
ڕۆژگاری وەک گڕ.
کەواتە لە دەست
مەرجی مرۆڤانە ڕزگارت دەبێ،
لە جۆشوخرۆشی هاوبەشیش!
دەفڕی سەبارەت بە...
– یەک دەنک هیوا.
نە نوێژی بەیانیان.
زانیاری و ئارامیی،
ئەشکەنجەش بێگومان.
ئاینده نەما،
ژیلەمۆی ئەتڵەسی،
گەرموگوڕیت
ئەرکە.
دۆزراویەوە!
چی؟ ئەبەدییەت.
زەریایە تێکەڵ
بەهەتاو.

بوومە ئۆپێرایەکی سەمەرە: هەموو کەسێ مەحکوومە بەوەی کە دڵشاد بێت: کردار ژیان نییە، بەڵکو جۆرێکە لە فەوتاندنی هێز، جۆرە دەمار گرژییەکە. ئەخلاقیش لاوازی مێشکە.

بۆ هەموو بوونەوەرێ، چەند ژینێکی تر شایەستەن، وا هەست دەکەم. ئەم بەڕێزە نازانێ چ دەکات: فریشتەیە. ئەم خێزانە لانەی سەگانە. لەگەڵ ساتە ژیانێکی تری چەندەها مرۆڤ، بەدەنگی بڵند قسانم دەکرد.

– بەم جۆرە، بەرازێکم خۆشویست.

هیچم لە سەفسەتە شێتییەکانم فەرامۆش نەکرد.– ئەو شێتییەی کە دەرگای لە دوو دادەخرێت.– : دەتوانم یەک لە دوای یەک بیانژمێرم، سیستەمەکەیم لەلایە.

تەندروستیم کەوتە مەترسییەوە. ئەشکەنجە ڕووی تێدەکردم. نغرۆ بوومە خەوی چەندەها ڕۆژ و کە هەڵسام خەونە هەرە غەمگینەکانم دەبینی. بۆ ئەوەی بمرم، پێگەیشتبووم، لە ڕچە ڕێگای پڕ مەترسی، لاوازیی بەرەو تخووبی جیهان بردمی، بەرەو سیمێری، وڵاتی تاریکیی و گێژەن.

دەبوایە سەفەر بکەم، بۆ ئەوەی خەتەرە کۆبووەکانی سەر مێشکم بڕەوێنمەوە. لەناو زەریاش ، کە خۆشیم دەویست وەکو ئەوەی کە لە نەگریسیی خاوێنم کاتەوە، خاچێکی هێمنکەرەوەم دەبینی، قیت دەبووەوە بەرامبەرم. لەلایەن پەڵکە زێڕینەوە لەعنەتم لێ کرا.

بەختیاری، قەدەری من بوو، پەشیمانی و کرمی من بوو: ژیانی من هەمیشە گەلێ فراوانترە لەوەی کە ببەخشرێتە هێز و جوانیی.

بەختیاریی! دانەکانی لە کاتی مەرگ نەرمن، لە کاتی قووقەی کەڵەشێر، دەیهێنامەوە سەرخۆ،– بەیانی، لە تاریکترین شاراندا، عیسا دەهات،–:

ئەی وەرزان، ئەی کۆشکان!
کێ بێ عەیبە ؟
لە پێناوی بەختیاریی دەرزی جادوو فێر بوومە
کەسێ نییە هەڵیهێنێ.
سڵاوی لێ بێ هەر جارێ،
کەڵەبابی غال بقووقێنێ.
ئای! لەمەولا، تیاما نامێنێ ئارەزوو،
ئەو ژیانمی گرتۆتە ئەستۆ.
ئەفسوون شیکلی وەرگرت
هەموو تەقەڵایەکی پەرت و بڵاو کرد.



ئەی وەرزان، ئەی کۆشکان!
کاتی هەڵاتنی، بەداخەوە!
کاتی مەرگە.
ئەی وەرزان، ئەی کۆشکان!
بەسەرچوو. ئێستە دەتوانم سڵاو لە جوانیی بکەم.

***

## مەحاڵ

ئای بۆ ژیانی منالّیم! شارێیەک بوو بۆ هەموو وەرزێ، بەدەر لە توانا، دەست تەنگتر، لە چاترین دەرۆزەکەری پشت لە دونیا کردوو، شانازی کەر بەوەی کە بێ نیشتیمان و بێ هاوڕێ، چ گەوجییەک بوو.

– تەنها ئێستا تێبینی دەکەم!

– هەمیشە لەسەر هەق بووم کاتێ بەچاوێکی سووکەوە سەیری ئەو بۆرە پیاوانەم دەکرد کە بۆ نەوازشێ، ڕێککەوتێکیان لە دەست نەدەدا، مشەخۆری پاکوخاوێنی و تەندروستی ژنانمان بوون، هەمان ژنان، ئیمڕۆ زۆر کەم لەگەڵ ئێمەدا تەبان.

لەسەر هەق بووم لەو هەمووە بەسووک تەماشاکردنانەم: چونکە ئیمڕۆ وا هەڵدێم!

هەڵدێم!

با خۆم ڕوون کەمەوە.

تاکو دوێنێش هەناسەم دەدا: «خودایە! ئەرێ ئێمە لەعنەت لێکراوی کافین لەم دونیایە! ماوەیەکی زۆر لەگەڵ حەشامەتدا بووم! هەموویان دەناسم. هەموو یەکتر دەناسین؛ بێز لە یەکتر دەکەینەوە. نازانین بەزەیی چییە. بەڵام بەڕێزین؛ پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵکدا ماقووڵە.» ئایا ئەمە جێی سەر سووڕمانە ؟ خەڵک و بازرگان و ساوێلکە!– ئابڕوومان نەچووە.– ئەرێ هەڵبژێراوان، چۆن پێشەوازیمان لێ دەکەن؟ بەڵام خەڵکی خراپ و دڵشاد هەن، هەڵبژاردەی درۆزنانەن، چونکە پێویستیمان بەوێران و مرۆڤایەتی

هەیە بۆ ئەوەی بەرەو ڕوویان ببینەوە. تاقە هەڵبژاردەن. بەڵام ستایش بەخش نین!
ئێستە وا بایی دوو عانە عەقڵ شک ئەبەم- زووش تێدەپەڕێ!- بێزاریم لەوەوە دێ کە زۆر لە زووەوە هەستم بەوە نەکرد کە ئێمە لە ڕۆژئاوا دەژین. زەڵکاوی ڕۆژ ئاوا! نەک لەبەر ئەوەیە کە هەست دەکەم ڕووناکی تەڵخێنراو شێوە شێوێنراو جوولە گومڕێنرا... باشە! ئا ئەوەتە هزرم دەیەوێ خۆی قووتار کات لەو هەموو بارە قورسەی کە پێشکەوتنی دڵتەزێن، کە مێشک لەپاش ڕووخانی ڕۆژهەڵاتەوە هێناویتیە ئەنجام... مێشکم ئەمەی دەوێ!
... بایی دوو عانە عەقڵەکەمیش فت!- فیکر دەسەڵاتە، دەیەوێ لە ڕۆژئاوا بم. پێویستە دەمکوت کرێت بۆ ئەوەی هەروەکو ئەوەی بۆم هەڵدەکەوێ بژێم.
تاجە گوڵینەی شەهیدانم دایە دەست شەیتان، گزنگی هونەر و فیزی داهێنەران و جۆشوخرۆشی غارەتکەران و دەگەڕامەوە ڕۆژهەڵات، بەرەو حیکمەتی سەرەتایی و هەتاهەتایی.- ڕەنگبێ ئەمە خەونێکی تەوەزلانە بێت!
سەرەڕای ئەمەش، خەونم بەلەزەتی هەڵاتن لە دەست ئازاری نوێوە نەدەدی. ئەرێ خۆ ئازارێکی ڕاستەقینەش نییە لەوەی کە مرۆڤ، لە سەرەتای سەرهەڵدانی زانیاری و مەسیحییەتەوە، مرۆڤ گەمە بەخۆی دەکات و بەڵگە بۆ شتە ئاشکراکان دەهێنێتەوە، خۆی فش دەکاتەوە بەدووپاتکردنەوەی بەڵگە و ئا بەم جۆرەش دەژیت! ئەشکەنجەیەکی سووک و گەوجە؛ سەرچاوەی هەموو گومڕاییە ڕۆحییەکانمە. سروشت، ڕەنگبێ جاڕس بێت! بەڕێز پروودۆم لەگەڵ عیسا لە دایک بوو.
لەبەر ئەمە نییە چونکە ئێمە تەمومژ دەکێڵین! لەگەڵ تادا بەروبوومی بەرئاو دەخۆین. ئەی بەدمەستی! ئەی جگەرەکێشان! ئەی نەزانین! ئەی دڵسۆزی!- ئەرێ ئەمانە هەمووی لە حیکمەتی ڕۆژهەڵاتەوە دوورن، نیشتیمانی سەرەتایی؟ چ پێویستییەکمان بەجیهانی نوێ هەیە، مادامەکی



ژەهری وا دەهێنرێتە کایەوە!
پیاوانی کڵێسا دەڵێن: تێدەگەین. بەڵام ئێوە دەتانەوێ لە بارەی عەدەنەوە بدوێن. لە بارەی مێژووی میللەتانی ڕۆژهەڵاتەوە، بۆ ئێوە هیچ. -ئەمە ڕاستە؛ من خەونم بە عەدەنەوە دەبینی! ئەم بێگەردییەی ڕەگەزی کەونینەیە دەبێ سەبارەت بەخەونی من چ بێ!
فەیلەسووفان دەڵێن: جیهان تەمەنی نییە، بەکورتی، مرۆڤایەتی تووشی جێگۆڕکێ دەبێ. ئێوە لە ڕۆژئاوان، بەڵام ئازادن لەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی خۆتاندا بژین، با هەندەش لە مێژا بێت- بۆ ئەوەی بەهەققەت تیایا بژیت. بەدۆڕاو خۆتان مەبینن فەیلەسووفان، ئێوە لە ناواخنی ڕۆژئاوان.
ئەفسووس ڕۆحەکەم. لە پێناوی ڕزگاربوون ڕێگای دژوار نییە. خۆت مەشق دە!- ئای زانیاری ڕەوتێکی خێرای نییە لەبۆ مە!
-بەڵام هەست دەکەم کە فیکرم نوستووە.
خۆ ئەگەر لەم ساتەوەختەش بەدواوە ئاگادار ببوایەوە ئەوە هەندەی نەدەبرد دەگەیشتینە هەقیقەت و فریشتەش ڕەنگ بوایە، بەگریانەوە، لە دەورمان بخولانایەوە.!... ئەگەر تاکو ئەم ساتەوەختە وریا بوایە، ئەوە، لە سەردەمێکی هەرە مێژینەوە دوای غەریزە کوشندەکان دەکەوتم!... ئەگەر هەمیشە وریا بوایە، لەناو حیکمەتدا مەلەم دەکرد!...
ئەی پاکیزەیی! ئەی پاکیزەیی!
ئەم ساتەوەختەی وریاییە بینینی پاکیزەیی پێبەخشیم!- بەهزر بەرەو خودا دەڕۆین!
بەدبەختییەکی تەواوە!

***

## برووسکە

کاری مرۆڤانە! جار بەجار تەقینەوەیەکە لە خەرەندم.

«شتەک پووچ نییە؛ بەرەو زانست و بەرەو پێشەوە!» هاواری کاهینی هاوچەرخ، واتە هی هەموو خەڵکی. سەرەڕای ئەمەش تەرمی پیاوخراپان و تەمەڵان دەکەونە سەر دڵی خەڵکی... دەی خێرا، کەمێ گورجتر؛ لەوێندەرێ، لەودیوی شەو، پاداشتی دوایینە و هەمیشەیی هەیە... ئایا لە دەست خۆمانی بدەین؟...

– چم لە دەست دێت؟ کار دەناسم و زانستیش گەلێ سستە. دەبا دوعا غارغارێن بکات و ڕووناکیش بمرخێنێ... چاک دەیبینم. گەلێ ساکار و گەلێ گەرمیشە؛ دەسبەردارم دەبن. ئەمن ئەرکی خۆمم هەیە، بەخستنە لاوەی، وەکو چەندینی تر بەختیار دەبم.

ژیانم سواوە. با بڕۆین! با خۆ دەرخەین و دەستبەتاڵ بین، جێی بەزەیی هاتنەوەیە! بوونمان مسۆگەر دەبێ بەڕابواردن و خەون بینین بەئەڤینی سەمەرە و گەردوونی فەنتازی، بەشکایەت کردن و بۆڵەبۆڵ دەربارەی دیاردە ڕووکەشەکانی ژان، وەک موهەریج و دەرۆزەکەر و هونەرمەند و ڕێگر،– کەشیش! لەسەر ڕایەخی خەستەخانە، بۆنی بخوورێکی گەلێ کەسکوون دەهات؛ پارێزەری بۆن و بەرامەی پیرۆز، ئیعتیراف پێکەر و شەهید...

لێرە دان بەوەدا دەنێم، کە مناڵ بووم، پەروەردەیەکی نەگریسیان دام.

ئەی دوایی!... دەبێ بیست ساڵانە بژیم، چونکە هیتران بیست ساڵەن...

نەخێر! نەخێر! ئێستە لە مەرگ یاخی دەبم! کار بۆ فیزی من گەلێ سووک دیارە: خیانەتی من لە جیهاندا، دەبێتە ئازارێکی زۆر کورت. لە دوا ساتیشدا، بەڕاست و چەپدا شاڵاو دەبەم...

کەواتە،– ئای!– ئەی ڕۆحی ئازیزی کەساسم، ئەبەدییەت بۆ ئێمە گوم نابێ!

***



## بەیانی

کاتێکی لاوی خۆشەویستم نەبوو، جوامێر و ڕەنگین لەسەر گەڵا زێڕەکانم دەنووسی، زۆر بەختەوەر بووم! چ تاوان و هەڵەیەک شایەستەی ئەم بێهێزەیی ئێستای کردم؟ ئێوەی کە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئاژەڵان لە غەمگینیدا هاوار دەکەن، کە نەخۆش ڕەشبین و مردووان خەونی ناخۆش دەبینن، هەوڵی ئەوە بدەن وەنەوز و کەوتنم بگێڕنەوە. من، ئیتر لە توانامدا نییە زیاتر لە دەرۆزەکەرێک کە بێ وچان خوای گەورە خوای گەورە و دایکە حەوایەتی زیاتر شتێکی تر بڵێم!

سەرەڕای ئەمەش، وا هەست دەکەم، ئیمڕۆ گێڕانەوەی پەیوەندیم لەگەڵ دۆژدا تەواو بوو. بەڕاستی دۆزەخ بوو، دۆزەخە کۆنەکە، ئەوەی کە کوڕی ئینسان دەروازەکانی کردەوە.

لە هەمان بیابانەوە، بۆ هەمان شەو، هەمیشە چاوە ماندووەکانم دەکەونە سەر ستارە زیوینەکە و بەبێ ئەوەی کار لە پاشایانی ژیان بکات، نە لە سێ مەجووسەکە، نە لە دڵ و نە لە ڕۆح و نە لە فیکر. کەینی دەڕۆین، دەڕۆینە ئەو دیوی کەنار و ئەو دیوی بەرزاییەکان، تا سڵاو لە کاری نوێ و حیکمەتی نوێ و هەڵاتنی زۆرداران و شەیتانان، کۆتایی خرافات بکەین، هەوەڵین! جەژنی لە دایک بوونی زەوی بپەرستین! سترانی ئاسمان و ڕەوتی میللەتان! بەندەکان، نەفرەت لە جیهان ناکەین.

***

## ماڵئاوا[17]

خەزانە!– بەڵام بۆچی لە هەتاوی هەتاهەتا پەشیمان بین، گەر ئێمە لەسەر ڕێبازی گەڕان بەدوای ڕووناکی یەزدانین،– دوور لەو خەڵکەی کە لەسەر وەرزەکان دەمرن.

خەزان. گەمییەکەمان لە ناو تەمی وەستاودا بەرزدەبێتەوە، بەرەو بەندەری

(17) ئەنتوان ئادەم دەنووسێ: لە تەمەنی نۆزدەساڵان دەرگای پایزی لە سەر دەکرێتەوە. بەڵام دەرگا بۆ سەرەتاییەکی دیش دەکرێتەوە.

کوێرەوەری، بەرەو شارە زەبەلاحەکان کە ئاسمانەکانیان خڵتانی گڕ و چڵپاون. ئای بۆ سیپاڵە گەنیوەکان، نانە خوساوەکانی بەر باران، بەدمەستیی و هەزارەها عاشقیش کە لە خاچیان دام! کەواتە ئەم حەزیایە شازادەی هەزاران ڕۆح و جەستەی مردووە، ڕۆژێ دەدرێنە دادگا! جارێکی دی خۆم دەبینمەوە، پێستم قوڕ و ڕشانەوە کرۆژتویەتی، کرم لە قژ و ژێر هەنگڵمی داوە، هەروەها کرمێکی زۆریش دڵمی تەنیوە، ڕاکشاو لە نێو نەناسراوانی بێ تەمەن و بێ هەست... دەکرا لەوێندەرێ بمردمایە... چ خستنەوە یادێکە! بێز لە کەساسی دەکەمەوە.

سڵێش لە زستان. چونکە وەرزی پاڵدانەوەیە!

– هەندێ جار، لە ئاسمانیش تا چاو بڕ دەکات کەنار و میلەتی سپی و دڵخۆش دەبینم. بەلەمێکی گەورەی زێڕین، لەژێرەوەم، ئاڵا ڕەنگاوڕەنگەکانی لەبەر سروەی بەیان، ڕادەوەشێنێ. هەموو جەژنان و هەموو سەرفرازییەک و هەموو درامایەکم ئافراند. هەوڵی ئەوەم دا گوڵی نوێ و ئەستێرەی نوێ، لەشی نوێ و زمانی نوێش دابهێنم. وام لێکدایەوە دەسەڵاتێکی لە سەرووی سروشتیم دەبێ. ئەی ئێستا، دەبێ خەیاڵ و زاکیرەم زیندەچاڵکەم! شکۆمەندی خوازراوی هونەرمەندێک و حیکایەتخوانێکە!

من! من کە بەخۆم سیحرباز و ئاگرپەرست، گەردن ئازاد لە هەموو ئەخلاقیێک، سپێردرامەوە بەخاک، ئەرکی گەڕانم بەسەر سپێردراوە و واقیعێکی تاڵیش دەبێ لە ئامێز بگرم! هەی جوتیار! ئایا بەهەڵەیا چوومە؟ ئەرێ دەبێ لەبۆ من چاکە خوشکی مەرگ بێ؟

لە کۆتاییدا! داوای لێبوردن دەکەم، چونکە درۆم دەرخواردی خۆم دا. با بڕۆین.

بەڵام دەستی هاوڕێیەک نییە! لەکێ داوای یارمەتی بکرێت!

بەڵێ، کاتی نوێ، بەلایەن کەمەوە، گەلێ دژوار ترە.

چونکە دەتوانم بڵێم کە سەرکەوتنم دەسگیر بوو: گڕکردنەوەی دان و کڵپەی



ئاگر و هەناسەی ڕشانەوە، ئەمانە گشتی کەمێ هێوڕ بوونەوە. دوا پەشیمانییەکانم یەکئالآ دەبنەوە، –ئێرەیی بردن بەدەرۆزەکەران و دزان و هاوڕێیانی مەرگ، دواکەوتوان، لە هەموو بابەتێ.– لەعنەت لێکراوان، چ دەبێ گەر داوای تۆڵە بکەم!

پێویستە بەشێوەیەکی ڕەها ئازاد بین.

سروود نەما: هەنگاوەکانمان سەرکەوتوانە بپارێزین. شەوێکی درێژ! خوێنی هیشکەوە بوو لەسەر ڕوخسارم دووکەڵ دەکات و شتێکیشم لە دوا بەجێ نەما، جگە لەم نەمامە دزێوە نەبێت!... جەنگی ڕۆحانی چەشنی جەنگانی پیاوان دژوارە؛ بەڵام، بینینی عەدالەت تاقە لەزەتی خودایە.

لەگەڵ ئەمەش، هێشتا لە دوێنێین. با پێشەوازی لە هەموو ترپەیەکی چالاک و نەرمونیانییەکی ڕاستەقینە بکەین. لەگەڵ کازیوەدا، بەئارامیی چەکدار دەبین و دەچینە شارە درەوشاوەکانەوە.

چ لە بارەی دەستی هاوڕێیەکەوە بدوێم! سوودەکەشی، دەتوانم بەئەڤینە کۆنینە درۆزنینەکان پێبکەنم و ئابڕووی ئەو ژن و مێردە درۆزنەش بەرم،– لەوێندەرێ، دۆزەخی ژنانم بینی؛– دەشێ هەقیقەتم لەناو ڕۆح و جەستە دەسگیر بێ.

نیسان– ئاب ١٨٧٣

# درەوشانەوە

# پاش لەهی

هەر پاش ئەوەی فیکرەی لەهی خامۆش بووەوە.
کەروێشکێک لە نێو سانفوا[1] وگوڵە زەنگوڵە[2] لەراوەکاندا هەڵوێستەیەکی کرد و لە نێو تەونی جاڵجاڵۆکەوە نوێژی بۆ پەڵکەزێرینە کرد.
ئای بۆ بەردە نایابە شاراوەکان- خۆ گوڵانیش سەیریان دەکرد!
لە شارێیە پان و پیسـەکەدا شتومەک ڕاخرا، گەمییەکـان بەرەو دەریای پەیژەبەندیش، هەروەها لەسەر نەخشەکانیشدا، ڕاکێشران.
خوێن لەلای بارب- بلۆ[3] چۆڕەی هات، -لە قەسابخانەکان- لە سێرکەکان، کە ئەنگوستیلەی یەزدان پەنجەرەکـانی زەرد هەڵدەگەڕاند. شیـر و خـوێن چۆڕەیان هات.
قوندورەکان[4]کولانەیان چێ کرد "مازاگران"ەکان لە مەیخانەکاندا جگەرەیان دەکێشا.
لە خانووە گەورە شوشەبەندەکان کە ئاوی لێ دادەچۆڕی، منداڵان لە پرسەن و تەماشای وێنە سەمەرەکانیان دەکرد.
دەرگـایەک داخـرا، لە گـۆڕەپانی گـوندەکـە، زاڕۆڵـەیەک لەژێر ڕێژنەیەکی شـێـتـانەدا بازووەکـانی بادا، هەروەها باناس[5] و کـەڵەبابی منارەکـانی ئەو

(1) سانفوا (Sainfois):جۆرە گژوگیایەکە کە پووش و پەلاشێکی باشی لێ دەسگیر دەبێت.
(2) گـوڵە زەنگوڵە (clohette): جـۆرە گـوڵێکە شـێـوەی لە زەنگوڵ دەچێت. وشـەیەکی داڕێژراوە.
(3) بارب -بلۆ(Barbe-Bleue): حـیکایەتی "پیـرۆل"ە، شـەش ژنی خـۆی دەخنکێنێ، خـەریکی خنکاندنی حـەوتەم دەبێت، لەلایەن براکـانیـیـەوە قـوتار دەکـرێ و هەر بەدەست ئەوانیش دەکوژرێ.
(4) قـوندور (castor): جـۆرە ئاژەڵێکە، لە ناوچەکـانی ئەمـەریکای باکـوور و ئەوروپادا دەژێت، پێیەکانی پشتەوەی وەکو پێی مراوییە، جاران لە فەرووەکەی کڵاوی پیاوان دروست دەکرا.
(5) باناس (girouette): لە شێوەی تیر، یا بەتەختە دروست دەکرێت، لە شوێنێکی بەرز دادەنرێت بۆ ناسینی ڕەوتی"با" وشەیەکی داڕێژراوە.



ئاقارەش.
خانم *** ئورگـێکی لە ئەلب دامەزراند. نوێژی یەکەمین قـوربانی لە سەد هەزار قوربانگەی[6] کاتێدراڵ دەبەسترا.
کـاروانەکـان ئاوابوون و مـێـوانخـانەی" سـپلەندید" لە نێـو پاشـەگـەردانی شەختە و شەوی پۆڵێندا دروست کرا.
لەو کاتەوە، مانگ لە دەشتایی جاترەکان گوێی لە لوورەی چەقەڵەکان بوو.

ئیگلۆگەکان[7] لەو کێڵگانە، بەخۆیان و قاپقاپەکانییانەوە مرخەیان دەهات، "ئۆخاریس"[8] پێی وتم: بەهار بوو.
- گـوڵ بـتـەقـێـتـەوە- کـەفـیش بەسەر پرد و بەسـەر دارسـتـاندا غل بەرەوە، چەرچەفە سیاکان و ئۆرگەکان- بلاچە و هەورە تریشقەکان- ڕاپەڕن و غل بخۆن-، ئاو و غەمگینیی، لەهی سەرخەن و دەربخەن.
چونکە لەو کـاتەوەی کە بەند کراوە- ئای- بەردە نایابە حەشار بـووەکان، گوڵە شکۆفەکـانیش! چ بێزارییەکە! شاژنیش، جادوباز لە نێـو ئینجانەی قـوڕیندا پەنگرەکەی جۆش دەدا، نـایەوێ ئەو شـتـانەمـان بۆ بگێـڕێـتـەوە کە دەیزانێ، کە نایزانین.

# منداڵیی

1

ئـەم بـتــە، چاو ســـیـــاهو یاڵ زەرد، بێکەس و کــار و دام و دەســـتــە، لە داستـانەکانیش خانەزادتر، چ مەکسیکی و چ فینلەندی، بواری لاژەوەرد و سـەوزەڵانێکی دژوارە، بەکـەناری شـەپۆلداری بێ گـەمـیـدا ڕادەکـات کـە

(6) قـوربانگە (autel): بەو شوێنە دەڵێن کە کـەشی قـوربانی لە دەور دەگـیرێت، تایبـەتە بە ئایینی مەسیحی. وشەیەکی داڕێژراوە.
(7) ئیگلۆگ (Eglogue): جۆرە شیعرێکی لادێییە، لیریکییە.
(8) ئۆخاریس: بووکی دەریای کالیسێویە، قارەمانە ژنی حیکایەتی تەلماکە.

بەسەختی ناوی یۆنانی، سلاڤی، سەلتییان پێ بەخشیوە.
لە قەراغی دارستانەکەدا- گوڵانی خەون زرەیان دێت- دەتەقێ و دەبریقێنەوە – کیژی لێو پرتەقاڵ، قاچ لەسەر قاچ لەنێو لەهیبیەکی ڕۆشنی بەندکراوی کیلگەکاندا، ڕووتیی سێبەرە، ڕەت دەبێت و پەڵکەزێڕینە دەکاتە بەر، ڕوەک و دەریا.
خانمەکان لەسەر هەیوانە نزیکەکانی دەریادا دێن و دەچن، بچکۆڵە و زەبەللاح، سیاهێکی شەنگی نێو قەوزەی سەوز باو، گەوهەرە ڕژاوەکانی سەرزەمینی چەوری دەوەن و باخچەی کرێوە کە دەتوێنەوە،- دایکە جاهێڵەکان و خوشکە قەیرە چاوانی پڕ حەج، سوڵتانەکان، شازدە جلوبەرگ ڕەوت سەختەکان، کیژۆڵە بیانییەکان و خەڵکانێ بەنەرمونیانییەوە غەمگین.
چ بێزارییەکە، ساتی "جەستەی ئازیز" و "دڵی ئازیز".

## 2

ئەمە خۆیەتی، کیژۆڵە مردووەکەی پشت گوڵە باغەکان- دایکی جوانەمەرگەکە بەپێپلیکانەی ماڵەوە دێتە خوارێ- گالێسکەی ئامۆزایانیش لەسەر لمەکە جیرەی دێت- برا بچووکەکە (لە هیندوستانەوە!)، لەوێندەرێ، بەرامبەر خۆرنشین لە نێو کیلگەی خەشخاش. پیرەمێردەکانیش ڕاست لە نێو شووره مێخەکینەکە نێژراون.
گەلایەکی زێڕینی زۆریش دەوروبەری ماڵی جەنەراڵی داوە. ئەوانیش لە باشوورن.- بەرەو خانە بەتاڵەکانیش پێویستە ڕێگای قرمزی بگرن. کۆشک بۆ فرۆشتنە، پەردەکان داماڵراون. ڕەنگبێ کەشیش کلیلەکەی لە گەڵ خۆی بردبێ.
-دەوروبەری باخچەی گشتیش، ژووری پاسەوانەکان بەتاڵن. چەپەرەکانیش هەندە بەرزن تەنها لە بەرزاییەکانەوە گوێمان لە خشپە دەبێ. پاشانیش هیچی وانییە کە لە ژوورەوە ببینرێت.
کێڵگەکان بەرەو کۆلێتەکان بەرزدەبنەوە کە بێ کەڵەشێرن، بێ سندانن.



ئیکلۆز بەرزکراوەتەوە. ئای ئازارەکان[9] و ئاشی ساراکان، دورگە و ئاسیاوەکان!
گوڵە ئەفسووناوییەکان گزرەیان دێت. لێژاییەکانیش ڕایدەژەنن. ئاژەڵە هەرە کەشخەکانیش هامووشۆ دەکەن. هەوریش لەسەر دەریای دروستبوو لە هەتاهەتایی فرمێسکە گەرمەکانی چڕ دەبێتەوە.

## 3

لە دارستانەکەدا باڵندەیەک هەیە، نەغمەکانی ڕاتاندەوەستێنێ و سوورتان هەڵدەگەڕێنێ.
سەعاتێک هەیە زەنگ لێ نادات.
زەڵکاوێک هەیە هێلانەی ئاژەڵێکی چەرمووی تێدایە.
کاتیدراڵێک شۆڕ دەبێتەوە و دەریاچەیەک سەردەکەوێت.
گالێسکەیەکی بچووک لەناو پووش و پەلاشی بەجێهێڵراوە، یا بەغار لە ڕێگا بە ئۆبە ئارایشکراوەکاندا دێتە خوارێ.
تیپێکی ئەکتەری بچووکە پۆشتە، لە ڕێگای قەراغ جەنگەڵەکە بەدی کران.
لە کۆتاییدا، کە برسی یا توینوو دەبیت، یەکێ ڕاوت دەکات.

## 4

من پیرم[10] و لەم بەر هەیوانەدا خەریک نوێژ کردنم- هەر وەکو ئاژەڵە ئاشتی خوازەکان تا دەریای فەلەستین دەلەوەڕن.
من زانایەکی خاوەن قەنەفەیەکی ڕەنگ تاریکم. چڵ و باران خۆیان دەدەنە بەر پەنجەرەی کتێبخانە.
من پیادەڕەوەی ڕێگای دووری قەراغ دارستانە کورتەبنەکانم، دەنگی قەڵبەزەی ئیکلوزەکان شەقاوەکانم دادەپۆشن. قەدەرێک خەمۆکی پۆدرەی

(9) ئازارەکان: مەبەست لە ئازارەکانی عیسای کوڕی مەریەمە.
(10) لێرە پیر بە مانا ئایینییەکەی بەکار هێنراوە، بەرامبەر بە "قدیس" ی عەرەبییە.

زێڕینی خۆرنشین دەبینم.
بەڕاست دەبمە ئەو منداڵە جێهێڵراوەی ناوەندی دەریا، ئەو خزمەتکارە بچووکەی کە ملی ڕێگایەک دەگرێت کە تەوێڵی لە ئاسمان دەسوێ.
سەختن ڕیگاوبان. بەگوڵە پەپوولە داپۆشراون تەپۆڵکەکان. کەش سڕە. دوورن باڵندە و کانیاو! ئەمە ڕەنگبێ کۆتایی دونیا بێت، بەبەرەو پێشەوە چوون.

## 5

دەبا ئەم گڵکۆیەم بۆ بەکرێ بگرن، بەگەچ کەفماڵ کراو خەتی چەمەنتۆ دەرپۆقیو- دوور، لە قووڵایی زەوی.
ئەنیشک دەخەمە سەر مێز، چراش گەش ئەو ڕۆژنامانە ڕۆشن دەکاتەوە کە چەند نابەڵەد بووم لە دووپات کردنەوەی خوێندنەوەیان، ئەم کتێبە بێ سودانەش.
لە دوورایییەکی زۆر لەسەر ساڵۆنە ژێرزەمینییەکەم، خانوو دروست دەکرێن وتەمومژ کۆدەبنەوە. قوڕ قومزی یا سایا. شارێکی زەبەللاح، شەوێکی بێ کۆتایی!
کەمێ نزمتر، زێرابەکانە. لەتەنیشتیش، لە ئەستوورایی کەون زیاتر هیچی کە نییە. ڕەنگبێ خەڕەندە لاژەوەردیی و بیرە ئاگرینەکان. ڕەنگبێ لەم ئاستەدا بێت مانگ و ئەستێرە کلکدارەکان یەک بگرن، دەریا و ئەفسانە.
لە ساتە تاڵەکانیش خەیاڵی بەردە نایاب و کانەکان دەکەم، هەڵماتی کانەکانم. سەرداری بێدەنگیم من. بۆچی ڕوخساری کڵاوڕۆژنەیەک لە سوچی گومبەزەکەدا ڕەنگ زەرد هەڵدەگەڕێ؟

***

## حیکایەت

شازادەیەک توڕە بوو چونکە تەنها گەشەی بەپێشەوە چوونی دەست بڵاوییەکی تورەهات دەدا. پێشبینی شۆڕشی خۆشەویستی سەرسوڕێنەری



دەکرد و گومانی لە ژنەکانی دەکرد کە دەتوانن لە موجامەلە ئارایشکراوەی ئاسمان و سەڵتەنەت چێتر بن. دەیویست حەقیقەت ببینێ، ساتی ئارەزوو ڕەزامەندێکی جەوهەری.
کە وێڵی بەزەییانە بوو یا نە، ئەو ئەمەی دەویست. بەلایەن کەمەوە خاوەن دەسەڵاتێکی فراوانی مرۆڤانە بوو.
هەموو ئەو ژنانەی کە ناسینی کوژران. چ ماڵ وێرانییەکە لە باخچەی جوانیی!
لەژێر شمشێردا پیرۆزباییان لێکرد. چی تر داوای ژنی نوێی نەدەکرد. جارێکی دی ژنان دەرکەوتنەوە.
ئەوەی دوای دەکەوت دەیکوشت، پاش ڕاو یا شەڕاب ڕۆکردن[11] – هەموو دوای دەکەوتن.
هەر بۆ ڕابواردن ملی ئاژەڵە کەشخەکانی هەڵدەکێشا. ئاگری لە کۆشکان بەردا.
شاڵاوی بردە سەر خەڵک و پارە پارەی کردن.
حەشامات، سەرخانووی زێڕین، ئاژەڵە جوانەکانیش لەوێ بوون.
دەکرێ مرۆڤ بەخاپوور کردن دڵخوش بێت و بگەشێتەوەش بەدڵڕەقی!
میللەتیش بێ فززە.
ئێوارەیەکیان بەشانازییەوە غارغارینی دەکرد. ئەجندەیەک دەرکەوت، جوانییەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو، لە سەرووی وەسف کردن. لە شێوە و ڕوخسارییەوە، بەڵێنی خۆشەویستییەکی دووپات بووە و ئاڵۆز دەردەکەوت! بەڵێنی بەختیارییەکی لە وەسف بەدەر، بەڵکو بەدەر لە توانا! شازادەو ئەجندەکە لەناوچوون، ڕەنگبێ لەناو تەندروستییەکی جەوهەریدا لەناو چووبێتن. چۆن نەدەکرا بەو جۆرە نەمرن؟ واتە هەردووک پێکەوە مردن.

(11) شەڕاب ڕۆکردن: لە یۆنانی و ڕۆمانی کۆندا. شەڕابیان بۆ خوداوەندەکانیان ڕۆدەکردن، جۆرە قوربانییەک بوو، بەشێکە لە کەشە ئاییننییەکانیان.

بەڵام شازادە، لە کۆشکەکەیدا، لە تەمەنێکی ئاساییدا مرد. شازادە ئەجندەکە بوو، ئەجندەکەش شازادە.
بۆ ئارەزوومان مۆسیقای عاریفانەمان کەمە.

***

## پێشانگا

قۆشمەچییە هەرە بەهێزەکان. هەندێکیان دەستیان بەسەر جیهانەکانتانا گرت.
بەبێ پێویستی و بێ ئەوەی پەلەی ئەوەیان بێت کە توانا بەدەگمەن و ئەزموونی هوشیارییەکانتان بخەنە کار. چ زەلامی پێگەیشتوون! چاوە ئەبلەقەکانیان هەر چەشنی شەوی تاوستان، قرمزی و سیا، سێ ڕەنگینە، پۆلایین، ڕەنگین بەئەستێرەی ئاڵتونی، ڕوخسار شێواو، قورقوشمین، ڕەنگ زەرد، سووتاو، دەنگ کەرخیی بەفیز! بەتوند وتیژیی باق و بریقانە ڕێیان دەکرد:- چەند لاوێک هەن- ئای فریشتە، چۆن تەماشایان دەکرد؟ خاوەن دەنگی سامناک و سەرچاوەی ترسن. بۆ شار نێران تاکو پشت ئەستوور بن، بەکەشخەییەکی قێزلێهاتوو پۆشتە بوو.
ئای بەهەشتی سەختی چارەگرژی هار! بەراوردکاری لەنێوان دەروێشەکانتان و گاڵتەجارییە دیمەنییەکانی ترتاندا نییە. بەجلوبەرگی تازە داهێنراوەکانی زەوقی خەونێکی ناخۆش، شیوەن و تراژیدیایەکانی ڕێگر و نیمچە خواوەندە ڕوحانییەکان دەنوێنن کە هەروەکو ئەوەی کە هەرگیز لە مێژوو و ئاینەکاندا نەبووبن. چینییەکان، هۆتینتۆیەکان، بوهیمییەکان، کورتە بنەکان، کەمتیارەکان، مۆلوخەکان، شێتییە کۆنەکان، شەیتانە سامناکەکان، دەڵەسەی میللی و دایکانە، لەگەڵ ڕاوەستان و نەرمونیانی ئاژەڵەکان تێکەڵ دەکەن. توانای نواندنی شانۆنامەی نوێ و سترانی کیژۆڵەکانیان هەبوو. شایەری وەستا، شوێن و کارەکتەرەکانیان دەگۆڕێ و کۆمیدیای موغناتیس بوویان پێشکەش دەکرد. چاوان گڕگرتوو، خوێنیش دەم بەگۆرانی، ئێسقانەکانیش دەکشان و فرمێسک و تۆڕە



سوورەکانیش چۆڕەیان دەهات. گاڵتەجارییەکانیان، یا ترسەکانیان، دەقیقەیە یا چەند مانگێکی دەخایاند.
تەنها منم خاوەنی کلیلی ئەم پێشانگا کێویە.

***

## پەیکەرێکی کۆن

کوڕە زراڤەکەی "پان"![12] دەوری تەوێڵت تاجە گوڵیلکە، ترێی کێویلەش بەدەوری چاوانت، دوو هەڵماتی نایابن، دەجوولێنەوە. ڕوومەتت خڵتانی شەرابی قاوەیی بووە، ئاوا دەبن. دانەکانت دەبریسکێنەوە. سینەت چەشنی سیتار، لە هەر دوو باڵە زێڕینەکەتیشەوە ئاواز بەرزدەبێتەوە. دڵت لەناو ئەو سکە لێدەدا، کە جووتە سێکسی تیا نووستووە. پیاسە بکە لە شەوان، بەشیرینییەوە ئەم سمتەت بجووڵێنەوە، ئەو سمتەی دیش، هەروەها ڕانی چەپتیش.

***

## بوونەوەری جوانیی

بەرامبەر بەبەفر بوونەوەرێکی جوانیی و باڵابەرز. فیکەی مەرگ و بازنەی مۆسیقایەکی نزم، ئەم جەستەی پەرستنە، فراوان دەکات و بەرزی دەکاتەوە و چەشنی تارماییەک هەڵدەلەرزێ، برینی قورمزی و وسیا لەو جەستە شەنگەدا قەڵبەزە دەکا. ڕەنگی تایبەتی ژیان تاریک هەڵدەگەڕێ، سەما دەکا، لە دەوروبەری ڕوانگە[13] بەرز دەبێتەوە، لەوشوێنەی کە بیناسازی دەکرێ.
موچڕکەکانیش بەرزدەبنەوە و دەمرخێنن، تامێکی هاجی ئەم شوێنەوارانە بەفیکەی مەرگ و مۆسیقایەکی کەرخ پڕ دەبێت کە جیهان، دوور لە پشتمانەوە، توڕی هەڵدەداتە سەر دایکی جوانیمان. - دەکشێتەوە و ڕێک

(12) (Pin) پان: کوڕی "دیرمینە"، لە میتیولۆژی یۆنانیدا خواوەندێکی پاسەوانی مێگەل و سروشت و کەسکایی دەکرد.
(13) (vision) ڕوانگە: رؤية.

ڕادەوەستێ. ئای! ئێسقانەکانمان بەجەستەی ئاشقێکی نوێ داپۆشراون.

***

ئای بۆ ڕوخسارێکی خۆڵەمێشین، تەغرای[14] یاڵ و بازووی کریستاڵین! ئەو تۆپەی کە پێویستە بکەومە سەری لە نێو تێکەڵ و پێکەڵیی درەختەکان و هەوای سووکدا.

***

## ژینەکان

### 1

ئای بۆ شەقامە فراوانەکانی وڵاتی پیرۆز، بۆ هەیوانەکانی پەرستگا! چیان لە براهمان کرد، کە قسە نەستەقەکانی[15] بۆ ڕاڤە دەکردم؟ لەو کاتەوە، لەو شوێنەوە، پیرەژنەکانم دەبینی! ساتە زیوینەکان و هەتاوەکەی تەنیشت ڕووبارەکانم دێنەوە یاد، دەستی ئاوایی لەسەر شانم، دەستبازیەکانیشمان لە نێو کێڵگەی بێبەردا.

ڕەوە کۆتری قرمزی بەدەوری بیرەکانمدا گزەیان دێ. -دوورخراوەم لێرانە، دیمەنێکم بینی کە هەموو شاکارە دراماتیکییەکانی هەموو ئەدەبیاتی لەسەر نواندرا. سامانە نامۆکانتان پێ نیشان دەدەم. بەسەر مێژووی ئەو گەنجینانەدا ڕادەمێنم کە دۆزیتانەوە. ئەوەی داهاتووش دەیبینم! حیکمەتی من چەشنی پاشەگەردانیی جێی قێز لێ بوونەوەیە. ئەرێ دەبێ عەدەمی من چ بێت بەرامبەر بەو حەپەسانەی کە چاوەڕوانتان دەکات؟

### 2

من داهێنەرێکم گەلێ شایستەترم لەوانەی کە پێش من هاتوون، بەڵکو لە موسیقاژەنێکیش زیاتر، کە شتێکی دۆزیبیەوە چەشنی کلیلی

(14) تەغرا: لە بنەڕەتدا ئەم وشەیە تورکییە. جۆرە نەخشێکە کە لە دیوێکی پارە یا لە سەر پارچە زیو و خشڵدا دەکرێت.
(15) مەبەست لە قسە نەستەقەکان: "سفر الامثال" کە لە عەهدی کۆندا هەیە.



خۆشەویستی. ئێستاش نەجیبزادەی گوندێکی تفتی خاوەن ئاسمانێکی قرچۆک، هەوڵی ئەوە دەدەم کە یادگاری منداڵیم، دەرۆزەکەر و شاگرد، یا هاتن بەقابقابەوە و دەمەتەقێ و پێنج شەش بێوەژنەکە و چەند شاییەکیش کە کەللەی ڕەقم ئەوەی لێ قەدەغە دەکردم کە بگەمە ئاستی ئاوازی هەڤاڵەکانم، بهێنمەوە جۆش. لەو بەشە دڵخۆشییە خواوەندییەم پەشیمان نیم: هەوای هەژاری ئەم ئاواییە تاڵە بەشێوەیەکی ڕادەبەدەر گومانە سەختەکەم ئاو دەدا. بەڵام ئیتر ئەم گومانکارییە ناکەوێتە کار، سەرەڕای ئەمەش لەژێر ڕکێفی هەژانێکی نوێم. - چاوەڕوانی ئەوەم کە ببمە شێتێکی زۆر شەڕانی.

### 3

دوانزە ساڵان دەبووم، لە هەورەبانێکدا حەپس کرام، جیهانم ناسی، کۆمیدیای مرۆڤایەتیم نەخشاند. لەناو عەمبارێکدا فێری مێژوو بووم. لە چەند جەژنێکی شەوانەی یەکێ لە شارانی باکوور، تووشی ژنی هەموو هونەرمەندە کۆنەکان هاتم. لە قەیسەرییەکی کۆنی پاریسدا زانیارییە کلاسیکییەکانیان پێ وتم. لە باڵەخانەیەکی کەشخە بەڕۆژهەلات ئابلۆقەدراو کارە مەزنەکەم ئەنجام دا. خەڵوەتی دەگمەنم تیا بردە سەر. خوێنم دەوڵەمەند کرد. ئەرکەکەم بۆ گەڕایەوە: بەڵکو پێوست بەخەوبینینیش ناکات. لە هەققەتدا من خەڵکی ئەو دیو گۆڕم[16]، دادیش نییە.

## سەفەر

زۆرم بینی. ڕوانگەم لەسەر هەموو ئاوازێک قبووڵ کرد.

زۆرم چنگ کەوت. قیژە و هاژەی شاران، لە ئێوارەدا، لەژێر هەتاودا و هەمیشە.

(16) ئەو دیو گۆڕ "outre-tombe": هێمایە بۆ شاتۆبریان (1768-1848) لەژێر ئەم ناونیشانە یاداشتەکانی دەنووسێ.

زۆرم زانی: هەڵوێستەکانی ژیان– ئای بۆ ڤیژە و هاژە و ئای بۆ ڕوانگە!
سەفەر بەنێو سۆز و هەرا و زەنای نوێ!

## شاهانە

سبەینیانێک، لەلای میللەتێکی گەلێ شیرین، ژن و پیاوێکی شەنگ لە گۆڕەپانی گشتیدا هاواریان دەکرد." هاوڕێیانم دەمەوێ ببێتە شاژن! دەمەوێ ببمە شاژن!" پێدەکەنی و هەڵدەلەرزی. بۆ هاوڕێیەکانی دەربارەی کشوفات و ئەزموونە کۆتاییی پێ هاتووەکانی قسەی دەکرد. یەک بەسەر ئەوی تردا دەبووڕایەوە.
لە ڕاستیدا ئەو تاق بەیانییە بوونە پاشا کە ڕایەخە ئەرخەوانییەکان لەسەر خانووەکاندا بەرز دەکرانەوە، هەموو پاش نیوەڕۆیەکەش بەرەو دارستانی دار خورماکان هەنگاویان دەنا.

## بۆ عەقلێک

ترپەی قامکێکت لەسەر دەهۆڵەکە هەموو دەنگەکان ئازاد دەکات و هاوئاوازییەکی نوێ دەست پێ دەکات.
هەنگاوێکی تۆ، سەرهەڵدانی پیاوانی نوێیە سەرەتای ڕەوتیانە.
سەرت پشتمان لێدەکات: ئەڤینی نوێ! سەرت ئاوڕمان لێ دەداتەوە، ئەڤینی نوێ "بگۆڕە قەدەرمان، ئافاتمان بدە لە بێژنگ، بەکات دەست پێ بکە"، زارۆکان سترانت بۆ دەچڕن." گەوهەری بەخت و نیازمان بەرەو کێ دەکەیتەوە بیکەوە" تکات لێ دەکەن.
لە هەمیشەییەوە هاتوو، بەرەو هەموو جێگایەک ڕادەبووڕێ.

## چێشتەنگاوێکی مەستانە

ئای خێر و ئای جوانیم! کەڕەنای سامناک چیتر ساتمە ناکات! تابلۆی ئەجندانە! بۆ یەکەمین جار، شاباش بۆ کارێکی سەخت و بۆ جەستەی سەمەرە. ئەمە لەژێر پێکەنینی منالاندا ڕووی دا، هەر بەوانیش کۆتایی



دێت. ئەم ژەهرە لە دەمارەکانماندا دەمێنێتەوە تاکو کەڕەنا ژەنەکان دوور دەکەونەوە، ئەو کات بەرەو نەشازی کۆن دەگەڕێینەوە. ئای کە ئێستە تەواو شایانی ئەم ئازارانەین!
بەگەرموگوڕییەوە ئەو پەیمانە سەرووی مرۆڤانە[17] کۆبکەینەوە کە بۆ جەستە و ڕۆحی دروستکراومان دراوە: ئەم پەیمانە، ئەم شێتییە! ئەم نەرمونیانییە، ئەم زانیارییە، ئەم توند و تیژییە! سۆزیان داینێ کە درەختی چاکە و خراپە لە نێو ئەم سێبەرەدا بنێژین، پاکیزەی زۆرداریش بگواسترێتەوە، تاکو ئەڤینی هەرە خاوێنمان بهێنن. بەم کتوپڕییە ناتوانین دەست بەسەر ئەم ئەبەدییەتە دابگرین. بەبلاوبوونەوەی گوڵاو کۆتاییی پێ دێت. پێکەنینی زارۆڵان، بێدەنگی کۆیلان، زوهدی عازەبان، سامناکی سیما و شتانی ئێرە، بەیادگاری ئەم ئێوارەیە پیرۆز بێت. ئەمە بەدەڵبی دەستی پێکرد و ئەمەش بەفریشتەی کڵبە و شەختە کۆتاییی هات.
ئێوارەیەکی بچووکی مەستی پیرۆز! بەلایەن کەمەوە لە پێناوی ئەو دەمامکەی کە دڵت پێخۆش کردین. دڵنیات دەکەین، مەنهەجێ! ئێمە ئەوە لە یاد ناکەین کە دوێنێ پیرۆزبایی تەمەنی هەر یەکێکمانت کرد. ئێمە بڕوامان بەژەهر هەیە. ئێمە دەزانین هەموو ڕۆژێ هەموو ژیانمان ببەخشین.
ئا ئەمەیە سەردەمی پیاوکوژان.

## ڕستە

کاتێ جیهان دەبێتە تاقە جەنگەڵێکی ڕەش بۆ چوار چاوەی واق ورماومان، –دەبێتە کەنارێ بۆ دوو منداڵی دڵسۆز،– دەبێتە خانووی مۆسیقا بۆ دلۆڤانی ڕۆشنمان،– دەتدۆزمەوە.
لێرە تاقە پیرەمێردێکی تەنها هەیە، هێمن و جوان، بە "کەشخەیەکی نامۆ" دەوردراوە،– لەبەر دەمت کڕنۆش دەبەم.
با هەموو یاداشتەکانتم هێنابێتە دی، –با ئەو کەسە بم کە بتوانێ بتبەستێتەوە،– دەتخنکێنم.

(17) سەرووی مرۆڤانە: (surhumain): فوق الانساني.

کاتێ گەلێ بەهێز دەبین، -کێ پاشەکشە دەکات؟ یا زۆر دڵخۆش - کێ دەبێتە قەشمەر؟ کاتێ گەلێ شەڕخواز دەبین، - دەبێ چمان لێ بکەن؟ خۆ ئارایش کەن، هەڵپەڕن، پێبکەنن.- هەرگیز ناتوانم خۆشەویستی لە پەنجەرەوە تورِ هەڵدەم.
- هاوڕێیە دەرۆزەکەم، زارۆڵەی زەبەللاح! چەندێ لەلات وەکو یەکە، ئەم چارە ڕەشییە و ئەم بگرە و بەردانە و ئەم پەشێوی منەش. خۆت پێمانەوە گرێدە بەدەنگی موستەحیلت، بەدەنگت! کوزکەشێکی تاقانەیە بۆ ئەم بێ هیواییە چلێسە.
چێشتەنگاوێکی هەورینی گەلاوێژ، تامی خۆڵەمێش لە هەوادا دەفڕێ، - بۆنی تەختە لە کوانوودا عارەق دەکات، - گوڵەکان خوسان - وێرانی پیاسە - غەمی جۆگەلەی کێڵگەکان - بۆچی تا ئێستە گەمەی زارۆڵان و بوخور نییە؟

***

گوریسێکم لە زەنگوڵەیەکەوە بۆ زەنگوڵەیەکی دی ڕاکێشت، تاجە گوڵینەشم لە دەلاقەیەکەوە بۆ دەلاقەیەکی دی، زریزەی زێڕینیشم لە ستارەیەکەوە بۆ ستارەیەکی تر و سەما دەکەم.

***

ئەو گوڵە بەرزە بە بێ وچان دووکەڵ دەکات. چ جادووبازێ لەسەر خۆرنشینی چەرمگدا هەڵدەستێ؟ چ چرۆی وەنەوشەیی دێنە خوارێ؟

***

کاتێ پارەوپوولی میللەت لە جەژنی برایەتی خەرج دەکرێ، زەنگێکی ئاگرینی پەمەیی لەناو هەوردا دەزرینگێتەوە.

***

تامی مەرەکەبێکی چینی خۆش زیندوو دەبێتەوە، پۆدرەیەکی ڕەش بەهێواشی دەبارێتە سەر دوێنێ ئێوارەم. چرای چلچرا خامۆش دەکەم و دەهاوێژمە سەر ڕایەخو ڕوو لە سێبەر دەکەم، کیژەکانم! شاژنەکانم! دەتانبینم!

***



## کرێکاران

ئای بۆ ئەم چێشتەنگاوە گەرموگوڕەی مانگی شووباتە. باشووری سەغلەتکەر دێت و یاداشتی ئێمەی عەبەسی و بەدبەختییە لاوەکانمان زیندوو دەکاتەوە.
هینریکا تەنوورەیەکی لۆکەی چوارگۆشەی سپی و بۆری هەبوو، پێی دەچوو لە سەدەی ڕابووردووشدا لەبەری کردبێت، کڵاوێکی ئۆیەدار و لەچکێکی ئاوریشمیش. ئەمە غەمگینتر بوو لە پرسەیەک. لە قەراغ شاردا پیاسەمان دەکرد. کەشیش هەورین بوو، ئەم بای وەشتەش هەموو بۆن ناخۆشەکانی باخچە هەڵکرووزاوەکانی کێڵگە هیشکەوەبووەکانی بۆ دەهێنایین. لە زوڵکاوێک کە سێلاوی پاشماوەی مانگی ڕابووردوو بوو، لە ڕچەیەکی بەرزدا، ماسییە یەکجار بچووکەکانی نیشان دام.
شار و دووکەڵ و تەقەتەقی کاسبکارەکانی، لەو ڕێگاوبانەدا دوامان دەکەوت. ئای بۆ جیهانێکی دی، دانیشتوان لەلایەن ئاسمان و سێبەرانەوە پیرۆزباییان لێکرا. باشوور، ڕووداوە کوێرەوەرییەکانی منداڵیم، بێ هیواییەکانی هاوێنەم، ئەو بەشە فەزیعەی هێز و زانیارییەم کە هەمیشە بەخت لێم دوور دەخاتەوە، دەهێنێتەوە یادم. نەخێر! ئێمە هاوین لەم وڵاتە قرچۆکە نابەینە سەر کە هەمیشە مارەبڕاوی هەتیوین. دەمەوێ ئەم بازووە ڕەقە چیتر ئەم وێنەی ئازیز ڕانەکێشێ.

## پردەکان

ئاسمانی کریستاڵییە خۆڵەمێشینەکان. وێنەی نامۆی پردان، ئەمانە ڕێکن و ئەوانە قۆقزین، ئەوانی دیش لێژدەبنەوە و گۆشەیی بەسەر ئەوانەی پێشوودا دەچەمێنەوە، ئەم وێنانەش لە بازنە ڕۆشنەکانی کەناڵدا نوێ دەکرێنەوە، بەڵام هەموو سووک و درێژ کە کەنارەکان هەڵگری گومبەزەکانن نزم دەبنەوە و بچووک دەبنەوە. هەندێ لەو پردانە هەڵگری کۆلێتن. هەندێکیان هەڵگری ستوونی چارۆگەن، ئیشارەت و پەرژینە شاشەکان. تەختە نێرومێیە چکۆڵەکان تێهەڵکێشی دەبن، دادەچۆڕێن، تێلەکانیش

بەسەر کەنارەکاندا بەرز دەبنەوە. چاکەتێکی دەبینرێت، ڕەنگبێ جلوبەرگی تر و ئامێری مۆسیقایش. ئایا ئەمانە ئاوازی میللین، یا پارچە کۆنسێرتی نەجیبزادەکانن، یا پاشماوەی سروودە جەماوەرییەکانن؟ ئاو شین و بۆرە، پان وەکو بازووی دەریا، - پزیسکێکی سپی لە ئاسمانەوە دێتە خوارێ و ئەم کۆمیدیایە خاپوور دەکات.

## شار

من ڕێبوارێک و هاونیشتیمانییەکەم قەد بێزاری شارێ نییم هەست بەنوێی بکا، چونکە بەدەرە لە هەمــوو زەوقــە باوەکــان، بۆ ڕازاندنەوەی دەرەوەی خانووەکان، هەروەها بۆ نەخشەی شارەکەش. لێرە هەست بەهیچ شوێنەواری ئاسەوارێکی پەرستن ناکەن. زمان و ڕەوشت گەڕاونەتەوە هەرە ئاسانترین شێوەی دەربڕینیان، لە کۆتاییدا! ئەو ملیۆنەها خەڵکەش کە پێویستیان بەیەکترناسین نییە، بەشێوەیەکی هاوچوو، پەروەردە و پیشە و پیریی دەهێنن، کە پێویستە ڕێڕەوی ژیان بەچەندین جار کورتتر بێت لەوەی کە ئاماری شێتی میللەتانی کێشوەر دەیکات. بەم جۆرە لە پەنجەرەکەمەوە تارمایی نوێ دەبینم، لە نێو ئەستوورایی و دووکەڵی ئەبەدی ڕەژووەوە سێبەرە دارستانییەکەمان، شەوی هاوینەمان لوول دەدات! خوداوەندی تۆڵەی نوێش، لەپێش خانووە قنجە لادێیەکەم کە نیشتمان و دڵمە، چونکە لێرە هەموو شتێ بەمە دەچێت، - مەرگی بێ گریان، کچۆڵە چالاکەکان و کارکەرەکەمان، ئەڤینێکی ڕەشبین، تاوانێکی دڵڕفێن لە نێو چڵپاوی شەقام دەدرەوشێتەوە.

## شوێن پاچکە

لای ڕاست کازێوەی تاوستان گەڵا و هاڵاو و دەنگە دەنگی سوچی ئەو باخچەیە لە خەو هەڵدەستێنێ، تەپۆڵکەکانی لای چەپیش لەسەر سێبەرە وەنەوشەییەکاندا هەزاران شوێن پاچکەی ڕێگای شێداری گرتۆتە خۆ. خۆپێشاندانی ئەجندان. لە ڕاستیدا: گالیسکەی پڕ لە ئاژەڵی دارینی



ئاڵتونی، ستوونی بەلەم و پەڕۆی ڕەش، لە نێو غارغارێنی بیست ئەسپی سێرکی خاڵخاڵ، زارۆڵە و پیاوانیش لەسەر پشتی ئاژەڵە هەرە واق وڕماوەکانیان، بیست گالیسکە، کۆم و ئارایش بەبەیداخ و گوڵدار مینا گالیسکە کۆن و ئەفسانەییەکان، پڕ لە منداڵ و تواڵی گەشاوە، بۆ خۆپیشاندانێکی گوندیانەی قەراغ شار.- تەنانەت تابووتەکانی ژێر کەپری شەوین، کڵاوە ئەبەنووسەکانی بەرز دەکردەوە، جوانووە شین و ڕەشەکانیشی دەقۆزتەوە.

## شاران

ئا ئەمانە شارن! میللەتێکە لە پێناوی ئەلیگانیزەکان[18] دروست کران و لوبنانەکانی خەونیش. شالێی[19] کریستالین و دارستانێکیش لەسەر هێڵی ئاسن و خڕۆکە نەبینراودا دەجوڵێنەوە. دەرچەی چیا ئاگرپژێنەکان بەتۆپەڵ و لقە دارخورمای مسین زینار بەستن، بەشێوەیەکی هاوئاواز لە نێو گڕدا نەعرەتە دەکەن. جەژنە ئەڤیندارەکان بەسەر جۆگەلە هەڵواسراوەکانی پشت شالێکاندا زرینگەیان دێت. ڕاوە زەنگوڵ لە گەرووەکاندا هاوار دەکات. کۆمەڵە گۆرانیبێژە زەبەللاحەکان بەجلوبەرگەکانیانەوە غار دەدەن و هەروەکو تیشکی دۆندەکانیش بریقەیان دێت بەیداغەکان. لەسەر خانووەکان، لە نێوەند کەندەکاندا "ڕۆلان"ەکان[20] جوامێریی خۆیان جاڕ دەدەن. لەسەر تەنگەڕێیەکانی خەڕەند و لەسەر خانووەکاندا بریقەی ئاسمان چارۆگە هەڵگرەکانی پاپۆڕان ئارایش دەکات. دوابەدوای دارمان جەژنی کێڵگە بەرزەکان کە تیایە سەنتۆریسە[21] فریشتەییەکان لە نێو هەرەس هێنانی بەفردا پێش دەکەون. لەسەر ئاستە هەرە بەرزەکانی لوتکەشدا، زەریایەک

(18) ئەلیگانی: زنجیرەیە تەپۆلکە و گردن لەنێوان پنسلڤانیا و فرجینیا.
(19) شالێ: جۆرە خانوویەکە بەتەختە و دار دروست دەکرێت لە ناوچە شاخاوییەکاندا.
(20) ڕۆلان: لە ڕۆمانەکانی چاخەکانی ناوەندا، ناوی قارەمانێکە، سەرلەشکری خاچپەرستانە. ڕامبۆ لە شێوەی کۆ بەکاری هێناوە.
(21) سەنتۆر: جۆرە ئەسپێکە پێشەوەی چەشنی مرۆڤە و پاشەوەی وەکو ئاژەڵێکی ئەفسانەیە. بەگوێرەی ئەفسانەکان گوایە کاتی خۆی ژیاوە.

بەلەدایکبوونی ئەبەدیی ڤێنوسی شلّەژاوە، پڕ لە پاپۆڕە مۆسیقاییەکان و هەرا و هوریای مــرواری و بەردە نایابەکــان، - دەریاش هەندێ جــار بەتیشکێکی کوشندەی تاریک دادەگیرسێ. لە قەدپالّەکاندا دەسکەنەی گولّی گەورە بەقەد چەک و پەرداخەکانمان مرخەی دێت. لە نشێوەکانیش کاروانی جنۆکەی خەونەکان، ڕەنگ شێ و ماستین[22] سەر دەکەون. لەوێندەرێش، پێیەکان لە نێو دڕک و دالّ و سۆلاڤدا، کەلّە کێوییەکان شیری دیانا[23] دەمژن. سۆزانییەکانی[24] قەراغ شار دەگرین، مانگیش دەسووتێ و هەنسک دەدات. ڤێنوس دەچێتە ئەشکەوتی ئاسنگەران و دەروێشانەوە. کۆمەلّە قەلایەک بیری میللەت دەچڕن. لەو کۆشکانەی کە بەهێسقان دروست کراون، مۆسیقایەکی نادیار بەرزدەبێتەوە. گشت ئەفسانەکان گەشە دەکەن، هەلّپەکانیش خۆ تورِ دەدەن لە شارۆچکەکان. بەهەشتی باهۆزەکانیش هەرەس دەهێنن. کێوییەکان بەبێ وچان لە جەژنی شەودا سەما دەکەن. بۆ سەعاتێک چوومە ناو قەلّەبالّغی شەقامێکی بەغدا و بۆ کارێکی نوێ تیپێک گۆرانی دەچڕێ، لەژێر شەمالّێکی چڕدا، دەخولامەوە بەبێ ئەوەی بتوانم خۆ لەو تارماییە جوانەی شاخان بپارێزم کە وای پێویست دەکرد تووشی یەکتر بین.

چ بازوویەکی چاکن، چ کاتێکی خۆشە کە ئەو ناوچەیەم بۆ دەگەڕێنێتەوە کە وەنەوز و هەرە بچووکترین بزووتنەوەی لێوە دێت؟

## دوو دەرۆزەکەر*

برای بەسزمانم! چ شەوێکی سەختم چێشت!" لەم پڕۆژەیەدا هیچم چنگ نەکەوت. بەنوقسانی ئەو گەمەم پێکرا. بەهۆی هەلّەی من ڕەنگبێ گەڕابێینەوە مەنفا، دوو کۆیلە". ئەو شووم و بێ تاوانییەکی گەلێ نامۆی بۆ

(22) ماستین: ئاوەلّناوە بۆ ماست. وشەیەکی داڕێژراوە.

(23) دیانا: خوداوەندێکی ئیتالیاییە.

(24) سۆزانییەکان: مەبەست ئەو ئافرەتانەیە کە هەمیشە لە گەلّ باخوس دان: خواوەندی مەی و ڕابواردن.

(*) مەبەست" ڕامبۆ" و ڤێرلێن"ە.



دەخواستم، پاشان هۆکاری ڕاڕایی دەخستە سەر. بەگالّتەجاڕییەوە وەلامی ئەو جیهانە ئەهریمەنییەم دەدایەوە و دەچوومە بەردەم پەنجەرەکە. لەپشت گوندەکەی کە تیپی مۆسیقاژەنی دەگمەنی لێوە ڕەت دەبوو، تارمایی کەشخەیی شەوی داهاتووم دەخولقاند.

پاش ئەو خۆخافلاندنە تەندروستییە (کەم تا زۆر)، دەچووم لەسەر ڕایەخێکی پووش ڕادەکشام. بەلایەن کەمەوە هەموو شەوێ، هەر کە دەنووست، برای کەساس هەلّدەستا، دەم گەنیو، چاوهەلّکۆلّراو، - هەروەکو ئەوەی خۆی لە خەوندا ببینی! -بەرەو هۆلّەکە ڕایدەکێشام هاواری خەونە گەلحۆ خەمۆکییەکی دەکرد.

لە ڕاستیدا بەهەموو وریاییەکی هزرمدا، ئەوەم گرتە ئەستۆ کە بیگەڕێنمەوە دۆخە سەرەتاییەکەی کە کوڕی هەتاو بوو، - وێلّ دەبووین، توێشوومان شەرابی ئەشکەوتان و پسکێتی ڕێگاوبان، منیش بەپەلە بۆ دۆزینەوەی شوێنێک و شێوەیەک.

## شاران

ئەکرەپۆلی[25] ڕەسمی تەحەددای بۆچوونە هەرە زلەکان دەکات. مەحالّە دەربڕینی ڕۆژێکی تەلّخ لەلایەن ئاسمانێکی خۆلّەمێشینی بەردەوام، درەوشانەوەی ئیمپراتۆری خانووبەرەکان و بەفری ئەبەدی سەرخاک. بەزەوقی زلیەکی نامۆوە هەموو سەرسوڕێنەوە ئاریشتەکتورە کلاسییەکانیان لاسایی کردەوە. دەچمە پێشانگای تابلۆ لە بارەگایەک کە بیست جار لە هابتۆن- کورت[26] فراوانترە. چ تابلۆیەک! نەبوخوزنەسرێکی نەرویجی پەیژەکانی وەزارەتەکانی دروست کرد، ئەو فەرمانبەرانەی کە تاکو ئێستە توانیم چاوم پێیان بکەوێت لە [...][27] بەفیزترن، بەرامبەر دیمەنی پاسەوانانی کۆلّەگەکان و وەستاکانی بینا هەلّلەرزیم. بەگرت کردنەوەی

(25) ئەکرەپۆل: بەشێکی هەرە بەرزی شارەکانی گرێکە.

(26) هابتۆن- کورت: خانووبەرەیەکی شاهانەیە، لە نزیک لەندەن.

(27) لە دەستنووسەکەی ڕامبۆ، ئەم وشەیە ناخوێندرێتەوە.

خانووبەرەکان لە شێوەی کۆمەڵ، حەوش و سەرخانووەکان داخراو عارەبانچییەکانیان دەرکرد. باخچە گشتییەکانیش سروشتێکی سەرەتایی دەنوێنن کە هونەرێکی باڵا ئەنجامی دابێت. گەڕەکە بەرزەکەش بەشی لە وەسف بەدەری تێدایە: بازووی دەریا، بێ بەلەم، چینە تەزرە شینەکانی نێو کۆرنیشەکان کە هەڵگری مۆمدانی گەورەن، لوول دەدات. پردێکی کورت دەچێتە سەر دەروازەیەکی نهێنی ژێر گومەزی سانت- شاپێل. ئەم گومەزە قەڵغانێکی پۆڵایی هونەرییە، تەوەرەکەی نزیک پانزە هەزار پێیە.
لەبەر چەند خاڵێکی تێپەڕگەی مسین، سەر خانووەکان، پەیژەکان کە دەوری ساڵۆن و کۆڵەگەکانیان داوە، وام هەست کرد کە دەتوانم قووڵایی شارەکەی پێ بزانم! شتێکی سەمەرەبوو کە دەرکم پێ نەکرد: دەبێ ئاستی گەڕەکەکانی سەر و ژێری ئەکرۆپۆڵ چەند بن؟ مەحاڵە زانینی بۆغەریبی ئەم زەمەنەی ئێمە. گەڕەکی بازرگانان بازنەیەکی یەک شێوازە، لەگەڵ ساڵۆنی کەوانەدار. دوکان نابینرێت، بەڵام بەفری سەر شۆستە پلێشاوەتەوە، چەند نابابێکی[28] دەگمەن، چەشنی پیاسەکەرانی سبەینانی یەک شەممۆانی لەندەن، بەرەو گالیسکە گەوهەرینەکانیان دەچن.
چەند قەنەفەیەکی مەخمەڵ سوور: خواردنەوەی پۆلێن پێشکەش دەکەن، نرخەکانیان لەنێوان هەشت سەد و هەشت هەزار ڕوپیە دایە. لە جیاتی ئەوەی لەم گەڕەکە بازنەییەدا بیر لە گەڕان کەمەوە بەدوی شانۆدا، بەخۆ دەڵێم دەبێ لە نێو ئەم دوکانانەدا بەپێی پێویست درامای تاریک هەبێت. بەڵام پێی دەچێ یاسا تا بڵێی نامۆ بێت، دەستبەرداری ئەوە دەبم کە بیرێک لەلای خۆ دروستکەم دەربارەی سەرچڵانی ئەم شوێنە. قەراغ شار وەکو شەقامی پاریس شەنگە، بەختیارە بەڕووناکی. نێوەندی دیموکراسی چەند سەد کەسێک دەگرێتە خۆ. لێرەش خانووەکان یەک لە دووی ئەوی ترەوە نایەن، قەراغ شار بەشێوەیەکی نامۆ لەگەڵ گوندا تێکەڵ دەبێت،

(28) ناباب: لە هیندستانی ئیسلامی بە حاکمی ناوچەیەک دەوترێت یا بە ئەفسەری سوڵتان. لە "نواب"ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.



ناوچەکە ڕۆژئاوای ئەبەدی پڕ لە دارستان و دار و درەختی نایاب دەکات کە نەجیبزادە کێوییەکان ڕۆژنامەی خۆیان لەژێر ڕووناکی دەستکرد ڕاو دەکەن.

# ئێشکگرتن

## 1

ئەمە پشووی ڕووناکە، نە تا ، نە داهێزراوی، لەسەر ڕایەخ نە لە وەڕگادا نییە.
ئەمە برادەرە، نە گەرم و گوڕ نە دەغەزار. برادەرە.
ئەمە خۆشەویستە نە ئازاردەر نە ئازارچێژ. خۆشەویستە.
هەوا و جیهان بەبێ گەڕان ژیان.
– کەواتە ئەمە بوو؟
– خەونیش فێنک دادێ.
ڕووناکی بەرەو کۆڵەگەی باڵەخانە دەگەڕێتەوە. لەم سەر و ئەوسەری هۆڵەکە، دیکۆر ئاسایی، پەیژە هارمۆنییەکان یەک دەگرن. دیوارەکەی بەرامبەر ئێشکگر دووپات بوونەوەیەکی پسیکۆلوژی بەشەکانی فریزە[29]، سیپاڵی ئەتمۆسفێریی و ڕووداوە ژیولۆژییەکان. خەونێکی توندوتیژ و خێرا هی کۆمەڵە عاتیفەییەکان لەگەڵ بوونەوەری میزاج جیاوازی نێو هەموو دیمەنەکان.

## 2

لە شەودا، چرا و مافوورەکانی دوێنێ ئێوارە هاژەی شەپۆلانیان هەیە، بەدرێژای جەستەی پاپۆڕ و دەوروبەری پردەکەی پاشکۆ.
دەریای دوێنێ ئێوارە، چەشنی مەمکۆڵەکانی ئەمیلیایە.
بەڕەکانی قەد دیوار، تاکو ناوقەدی، دەوەنی سوورمەدارە، بەزومەڕەد بۆیاغ کراوە، کە کووکووختی دوێنێ ئێوارە خۆیان فڕێ دەدەنە باوەشییەوە.

(29) فریز: بەو نەخشە دەرپۆقیوانە دەوترێت کە لەسەر دیواردا دەکرێت.

پلاکی[30]خانووە ڕەشەکە، هەتاوە ڕاستەقینەکانی کەناری لمین: ئای!
ئا ئەم جارە، بیری سیحر و تاقە دیمەنی کازێوە.

## سۆفیگەری

لە قەدپاڵی تەپۆڵکەکە فریشتەکان کراسە خورییەکانیان لەناو گژوگیای پۆلایین و زومەڕەددا بادەدەن.
کێڵگەکانی گڕ تاکو دۆندی گردەکان قەڵەمباز دەدەن.
لەلای چەپ خۆڵی ترۆپک، پێشێل لەلایەن هەموو پیاوکوژان و هەموو جەنگەکانەوە و گشت هەرا و زەنا کارەسات ئامێزەکان دوای لێژییەکەی دەکەوێت.
پشتی ترۆپکە لای ڕاستیش هێڵی ڕۆژهەڵاتەکان و پێشکەوتنەکان.
سەرەڕای ئەوەی کە ئۆیەکەی سەر تابلۆکە بەهاژەی غل خواردوو دروست بووە بەرەو مرواریییەکانی دەریا و شەوانی مرۆڤانە گورگە لۆقەیەتی.
شیرینی گوڵداری ئەستێرەکان و ئاسمان و ئەوەی ماوەتەوە، بەرامبەر تەپۆڵەکە سەبەتە ئاسا دادەبەزن، – بەرەو ڕوومان، کەندڕەکەی خوارەوە بۆندار و شین هەڵدەگەڕێنێ.

## کازێوە

باوەشم بۆ کازێوەی هاوین کردەوە.
هێشتا هیچ شتێک لەسەر ڕووی کۆشکەکاندا نەدەجووڵایەوە. ئاو مردبوو.
سەربازگەکانی تاریکی ڕچەی دارستانەکانی جێ نەدەهێشت. ڕۆیشتم، هەناسە ورياکان و شلەتێنەکانم هێنایە ئاگا، بەردە نایابەکان تەماشایان دەکرد و باڵەکانیش بەبێ دەنگ بەرز دەبوونەوە.
پڕۆژەی یەکەم، لەو ڕچەیەی کە پڕ لە بریسکانەوەی تەڕ و بێ ڕەنگ بوو، گوڵێ بوو ناوی خۆی پێ وتم.
بەتاڤگەی قژزەردی بڵاوبووەوەی نێو سەرووەکان پێکەنیم: لە دۆندە

(30) پلاک: تەختەی ناونیشان، کە لەپێش خانوودا هەڵیدەواسن.



زیوینەکەدا ژنە خواوەندەکەم ناسییەوە.
ئا لەو کاتەدا چارشێوەکانم یەک لە دووی یەک هەڵماڵی. لە کۆڵانەکەدا، بەبازوو ڕاوەشاندنەوە. لە دەشتاییەکە کە بەکەڵەشێرم ڕاگەیاند. لە شارە گەورەکەدا بەنێو زەنگوڵ و گومبەزەکاندا غاری دەدا، وەکو دەرۆزەکەر بەسەر شۆستە مەڕمەڕینەکەدا ڕای دەکرد، ڕاوم دەنا.
لە سەرووی کۆڵانەکەدا، نزیک دارستانی ژاڵە، بەچارشێوە کۆبووەکانی دەورمدا، کەمێکیش هەستم بەجەستە زلەکەی کرد.
کاتێ هاتنەوە ئاگا نیوەڕۆ بوو.

# گوڵ

لەسەر پەیژەی زێڕین، –لە نێو ئۆبەی ئاوریشیمین، تول خۆڵەمێشین، مەخمەڵی سەوز و لەگەنی کریستالین وەکو مسی بەر هەتاو ڕەش داگەڕاو،– دیژیتاڵ[1] دەبینیم لەسەر مافووری هێڵ زیوین دەکرێنەوە، چاو و قژیش.

پارچەی زێڕی زەرد بەسەر ئاقیقدا پەخشاوە، کۆڵەگەی دارکاژیش گومبەزێکی زومەڕەد هەڵدەگرن، چەپکە ئەتڵەسی چەرمگ و گۆچانی باریکی لەعلی دەوری گوڵەباغی ئاوینی داوە.

چەشنی خوداوەندێک چاو گەورە و شین و شێوە بەفرین، دەریا و ئاسمان جەماوەرێکی لاو و گوڵی بەهێز بەرەو هەیوانە مەڕمەڕینەکان ڕادەکێشن.

# شەوانێکی تووڕەهات

فوویەک کەلینی ئۆپرالی لە نێو بەربەستەکاندا دەکاتەوە، – جولانەوەی بنمیچە سوواوەکان دەشێوێنێ، – سنوری خانووەکان پەرش و بڵاو دەکاتەوە، – دەلاقەکان دەکوژێنێتەوە، – لە سەرووی ڕەزەکە، لەسەر پێ خۆم دابووە بەر زێرابەکە، – دابەزیمە ناو گالیسکەیەک کە بەباشی چاخەکەی خۆی بەئاوێنە قۆقزییەکانی دەسنیشان دەکرد، چوارچێوە قوپاوەکانی و قەنەفە چەماوەکانی. تەرم هەڵگری وەنەوزی من، دوورەپەرێز، خانووی شوانانەی گەلحۆبی من، گالیسکەکە بەسەر چیمەنی شارێی کاڵ بووە دادەچەمییەوە: لە خێچییەکی سەرووی ئاوێنەکەی لای ڕاستیش وێنەی مانگی ڕەنگ زەرد دەخولێتەوە، گەڵای داران، مەمکۆڵانیش، – سەوز و شینێکی یەکجار تۆخ وێنەکە داگیر دەکەن. لە خاکی بەردەڵاندا ئاژەڵەکان بەرەڵان.

– لێرە فوو بۆ باهۆز دەکرێت، سۆدۆمەکانیش– ئورشەلیمەکانیش،– ئاژەڵە

(1) دیژیتاڵ: ڕوەکێکی ژەهراوییە، بەرزە، هێشوە گوڵ دەگرێت، لە چەشنی پەنجە بەقەدیا شۆڕ دەبێتەوە.



دڕندەکان و لەشکرەکان،

– (ئایا مەیتەرەکان و ئاژەڵەکانی خەون دەگەڕێنەوە ژێر درەختە هەرە خنکاوەکان، بۆ ئەوەی تاکو چاوان نغرۆم کەنە کانیی ئاوریشمەوە)

– بمانبێرن، قامچی خواردوو بەنێو ئاوە بەخوڕەکان و خواردنەوە پەرش و بڵاوەکان، بەسەر حەپەی سەگاندا غل بینەوە...

– فوویەک سنووری خانووەکان پەرت و بڵاو دەکاتەوە.

# دەریاوانیی

گالیسکە زیوین و مسینەکان–
پێشەکی زیوین و پۆڵایینی پاپۆڕان–
لە کەفاو دەدەن.–
کۆتەرەی دڕکەکان بەرز دەکەنەوە.
تەزووەکانی لاند[2]
شوێن پاچکە فراوانەکانی کشانی دەریا،–
بازنەی بەرەو ڕۆژهەڵات دەخزێن.
بەرەو کۆڵەگەی جەنگەڵ،–
بەرەو ڕەنگە توڕدراوەکان،
کە سووچەکانیان بەر گێژەلووکەی تیشک دەکەون.

# جەژنی زستانە

تاڤگە لەپشت زنجی ئۆپێرا– کۆمیدییەکان دەزرینگێتەوە. چلچراکان دەکشێن، لە نێو باخچە و ڕەوتە نزیکەکانی میاندر[3]،– کەسک و سوورایی خۆرئاوا. حۆرییەکانی هۆراس[4] کلاوی ئیمپراتۆرییەکەمیان لەسەرە،– هەڵپەڕکێی سیبری، چینییەکانی بوشێ[5]

(2) لاند: بەو پارچە زەوییە دەوترێت کە تەنها چەند جۆرە ڕوەکێکی لێ دەڕوێت.
(3) میاندر: ڕووبارێکە لە تورکیا، دەڕژێتە دەریای ئیجەوە.
(4) هۆراس: مەبەست لە شاعیری لاتینییە.
(5) بوشێ: مەبەست لە هونەرمەندی فەرەنسییە (١٧٠٣-١٧٧٠).

## ڕاڕایی

ئایا ئەو دەتوانێ لە تمووحە پێشێلکراوە هەتا هەتایانەم خۆش بێت،- کە کۆتاییەکی فەڕ، سەردەمی نەبوونی چارەسەرکات،- کە ڕۆژێکی سەرکەوتوو لەسەر شوورەیی گێلییە قەدرییەکانمان بمانخەوێنێ؟

(ئای بۆ دارخورماکان! بۆ مرواربیەکان! ٠ بۆ خۆشەویستی، بۆ هێز! ٠ لە هەموو بەختیاری و سەربەرزییەک بەرزتر! ٠ لە هەموو بارێک و لە هەموو شوێنێکدا، ٠ئەهریمەنێک، یەزدانێک،- لاوێتی ئەم بوونەوەرەی ئێرە: من!)

با ڕووداوە لە ڕادەبەدەرە زانستییەکان و بزووتنەوەی برایانەی کۆمەڵایەتی ئازیز بن، چەشنی گەڕانەوەی لەسەرخۆی گەردن ئازادبوونی هەول؟...

بەڵام خوێنمژ[6]سالارمان دەکات، داوامان لێ دەکات ڕابوێرین لە گەڵ ئەوەی کە بۆمانی بەجێ دەهێڵێ، یا بەجۆرێکی دی، عەنتیکەتر بین.

گەوزانە نێو برین، لە نێو هەوای داهێزراو و دەریا، نێو ئازار، نێو بێ دەنگی ئاووهەوای کوشندە، نێو ئەشکەنجەی دەم بەخەندە، نێو بێ دەنگییەکی لینجی سەخت.

## شار

لە دەربەندی ئەندیگۆوە تا دەریای ئوسیان، لەسەر لمی پەمەیی و نارنجی کە ئاسمانی شەرابیی شۆریبێتەوە، هەر ئێستە سەرکەوتن و شەقامە کریستالییەکان بڕی هەر ئێستە لەلایەن خێزانە گەنجە هەژارەکانەوە نیشتەجێن کە خۆراکیان لە لای میوە فرۆشەکانە. دەوڵەمەندی نییە.- شار!

لە بیابانێکی قیرەوە لە گەڵ چینێ تەمومژی یەک لە دووی یەک بەکۆمەڵ، قێز لێ بووەوە، بەرەو ئاسمانی قوپاو، گەڕاوە، دابەزیو، دووکەڵێکی

(6) خوێنمژ (Vampire): لە بیروباوەڕە خرافاتەکانی ڕۆژئاوا، خوێنمژ هێمایە بۆ مەرگ، کە شەوان تابووتی خۆی جێ دەهێڵێ و دوای زیندوان دەکەوێت تاکو خوێنیان بمژێ.



ڕەشی دزێو دروست بوو، کە دەتوانێ ئۆقیانووس بخاتە پرسە، تەپڵەسەر، ڕەوڕەوە، گەمی، سمت، غار دەدەن.

- جەنگە!

سەر بەرزکەوە: ئەم پردە دارینە، کەوانەییە، دواباخچەی سەوزەی[7] سامەرییە[8] چرایەکی قامچی خواردوو بە شەوێکی سارد ئەم دەمامکانە ڕۆشن دەکاتەوە، پەرییە گێلە کراسی هاوارینەکە[9]، لە خوارووی ڕووبارەکە، ئەم کەللەسەر ڕۆشنانەی کێلگەی پاقلەکە- دۆناودۆنەکانی دیش- گوند.

ڕێگاکان بەپەرژین و دیوار دەور دراون، بەزەحمەت باخچەکانیان گرتۆتە خۆ و گوڵە دزێوەکانیش کە بەخوشک و دڵ ناو دەبرێن، دیمەشق ماندووی کەنەفتییە، خاوەندارییەتی ئەجندە ئەریستۆکراتییەکانی پشت ڕێنانی، یابانی، گۆرانی، هێشتا دەشبێت پێشەوازی لە مۆسیقای کەونینەکان بکەن٠ خانیش هەن هەتا هەتا داخراو٠ شازادە هەن، ئەگەریش سەرقاڵ نیت، خوێندنی ئەستێرەکان- ئاسمان٠

بەیانییەکەی لەگەڵ ئەو، لە نێو کەرتە شەختە شەڕتان کرد، لێوی کەسک، سەهۆڵ، بەیداخی ڕەش و تیشکی شین و گوڵاوی ئەرخەوانی هەتاوی پۆڵەکان[10]،- هێزی تۆ.

## بەربەری

گەلێ پاش ڕۆژان و وەرزان، بوونەوەران و وڵاتان،
بەیداخی گۆشتی خوێنینی سەر ئاوریشمی دەریاکان و گوڵی پۆڵەکان،
(بوون نییە).

(7) سەوزە(Potager): مەبەست لەو باخچانەیە کە تەرخان دەکرێت بۆ چاندنی ئەو ڕووەکانەی کە شۆربای پێ لێدەنرێت.

(8) سامەری: شارێکی کۆنی فەلەستینە، جاران پایتەختی شانەشینی ئیسرائیل بووە.

(9) هاوارین: لە هاوارەوە وەرگیراوە. بەو شتە یا ئەو کەسە دەوترێت کە سروشتی هاواری هەبێت.

(10) پۆڵ: پۆڵی باکوور و باشوورە.

گەردن ئازاد لە کەڕەنا کۆنەکانی قارەمانێتی. کەتا ئێستاش شالاو بۆ دڵ و سەرمان دەهێنن- دوور لە پیاوکوژانی پێشوو.

ئای! بۆ بەیداغی گۆشتی خوێنینی سەر ئاوریشمی دەریاکان و گوڵی پۆڵەکان، (بوون نییە).

شیرینییەکان!

کانییە هەڵچووەکان، بەرێژنەی شەختە دادەبارن، ٠ شیرینییەکان!- گڕی باراناوی بای مرواریییەکان لە لایەن دڵێکی زەمینیی هەمیشە ڕەش داگەڕاوەوە فڕێ درابێتە بەرمان.

– ئای جیهان!

(دوور لە تەمەڵخانە کۆنەکان و بڵێسە کۆنەکان، کە گوێیان لێ دەبوو و هەستیان پێ دەکرد)، کانییە هەڵچووەکان و کەفاوەکان. مۆسیقا، کەندرەکان دێنێتە هاژە و سەهۆڵە ئەستێرەیییەکان پێکدا دەدات.

ئای بۆ شیرینییەکان، ئای بۆ جیهان، ئای بۆ مۆسیقا! لێرەش، شێوە و ئارەق و قژ و چاو، سەر ئاو کەوتوون. ڕۆنەکە چەرمگەکانیش، کولاون. دەنگی مێینەش دەگاتە قوولایی ئاگرپژێن و ئەشکەوتەکانی پۆڵێن. بەیداغ...

## هەڕاج

بۆ فرۆشتن ئەوەی کە جولەکەکان نەیانفرۆشت، ئەوەی نە نەجیبزادە، نەتاوان، تامیان نەکردووە، ئەوەی ئەڤینی نەفرەت لێکراو و پاکیزەیی دۆزەخی جەماوەر نایزانێ، ئەوەی نە زەمەن و نە زانست درکی پێ نەکردووە.

دەنگە دووبارە دروستکراوەکان! هۆشیاری برایانەی گشت وزەی کۆراڵ و ئۆرکێسترالانە و تەتبیقە کتوپڕەکانیان، ڕێکەوتێکی دەگمەن، بۆ ئازادکردنی هەستەکانمان!

بۆ فرۆشتن جەستەی بێ نرخ، بەدەر لە هەموو ڕەگەزێ، لە هەموو جیهانێ، لە هەموو جنسێ، لە هەموو نەوەیەک! دەوڵەمەندییە هەڵچووەکانی هەموو



تەلاشێ!

هەڕاجی مرواری نەپشکێنراو!

بۆ فرۆشتن فەوزای جەماوەر، ڕازی بوونێکی بێ بەربەست بۆ بەهرەوەرە بەرزەکان، مەرگی دژوار بۆ دڵسۆز و دڵداران!

بۆ فرۆشتن خانووبەرە و کۆچکردن، وەرزش، گەمەی جنۆکان و فەراحییەکی تەواو و هەرا و زەنا و ئەو بزووتنەوە و ئایندەیەی کە دەیهێننە دی.

بۆ فرۆشتن تەتبیقاتی ژمارە و بازە[11] هاوئاوازە نامۆکان. پێکگەیشتنەکان و شێوازە گومان لێنەکراوەکان، دەست بەسەرگرتنە کتوپڕەکان، بازێکی شێتانە و هەتا هەتایی بەرەو درەوشانەوە نادیارەکان، بەرەو لەززەتە هەست پێ نەکراوەکان و،- بۆ نهێنییە سەمەرەکانی هەر فەسادێ-حەزێکی سامناکیش بەرەو حەشامات.

بۆ فرۆشتنە جەستە و دەنگ، دەوڵەمەندییەی کە ناهێنرێتە زمان، ئەوەی کە هەرگیز نافرۆشرێت، فرۆشیارەکان هێشتا لە هەراج نەبوونەتەوە! بەم زووانەش ڕێبوارەکان کالاکانیان نادەنەوە.

## ئەجندە

### 1

لە پێناوی هێلێندا، شیلەی درەختە ڕازاندنەوەکانی ژێر سێبەری عازەبان و بریقە هێمنەکانی بێدەنگی ئەستێران یەکیان گرت. گەرموگوڕی هاوین بەئامانەت درایە باڵندە لاڵەکان و فەرێکی پێویستیش درا بەگەمییەکی پرسەداری نرخ نەزانراو لەلایەن دەسکی ئەڤینە مردووەکان و گولاوە پەرت و بلاوەکان.

– پاش وچانی ئاوازی دارفرۆشان لە نێو دەنگەدەنگی سێلاوێکی ژێر کەلاوەکانی دارستان، زەنگوڵەکانی ئاژەلانیش لە زایەڵەی نێو دۆڵ، قیژە و هاواری دەشتاییییەکانیش.

(11) باز: مەبەست لە بازدانە.

لە پێناو منداڵیی هێلێن فەروو سێبەر هەڵلەرزین. سینەی هەژاران و ئەفسانەکانی ئاسمان.
چاوەکانیشی و سەما بەرزەکەشی، تەنانەت لە نێو بریقە نایابەکانیش، لە نێو کارلێکردنە ساردەکان و لەززەتی دیکۆر و ساتە دەگمەنەکان.

## جەنگ

2

لە منداڵیدا هەندێ ئاسمان بینامیانی تیژ کرد: هەموو کارەکتەرەکان فیزیۆنومیمیان جوێ کردەوە. دەردەکان تووشی کارلێکردن هاتن، ئێستە، دووپات بوونەوەی ئەبەدی ساتەکان و بێ کۆتایی ماتماتیکەکان لەم جیهانە دەرم دەکەن کە تووشی هەموو سەرکەوتنە مەدەنییەکان هاتم، منداڵییەکی نامۆ و سۆزێکی فراوانە، ڕێزلێگیراوم.- خەون بەجەنگێکەوە دەبینم، بەماف و هێزەوە، بەلۆژێکی دەرک پێ نەکراوەوە.
ئەمەش ئاسانە چەشنی ڕستەیەکی مۆسیقایی.

## لاوێتی

1

### یەکشەممە

حیساباتەکان لەلایەک، دابەزینێکی بێ مەفەری ئاسمان و زیارەتی یاداشتەکان و وانەی کێش و خانوو و سەر و جیهانی فیکریش داگیر دەکەن.
- ئەسپێک خێرا لە گۆڕەپانی قەراغی شار، بەدرێژایی کێڵگە و دەوەنەکاندا غار دەدات، ڕشانەوەیەکی خۆڵەمێشین بەرەڵای کردووە. ئافرەتێکی کۆڵەواری دراما، لە شوێنێ، لە جیهان، لەپاش دەستبەرداریییەکی چاوەڕوان نەکراو، دەناڵێنێ.
چەتەکان پاش ڕەشەبا داهێزراون، سیامەستیی و برین. زارۆڵەکان



بەدرێژایی ڕووبارەکان خنکاوی دەستی نەفرەتن.
دەست بەدەرز بکەینەوە لە نێو هەراو و هوریای کارێکی لووشدەر کە لە نێو حەشامات گرت دەبێتەوە و بەرز دەبێتەوە.

2

## سونێ*

پیاوێکی بنەما ئاسایی، ئایا لەش وەکو مێوەیەک هەڵواسراوی باخچە نەبوو، ئای بۆ ڕۆژگارانی منداڵی! جەستە گەنجینەیەک بوو بۆ بەفیڕۆدان!- ئای بۆ خۆشەویستی، ترس، یا هێزی دەروون[12]؟ خاک ئەم دیوو ئەو دیوێکی بەپیتی لە میر و هونەرمەنداں هەبوو، لە نەوە و ڕەگەز کە بەرەو تاوان و پرسە پاڵی پێوە دەنان:
جیهان بەخت و ترستانە. بەڵام ئێستە، ئەم کارە تەواو، تۆ حیسابەکانت، تۆ، بێوچانەکانت، ئێستە تەنها سەما و دەنگتان هەن، دیاری کراو نین و زۆرلێکراو نین، سەرەڕای ئەم وەرزی ئافراندن و سەرکەوتنە،- لە مرۆڤایەتی برایانە و نهێنی لە نێو گەردوونێکی بێ وێنە،- تەنها ئێستە هێز و ماف سەما و دەنگی بەنرخ ڕەنگ دەدەنەوە.

## بیست ساڵ

3

دەنگە دانشە دوورخراوەکان... پاکیزەیی جەستە بەتاڵیی داڕوخاوە... ئادازێو، ئای خۆپەرستییە هەتا هەتاییەکەی هەرزەکاری! گەشبینییەکی چالاک: ئەم هاوینە جیهان چەندێ پڕ لە گوڵ بوو! ئاواز و شێوە مردووەکان... جۆقە، بۆ هێمن کردنەوەی بێ توانایی و ونیی! جۆقەیەک لە

(*) جۆرە شیعرێک لە چواردە دێڕ پێک دێت.
(12) دەروون (Psychè): مەبەست خودای دەروونە لە میتولوژیای یۆنانی کۆندا، لەمەوە وشەی سایکلۆژی یا بسیکۆلۆژی دادەڕێژرێ.

شووشە و لە ئاوازە شەوینەکان... لە ڕاستیدا دەمارەکان خێرا هەڵدەچن.

### 4

هێشتا لە ئەزموونی[13] پیر- ئەنتوان دایت. یارییە گەرموگوڕەکان هەڵقاچێنراون، تیکی[14] فیزی منداڵانە و داڕوخان و سامناکی.
بەڵام تۆ دەست بەم کارە دەکەی: هەموو پێداویستییە هاوئاوازییەکان و ئەرشیتەکتورەکان لە دەوری تەختتدا تووشی کارلێکردن دێن. بوونەوەری تەواو، چاوەڕێ نەکراو دەچنە ژێر ڕکێفی تاقی کردنەوەکانتەوە. لە دەوروبەرت، خەواڵووانە هەڵدەچن فزولیەتی حەشاماتە کۆنەکە و کەشخەیی ڕابواردنێکی پووچ. یاداشت و هەستەکانت تەنها دەبنە خۆراکی هێزی ئافراندنت. بەڵام جیهان، پاش ڕۆیشتنت چی بەسەر دێت؟ لە هەموو حاڵەتێکدا، لە ڕووکەشی ئێستەدا، هیچ شتێک نییە.

## شاخە دەریا*

کازێوەی زێڕین و ئێوارەی هەڵلەرزاو، بەپانایی ئەم خانووە گەمییەکان دەدۆزنەوە، لەگەڵ دەوروبەرەکەش شاخە دەریایەک پێک دەهێنن چەشنی ئیپیر و پیلوپۆنێز[15] دەکشێن، یا چەشنی دوورگە یابانییە گەورەکە، یا سارای عەرەب! چوونە ژوورەوەی نوێژکەران پەرستگاکان ڕۆشن دەکەنەوە، دیمەنە فراوانەکانی قەڵای کەنارە نوێیەکان، تەپۆڵەکان بەگوڵی گەرم و جەژنی سۆزانییەکان ئارایش بوو، جۆگەلە گەورەکانی قەرتاجە و شۆستەکانی ڤینیسیای تەماوی، هەڵچوونە خاوەکانی ئیتان و[16] درزی

(13) ئەزموون: لێرە بەمانا مەسیحییەکەی بەکارهێنراوە. مەبەست لەو ئەزموونەیە کە خودا مرۆڤی خۆی پێ تاقی دەکاتەوە.
(14) تیک (Tic) بەو جۆرە جولانەوە دەوترێت کە لە مرۆڤ توانای ئەوەی نییە کۆنترۆڵی بکات.
(*) شاخە دەریا: جۆرە شاخێکە بەسەر دەریادا دەکشێ و بەرز دەبێتەوە.
(15) ئیپیر: ناوچەیەکە لە یۆنان. پیلۆپۆنێز: نیمچە دوورگەیەکی یۆنانییە.
(16) ئیتان: چیایەکی ئاگرپڕژێنە لە ئیتالیا.



گوڵان و ئاوی شەختە، حەوزی جل شوشتنەکان بەچناری ئەڵمان دەوردراوە، بناری باخچە دەگمەنەکانیش لە سەرووی درەختە یابانییەکانەوە شۆڕ دەبنەوە، سیمای[17] بازنەیی «ڕۆیاڵ» و «گران»ی سکاربلو یا برۆکلین، هێڵە ئاسنینەکانیان لە تەنیشت، یا لە قوولایی یا لە سەرووی ئەم میوانخانە هەڵبژاردەییانەی هەموو مێژووی خانووبەرە هەرە نایابەکان و نامۆکانی ئیتالیاو ئەمەریکا و ئاسیان، کە پەنجەرە و هەیوانەکانیان کە ئێستە پڕن لە ڕۆشنایی و خواردنەوە و شەماڵی دەوڵەمەند، کراونەتەوە بۆ ئەندێشەی ڕێبواران و نەجیبزادان· - کە ئامادەن بەو ڕۆژگارە بۆ تارانتیلەکانی کەنار· بەڵکو بۆ گۆڕانییەکانی نشێوەکان کە نیشانەی هونەرن، بۆ ئەوەی بەجۆرێکی بەرز سیمای کوشک- شاخەکە برازێنێتەوە.

## دیمەن

کۆمیدی کۆن دوای تەباییەکان دەکەوێت و غەزەلەکان دابەش دەکات:
شەقامەکانی تەختەی شانۆ،
شۆستەیەکی درێژی تەختە بەدرێژایی کێڵگەی بەردین کە حەشامەتێکی بەربەری لەژێر درەختە بێ گەڵاکاندا ڕێ دەکەون، هەیە.
لە نێو قاوشە بەتول دروستکراوەکان، کەوتنە دوای هەنگاوی پیاسەکەرانی ژێر فانۆز و گەڵاکان.
باڵندە تەلیسماوییەکان[18] دەکەونە سەر پردێکی بزۆک کە لەلایەن «ئارشیپێل»ەوە دەجولێتەوە و بەبەلەمی بینەران داپۆشراوە.
دیمەنە لیریکییەکان لەگەڵ دەنگی شمشاڵ و دەهۆڵ دەچەمێنەوە نێو حەشارگە ڕیزبووەکانی بن میچەکان، لە دەوری ساڵۆنی یانە نوێیەکان یا ساڵۆنە ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکان.
دیمەنی ئەجندانە لە دۆندی پەیژە شانۆییەکاندا پێشکەش دەکرێت کە

(17) سیما: لێرە لە جیاتی «واجهە» بۆ خانووبەرە بەکارهێنراوە.
(18) باڵندە تەلیسماوییەکان: لێرە ڕامبۆ مەبەستی لەو ئەکتەرانەیە کە دەمامکی باڵندەیان لە سەر ڕوخسارە.

بەدەوەن دەور دراوە،– یا دەجولێتەوە و شەپۆل دەدات لە پێناوی بیۆتیندا[19]، لەژێر سێبەری دەوەنە لەراوەکاندا لە ترۆپکی کێڵگەکاندا.
ئۆپێرا– کۆمیک[20] لەسەر تەختەی شانۆکەمان دابەش دەبێت لە لوتکەی پێکگەیشتنی دە پەردە کە لە هۆڵە ئاگرینەکەدا بەرز دەبێتەوە.

## ئێوارەیەکی مێژوویی

لە ئێوارانێکدا، بۆ نموونە، گەڕیدەیەکی ساویلکە خۆی دوورەپەرێز لە کارەساتە ئابووریکانماندا ڕادەگرێت، دەستی مامۆستایەک یاری بەکلاڤسانی[21] کێڵگەمان دەکات، لە قولایی گۆلەکە قومار دەکرێت، نەینۆک، شازادە و قشتۆلەکانی دەهێنێتەوە ئارل، پیر– ژنان و[22] چارشێومان هەیە و هەودای هاوئاواز و ڕەنگە ئەفسانییەکان سەر خۆرئاواش.
موچرک بەگیانیا دێت کاتێ ڕاوچی و حەشامات تێدەپەڕن. کۆمیدی دەتکێتە سەر تەختەکانی سەر چیمەن و پەشێوی هەژاران و بێ دەسەڵاتی سەر ئەم تەختە گەلحۆیانە!
لەڕوانگەیدا کۆیلە٠ ئەڵمانیا بەرەو مانگەکان سەردەکەوێت، بیابانە تەتەرییەکان ڕۆشن دەبنەوە٠ یاخی بوونە کۆنەکان لەناو چەقی ئیمپراتۆری ئاسمانییەکاندا دەمرخێنن، لەسەر پەیژە و قەنەفەکانی پاشادا٠ جیهانێکی بچووک و کاڵ و بێ گرێ، ئەفریقا و ڕۆژئاوا دادەمەزرێنن. پاشان بالیەکەی دەریایی و شەوانی ناسراوی کیمیایەکی بێ کێش و ئاوازێکی مەحاڵ.
هەمان سیحری بورژوازی لە هەموو خاڵەکاندا کاتێ کە گالیسکە داماندەبەزێنێ!
فیزیاناسێکی هەرە سەرەتایی هەست بەوە دەکات کە چوونە ژێر ڕکێفی ئەم

(19) بیۆتین: میللەتێکن لە یۆنانی کۆندا، بەعەقڵ سووکی بەناوبانگن.
(20) کۆمیک: مەبەست لە کۆمێدییە.
(21) کلاڤسان: ئامێرێکی مۆسیقایە وەکو پیانۆ وایە.
(22) پیر– ژنان(Saintes): قدیسات، وشەیەکی داڕێژراوە.



ئاووهەوا شەخسییەوە مەحاڵە، تەمی پەشیمانی جەستەکە هەر تێبینی کردنی خۆی لە خۆیدا ئازارێکی گەورەیە!
نەخێر!٠ بۆ ساتێکی گەرماو[23] و دەریا قەپینراوەکان و گڕە ژێر زەمینییەکان و ئەستێرە ڕاگوێزراوەکە و لەناوبردنە شێلگیرانەکان و ئەو یەقینانەی کە بەکەمۆکەیەک فێڵەوە لەلایەن تەورات و خوداوەندانی قەدەرەوە ئاماژەی بۆ کراون.– سەرەڕای ئەمەش، ئەمە هیچ شوێنەوارێکی ئەفسانەیی نییە.

## بۆتۆم*

واقیع گەلێ دڕکاوییە بۆ میزاجی گەورەی من– سەرەڕای ئەمەش خۆم لەلای خاتوون دەبینمەوە، باڵندەیەکی گەورەی خۆڵەمێشینی سپیم– بەرەو ڕازاوەی بنمیچ دەردەپەڕم، باڵەکانم لە دووی خۆ بەرەو تاریکی ئێوارە ڕادەکێشم.
لەژێر پێی قەرەوێلەکەی بووم، تەحەمولی خشڵ پەرستن و شاکارە جەستەییەکەیم دەکرد، ورچێکی زلی پۆک وەنەوشەیی تووک سپی لە خەم و خەفەت، پڕ چاوانیش کریستاڵ و زیوی مێزەکان.
هەموو شتێ بووە تاریکی و حەوزی ماسی کلّپەدار. بەیانی،– کازیوەی حوزەیرانی جەنگاوەر– بەرەو کێڵگەکان غارم دا، کەر ئاسا، زەنگوڵ لەراوە و بەگلەیی، تاکو سابینەکانی[24] دەوروبەر هاتن و خۆیان فڕێ دایە بەر لموزم.

H

هەموو سەرسەختییەک ئابڕووی جوولە سامناکەکانی هوتەنس دەبات. تەنیاییەکەی میکانیکی ئیرۆتیکە، داهێزرانی دینامیکی ئەڤینە. لەژێر چاودێری منداڵییەی کەی، لە چاخە زۆرەکاندا، کلّپەی پاکیزەی ڕەگەزەکان

(23) گەرماو: لێرە مەبەست لەو گەرماوانەیە کە هەڵم ڕۆڵی گەورەی تێدا دەبینێ.
(*) بۆتۆم: ناوی قارەمانێکی شانۆگەرییەکی شکسپیرە: خەونی شەوێکی هاوینانە.
(24) سابین: مەبەست لە کیژۆڵەیە.

بوو. دەروازەکەی بۆ کوێرەوەری لەسەر پشت بوو. لێرە، ورەی بوونەوەرانی ئیمرۆ بەسۆز و کردەوەی هەڵدەوەشێتەوە.- ئای بۆ ڕاچەڵەکینێکی سامناکی عەشقە سەرەتاییەکانی خاکی خوێناوی نێو هایدرۆجینی[25] ڕۆشنکەرەوە! هۆرتەنس بدۆزنەوە.

## بزووتنەوە

بزووتنەوەیەکی پێچاوپێچی سەرگوێی ئەو ڕووبارەی کە شۆڕ دەبێتەوە.
خەرەندی پاشکۆی پاپۆڕ،
خێرایی کەپرەکە،
تێپەڕینی فراوانی ڕووبارەکە،
بەرەو ڕووناکییە نامۆکان دەیبەن
نوێی کیمیاویانە
ڕێبوارن بەستوونی ئاوی دۆڵەکە دەور دراون و
بەڕووبارەکەش.
ئەمانە داگیرکەرانی جیهانن
لە سەروەتی کیمیای شەخسی دەگەڕێن،
وەرزش و فەڕ لە گەڵیاندا سەفەر دەکات،
پەروەردە لە گەڵ خۆیان دەهێنن
ڕەگەز و چین و ئاژەڵان، لەسەر ئەم پاپۆڕە دان،
پشوو و گێژ بوون
لەژێر ڕووناکی لەهی
لە ئێوارە سەرسامەکانی دەرزوتنەوە.
لەبەر گفتوگۆی نێوان ئامێرەکان- خوین، گوڵان، ئاگر، خشڵ-
حیساباتی هەژاوی سەر ئەم پاپۆڕە ڕاکردووە
- دەبینرێت، وەکو بەندەری ئاوی بەرەو ئەو دیو ڕێگا ئاوییە پاڵپێوەنراوەکان غل دەبێتەوە

(25) مەبەست لە چرایەکە کە بەگاز کار دەکات.



زل، هەتا هەتا ڕووناک،- ستۆکی[26] دەرزەکانیان،
ئەوان لە عیشوەی هاو ئاواز دەرکراون
لە قارەمانێتی کەشف کردن.
بەرەو ڕووداوە ئاوهەواییە هەرە سەرسوڕێنەکان
جووتێ لاو لەسەر پردی پاپۆڕەکە لاتەریک دەوەستن
- ئایا کێوێتی کۆنە کە لێی دەبوورین؟
گۆرانی دەڵێن و خۆ مەلاس دەدەن.

## دڵسۆزی*

بۆ لویز ڤانامین و فورینگیمی خوشکم. کلاوە شینە ڕەهبانییەکەی بەرەو دەریای باکوور وەردەچەرخێ،- لە پێناوی خنکاواندا.
بۆ لیۆنی یوبوا داشبی خوشکم. سلاو- گیای هاوینە منگەیان دێت و بۆنیان کردووە.
- لە پێناوی تای دایکان و زارۆڵان.
بۆ لولو- شەیتانەکە- کە زەوقی بۆ زەمانی دەستە خوشکەکان[27] و پەروەردەی نیوەچل ماوە. بۆ پیاوان! بۆ خاتوون***
بۆ ئەو هەرزەکارەی کە بووم. بۆ ئەو پیرەمێردە، زاهید یا مۆژدەدەر. بۆ هزری هەژاران. بۆ عاریفە هەرە بەرزەکاران.
هەروەها بۆ هەموو ئاینزا و مەزارانە و ئەو ڕووداوانەی کە بەرەو ڕووی دەچین، بەهۆی سروشێکی ساتییەوە یا فەسادە شێلگیرەکانی خۆمان.
ئەم ئێوارەیە لە سیرستێوی بەفر بەرزە، چەور، ماسی ئاسا و ڕۆشن هەر وەکو دە مانگە سوورەکە،- (دڵی لەعنەبەر و سپونک)،- لە پێناوی ئەم نوێژە تاقانە و بێدەنگم چەشنی ناوچەکانی شەوێکی پێشی ئازایەتییەکی

(26) ستۆک: ئیحتیات.
(*) دڵسۆزی: لێرە بەمانا ئایینیەکەی بەکار هێنراوە.
(27) دەستە خوشکان: ناونیشانی کۆمەڵە شیعرێکی پۆل ڤیرلێنە.

هەرە سەختی پاشەگەردانی پۆلێن بکەویت.
بۆ هەموو نرخێک و لەگەڵ هەموو ئاوازێ، تەنانەت لەناو سەفەرە میتافیزیکییەکانیشەوە.- بەڵام ئیتر ئەو کاتە نا.

## دیمکراسی

«بەیداغ بەرەو دیمەنی پیس دەچێت و شێوە زمانەکەی ئێمەش دەنگی دەهۆڵ دەخنکێنێ.
«لەبنکەکاندا گەشە بەلەش فرۆشتنە هەرسەگانەکان دەدەین. شۆڕشە لۆژیکەکان لەناو دەبەین.
«لە وڵاتانی بێبەر و چوڕاوگەدا- لە خزمەتی چلێسترین زۆرداری پیشەسازی یا سەربازی داین.
« ماڵ ئاوا، لێرە و لە هەموو شوێنێکی دی. موتەتەویعین، فەلسەفەیەکی درندەمان دەسگیر دەبێت، نەزان لە بارەی زانستەوە، فێڵباز لە پێناوی خۆشگوزەرانی، تەقینەوە بۆ جیهانێ کە ئاوا دەبێت. ڕەوتێکی ڕاستەقینەیە. بەرەو پێشەوە، بکەونە ڕێ».

## بلیمەت

میهرەبانی و ئێستایە چونکە خانوویەکی واڵای دروست کرد بۆ زستانێکی کەفاوی و هەرا و هوریای هاوینە، ئەو خواردن و خواردنەوەکانی پاکژ کردەوە، ئەو سیحری شوێنە ڕاکردووەکان و لەززەتە لە ڕادەبەدەرەکانی وێستگەکانە. ئەو میهرەبانی و دوا ڕۆژە، هێز و خۆشەویستییە کە ئێمە بەڕاوەستاوی لە نێو هاریی و بێزارییدا، لە ئاسمانی گەردەلوولاوی و بەیداخەکانی عیشوەدا دەیبینین تێدەپەڕن.
ئەڤینە، پێوەرێکی تەواو و ئەفراندرێت، عەقڵێکی سەمەرە و چاوەڕوان نەکراو و ئەبەدییەت: ماکینەی خۆشەویستیی سیفەتە قەدەرییەکانە.
هەموو ترسمان لێ نیشت لە دەستبەرداری ئەو هی ئێمە: ئای بۆ لەززەتی تەندروستیمان، قەڵەمبازی سیفەتەکانمان، میهرەبانی خۆپەرستی و



سۆزیش بۆی، ئەو ئێمەی بۆ ژیانی ئەبەدی خۆی خۆش دەوێ...
ئێمە گازی دەکەین و ئەو سەفەر دەکات... ئەگەر پەرستن کۆچ کات، بزرینگێتەوە، بەڵێنەکەی بزرینگێتەوە: «پشتی ئەم خەرافەتانە، ئەم جەستە کۆنانە، ئەم گوزەران و ئەم چاخانە. ئا ئەم سەردەمەیە کە تاریک داگیرساوە!».
قەت ناڕوات، لە ئاسمانیش چیدی نایتە خوارێ، قوربانی تووڕەیی ژنان و دڵخۆشی پیاوان و ئەگەر گوناهەش ناهێنێتە دی: کار کۆتایی هات، چونکە بوونەوەر و چونکە خۆشەویستێکە.
ئای بۆ هەناسەکانی، سەرەکانی، غاردانەکانی، خێراییە سامناکەکەی بۆ تەکامولی شێوەکان و کردارەکان.
ئای بۆ فەڕی هزر و فراوانی کەون!
جەستەی! بەرەڵاییەکی خەون پێوە بینراوە، شکستی میهرەبانییەکی چەماو بەتوند و تیژییەکی نوێ!
دیدەی، دیدەی! هەموو کڕنۆشە کۆنەکان و ئازارە یەک لە دووەکانی دی!
ڕۆژگار، لە ناودانی هەموو ئازارە دەنگدار و لەراوەکانی مۆسیقا هەرە بەگوڕەکانە!
هەنگاوی! کۆچە هەرە گەورەکانی غەزووە کۆنەکانە.
ئای بۆ ئەو و ئێمە! فیزێکی هەرە وریا لە سەدەقە ون بووەکانمان.
ئای بۆ جیهان! سترانێکی ڕوونی کارەساتە نوێیەکان!
هەموومانی ناسی و هەموومانی خۆشویست. با بزانین، ئەم شەوی زستانەیە، لەم شاخە دەریایەوە[28] بۆ ئەوەی دی، لە پۆلی هەژاوەوە بۆ کۆشک، لە حەشامەتەوە بۆ کەنار، لە تەماشاوە بۆ تەماشا، بۆ هێز و هەستی داهێنراو، بانگی بکەین و ببینین وەڕەوانەی کەینە ژێر شەپۆلان و بەرزایی بیابانی بەفر، دوای دیدە و هەناسە و جەستە و ڕۆژگاری بکەوین.

(28) شاخە دەریا: بەهەمان مەبەستی قەسیدەی شاخە دەریا بەکار هێنراوە.

# پێڕست

وەرزێک لە دۆژ ........ 6
پێشەکیی وەرگێڕ ........ 7
پێشەکیی ڕونێ شار ........ 13
*** ........ 22
خوێنی پیس ........ 23
شەوی دۆزەخین ........ 31
وڕێنەکان 1 ........ 34
وڕێنەکان 2 ........ 39
گۆرانییەک لە هەرە بەرزترین بورجەوە ........ 41
برسێتی ........ 42
مەحاڵ ........ 46
برووسکە ........ 49
بەیانی ........ 50
ماڵئاوا ........ 50
درەوشانەوە ........ 53
پاش لەهی ........ 55
منداڵیی 1 ........ 56
2 ........ 57
3 ........ 58
4 ........ 58
5 ........ 59
حیکایەت ........ 59
پێشانگا ........ 61
پەیکەرێکی کۆن ........ 62
بوونەوەری جوانیی ........ 62
ژینەکان 1 ........ 63
2 ........ 63
3 ........ 64
سەفەر ........ 64
شاهانە ........ 65
بۆ عەقلێک ........ 65



چێشتەنگاوێکی مەستانە ........ 65
ڕستە ........ 66
کرێکاران ........ 68
پردەکان ........ 68
شار ........ 69
شوێن پاچکە ........ 69
شاران ........ 70
دوو دەرۆزەکەر ........ 71
شاران ........ 72
ئێشکگرتن 1 ........ 74
2 ........ 74
سۆفیگەری ........ 75
کازێوە ........ 75
گوڵ ........ 77
شەوانێکی توڕەهات ........ 77
دەریاوانیی ........ 78
جەژنی زستانە ........ 78
ڕاڕایی ........ 79
شار ........ 79
بەربەری ........ 80
هەڕاج ........ 81
ئەجندە 1 ........ 82
جەنگ 2 ........ 83
لاوێتی 1 یەکشەممە ........ 83
2 سونێ ........ 84
بیست ساڵ 3 ........ 84
4 ........ 85
شاخە دەریا ........ 85
دیمەن ........ 86
ئێوارەیەکی مێژوویی ........ 87
بۆتۆم ........ 88
H ........ 88
بزووتنەوە ........ 89

دڵسـۆزی ........ 90
دیمکراسی ........ 91
بلیمەت ........ 91
پێـڕست ........ 93